هەندرێن شێخ راغب

# عێراق..
# دەوڵەتی فیشەک...



2018

عێراق... دەوڵەتی فیشەک...
هەندرێن شێخ راغب

# عێراق..

# دەوڵەتی فیشەک...

هەندرێن شێخ راغب

2018

ناوی کتێب: عێراق..دەوڵەتی فیشەك

نوسەر: هەندرێن شێخ راغب

تایپو هەڵەبڕ: نوسەر

دیزاین: نیگار مەحمود

ساڵ: 2018

چاپخانە: دیلان

نرخ: 3000 هەزار دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(       ) ی ساڵی (2018)ی پێدراوە.

پێشکەشە بە (هەڵگورد) ی برام،
ژیانی خۆی پێشکەش بە هەمومان کرد.

# ناوەڕۆك:


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| 1-باس کردن لە دیکتاتۆری | 9 |
| 2-ئارامی عێراق | 13 |
| 3-بستێك زەوی بۆ نەکوشتن! | 21 |
| 4-عێراق لەنێوان | 24 |
| 5-ئایا عێراق مۆدێلێکی تازەیە؟ | 35 |
| 6-ئەمریکیەکان سەربازەکان دەبەنەوەو..... | 38 |
| 7-دیموکراسی گاگۆڵکە دەکات | 41 |
| 8-سوننەکان ناوەستن | 43 |
| 9-بەڵێ بەغدا پایتەختێکی کراوەیە! | 45 |
| 10-عێراق سوپەرمارکێتی کێشەکانە | 47 |
| 11-نەمانی تەوافوق | 49 |
| 12-عێراق هەڵە دەکات | 53 |
| 13-پرۆسەی ئازادی عێراقی دووەم | 55 |
| 14-بۆ ئەمریکا حەز دەکات | 57 |
| 15-بەیانی عێراق تاقیکردنەوەیەکی | 59 |
| 16-خیانەتی نەتەوەیەکگرتوەکان | 61 |
| 17-عروبە | 63 |
| 18-هێشتا دواهەمین سەرباز لە کوێتە! | 65 |
| 19-کێ عێراق دەفرۆشێ؟ | 68 |
| 20-چۆن ناکۆکیەکان | 71 |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| 21- پێنج ساڵ لەنەمانی بەعس و | 75 |
| 22-کێ دەیەوێت بەتەنیا | 89 |
| 23-عێراق بەدەست ئەوانی دییەوە | 93 |
| 24-عێراق هێلانەیەك بۆ گەندەڵی | 96 |
| 25-هەڵوەشانەوەی حکومەت | 99 |
| 26-حکومەت لەبەغدا دروست دەکرێ | 103 |
| 27-کام حکومەت؟ | 106 |
| 28-کارەباو فەتوا | 109 |
| 29-کێشەکانی بەغدا | 111 |
| 30-ئەم وشەیە مەترسیدارە | 114 |
| 31-کوردی عێراق | 117 |
| 32-مانشێتەکان هێمنمان دەکەنەوە | 121 |
| 33-موعجیزەیەك بۆ عێراق | 124 |
| 34-عێراق بازنەی | 127 |
| 35-کوێ پایتەختی عێراقە؟ | 135 |
| 36-عێراق جێگای گومانە | 137 |
| 37-ئەرێ کاتی ریفراندۆم نیە؟ | 140 |
| 38-ژیان بۆتە شانۆی سیاسیەکان | 143 |
| 39-ترسان لە کورد | 146 |
| 40-ترسی شیعە، ترس لە شیعە | 149 |
| 41-عێراقی نوێ وەهمە | 153 |
| 42-گرفتی خاوەنداریەتی عێراق | 157 |

# پێشەکی:

ناوەڕۆكی نوسینەكانی نێو ئەم كتێبە، پێش چەند روداوێكی گرنگی ناو عێراقو كوردستانن، وەك: پەیدابونی داعشو چیرۆكی هەزار شێوەی داعش، ئابوری سەربەخۆو چیرۆكی برسیەتیو قەیرانی دارایی هەرێم، ئەنجامدانی ریفراندۆمو لێكەوتەو دەركەوتەی دوای ئەم پرۆسەیە، داگیركردنەوەی كەركوكو ناوچە دابڕێندراوەكانو پاشەكشەی هێزی پێشمەرگە لە 51% خاكی كوردستان. گۆڕانی سیاسەتی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی دەرهەق بە كورد. بەڵام كاتێك هەموو نوسینەكانی دەخوێنیتەوە، هەست ناكەیت لەدەرەوەی روداوەكانی سەرەوەن، بەڵكو رێك بۆ ئەم روداوانەی سەرەوە نوسراون، راستە زەمەنو دەربڕینو خوێندنەوەكانی ناونیشانێكی دیكەن، بەڵام بە ناوەڕۆك وەك یەك..هەندێ لێكدانەوەی جیاوازی دیكەی تێدایە، ئەگینا زەمینەی روداوەكانو مەترسیەكانو جەنگەكان و چیرۆكەكان لە بن وشەكانەوە سەیرت دەكەن.

ناوی كتێبەكەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرت، كە ئەوەی دەوڵەتو كۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، لۆژیكی هێزە. هێز لەسەروی دەستورو یاساو رێككەوتنەكانە. لۆژیكی هێز قولایەكی گەورەی لە بیری بەڕێوەبەرانی عێراقدا هەیە. هیوام ئەوەیە بۆ ناسینەوەی عێراقی دوای نەمانی صەدام، ئەم كتێبە كۆمەكێك بەخوێنەری بەڕێز بكات.

## باس کردن لە دیکتاتۆری

یەکێك لە روناکبیرانی کورد، لە کۆڕێکدا گوتی: ئێمە وەکو داگیرکەر بەعسمان لەناوبرد، بەڵام وەکو دیکتاتۆر لەناومان نەبردووە. ئەم روناکبیرە مەبەستی لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان بوو دژی بەعس. بەڵام لەراستیدا ئەم قسەیە بۆ ئەمریکیەکانیش راستە، چونکە سیستەمی سیاسیو دەسەلاتی دوای صەدام لە عێراقدا، راستیەکی حاشا هەڵنەگر دەردەخات کە بەڵێ ئەمریکا هاتو صەدامی لەناوبردو سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەوی نەهێشت، بەڵام صەدام حسێن وەکو دیکتاتۆریو بیرکردنەوەی تاك رەوی لە عێراقدا زیندووە. بێگومان ئەمەش گرفتی گەورەو سەرەکی بەردەم ئێستای ژیانی سیاسی عێراقە. ئێمە دەمانەوێت وێنە خراپەکانی دەسەڵات چیتر نەیەتەوە بەرچاومان، بەڵام لە عێراقی ئەمڕۆدا ئەم وێنانە بە سیاسەتوهەڵسوکەوتی تر دێنەوە بەرچاومان، ئەگەر تێبینیش بکەین شتێکی تر واقعی داگیرکردووە کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو ئیداریو فەرمانڕەواییە لە عێراقدا، ئەمەش وایکردووە هاولاتی بڵێت: خۆ هیچ نەگۆڕاوە. ! ئایا ئەمە مەترسی نیەو جێگای ئەوە نیە جارێکی تر بە تێگەیشتنمانو ئیش کردنمان بۆ دیکتاتۆری بچینەوەو هاولاتیەك پێ بگەیەنرێت کە ترسی لە ئێستا نەبێتو بەو ناشیرینە مامەڵەی لەگەڵ نەکات. لەناو راگەیاندنو میدیای عێراقی وێنە ناکۆکە جێگا

مەترسیەکان رۆحمان دەگرنو دڵت توند دەبێت کە هەندێ دەنگی توند لەناو میدیای عێراقی گوێ بیست دەبیت. وەك ئەوەی ئێمە ئەو هەوڵەی داومانە بۆ گۆڕانی عێراقو دروست کردنەوەی عێراقی نوێ، هەمووی بەرەو داهاتویەکی خراپ بڕوات. ئەمرۆ لەعێراقدا چەندە گرنگە بەردەوام باس لە دیکتاتۆری بکرێت، دوو ئەوەندە گرنگە باس لەدیموکراسیو هۆشیاری دیموکراسی بکرێت، چونکە ئەگەر تاکێك لەناو ئەم کۆمەڵگایە نەزانێت دیموکراسی چیەو هۆشیاری نەبێت، نەزانێت لەناو سیستەمی دیموکراسی چۆن مافەکانی دیاری کراون، چۆن دەکرێت داوای لێ بکەیت هاوڵاتیەکی بەشدار بێت لە بیناکردنی دیموکراسی. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین تاکی ئەم کۆمەڵگایە لەهۆشیاریو تێگەیشتنی چەمکی دیموکراسی ئاگادار بکەین، ئینجا بڵێین بەرێز فەرموو بەشدار بە لە بیناکردنی. کاتێك دەتەوێت ئەوی بەرامبەر تێبگەیەنیت لەسەر کارەساتەکانی دیکتاتۆری، ئەوا لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێی بڵێیت دیموکراسیش ئەوەیەو راستی لەلای ئەو سیستەمە بەو جۆرەیە. هەرچەندە عێراق دەوڵەتێکە پڕە لەناکۆکی خوێناوی دەیان گروپو هێزو بیرکردنەوەی جیاواز، بەڵام وە نەبێت هێزێك نەبێت کە تێکۆشان بکات بۆ ئەوەی ئەم عێراقە لەم ناکۆکیانە دەرباز بکات. بەس ئەو هێزە نەبۆتە نوێنەرێکی کاریگەرو بەهێزی خەڵکی عێراق، بۆیە پێگەی لاوازەو بەرنامەکانی هەر زوو بە دەست چەند فەتوایەك دەخنکێرێن. ئەمڕۆ عێراق بە سیستەمێکی پەرلەمانیوفیدراڵیو دیموکراسی ئارام دەبێتەوەو دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی، نەوەکو بەو نەفەسەی کە ئێستا عێراق بەرێوەدەبات. رۆژێك تەبانو رۆژێك ناکۆكو جێگای هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیو مافەکانی یەکتر. ئەو دەیەوێت دەستور بگۆڕێتو ئەوی تر بەتوندی دەستی پێوە گرتووە بۆ ئەوەی دەستکاری نەکرێت. ئەمەش مانای وایە ناکۆکیەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیو نیشتمانیو متمانەدارانە بەرێوە ناچنو مەترسی هەیە. ئەوەتا رۆژانە گوێمان لە هەواڵەکان دەبێت کە جارێکی تر دەنگی تەقینەوەکانو خوێن هاتۆتەوە سەرشەقامەکانو دنیای ئەم وڵاتە بۆن ساردی خوێن دەیگرێت، بۆیە ناهەقیمان نیە کە بەو شێوەیە باس لەم دەوڵەتە دەکەین. لەلایەکی ترەوە کاتێك رەوش بەم جۆرە بوو، ئەوا ئیتر باس کردن لەدیکتاتۆری دێتەوە ناو باسەکانو لەوانەشە ببێتە یەکێك لە ئەگەرەکان بۆ ئەوەی سیستەمی تازەی پێ پتەو بکەن،

وەکچۆن هەندێ جار بە ئاشکرا گوێمان لێ دەبێت کە پێویستە ناوەند بەهێز بکرێتەوەو پشتیوانی لێ بکرێت. ئەمڕۆ عێراق تێکەڵی ئەجێندای زۆر بووە هەم لەناوخۆو هەم لەدەرەوەی خۆی، بۆیە قەیرانەکانی سادە نین بۆ ئەو بەرژەوەندیە ستراتیژیانەی لەناوچەکە هەنو ریشەی زۆریان لە نەخشەکانی زلهێزەکانی جیهانەوە هاتون. ئەمەش بۆ ئێمە جێگای تێڕامانە کە دەبێت وریای لێ تێگەیشتنو جۆری قسەکردنمان بین لەم بوارەدا، ئەو کاتەی باس لە سیستەمی حوکمڕانی عێراق دەکرێت، ئەوەی زۆر جێگای بایەخە ئەوەیە کام سیستەمە دەتوانێت مافو کەرامەتو ژیانو مانەوەمان بپارێزێت. نەوەکو کام سیستەمە بەدڵی فلان ئەجێندایەو دەیەوێت بەسەر ئەو گەلەیدا تاقی بکاتەوە. کوردیش لەم هاوکێشە نەوەکو هەر بەدەر نیە، بەڵکو دەبێت لەهەموو کەس زیاتر وردترو بەئاگاترو لەسەر پێ تر بێت، چونکە ناکرێت ئەنفالو کیمیابارانکردنو لەناوبردنی خۆی بیرچێتەوە کە لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا دەربارەی جێبەجێ کرا. شوناسی ئەم دەوڵەتە بۆ بڕیاری داهاتووی کورد هێجگار گرنگە، ئەگەر ئەم دەوڵەتە لەناو دنیای تازە دەوڵەتێکی تازەو خاوەن شوناسێکی قبوڵ کراوی هاوچەرخو دیموکراسی نەبێت، مانای وایە تراژیدیای ئێمە کۆتایی پێ نەهاتوەو لەبەردەم دوبارەبونەوەی کارەساتەکانداین، ئەو کاتەش بەشێوەیەکی مۆدێرن روبەروی قەلاچۆکردن دەبینەوەو دەخزێنرێینە ناو قالبێکی هێجگار نەفرەت لێکراوەوە. بۆیە هەستی بە مەترسی کردن رەوایە، نەوەکو جێگای شورەیی بێت. ئەو کاتەی نەزانین لەگەڵ دەسەڵاتدارو سیاسیو داڕێژەرانی بڕیاری ئەم دەوڵەتە چۆن بژین، ئەو کاتە مانای وایە باسوخواسی دیکتاتۆری شتێکە هاتۆتەوە مەیدانو با جارێکی تر ببێینەوە ناو مەسەلەکانو لاپەڕەکان هەڵبدەینەوە. ئەوەی کە نیگەرانیشمان دەکات ئەوەیە کە هەمیشە هێزە گەورەکان بۆ بەرژەوەندیەکانیان هیچ باکیان نیە بمانکەن بە پارووی ئەو قۆناغە. ئەمەش خەمێکی ترەو با بیری لێ بکەینەوە. بۆ ئەوەی نەبینە جێگای تەماعی بەرژەوەندیە جیاوازەکان پێویستە خۆمان ئیش بکەین کە ببینە بەشێك لە نەخشەی ئەو بەرژەوەندیانە، بەڵام بە بەرژەوەندیەکی کوردانە. چونکە ئێمە نابێت پاڵ بدەینەوەو پێمان وابێت جارێکی تر جەنگ بەر ماڵمان ناگرێتەوە، ئەوە جێگای باوەڕ نیەو دەبێت باوەڕ بەوە نەکەین کە جەنگ کۆتایی پێ هاتووە. هەرکاتێك لاوازو هیلاك دەرکەوینو هەلومەرجەکە گونجاو

بوو، ئەوا هەڕەشەکان دەردەکەونو دەکەوینەوە ناو قۆناغێکی دژواری تازە، بۆ ئەوەی لەمەش بەدووربین دەبێ لەناوخۆی خۆمان، بەهێز بینو سیستەمو ژیانو ئیدارەو سیاسەتێکی سەرکەوتوو دیموکراسیو ئازادیو یاسامان هەبێت. ئەگەر بمانەوێت نەبینە پاروو، گەورەبینو لە قوڕگی ئەوان نەچینە خوارەوە، ئەوا دەبێ ئێستا بخوێنینەوە، ژیانی هاوڵاتیانمان چیتر بێ بەری نەبن لە ژیانێکی ئازادانەو خاوەن هەستی خۆ بەخاوەن زانین لەم خاکو ئاووهەواو دەسەڵاتو دامودەزگایەی کە هەمانە. لەم ماوەیەدا نوسەرێك بەخەمێکی گەورەوە بابەتێکی لە سەر ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان نوسیبوو، بەراستی لەو بابەتەدا کاتێك باسی پانتایی ئەو خاکە دابڕاوە دەکات، توشی خەمێکی قوڵ دەبیتو دەزانیت کە هێشتا لەم عێراقە ئێمە چەندە بێ بەشو چەندمان ماوە بۆ ئەوەی خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین. زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن بڕیاری ئازادانەی خۆمان لەم وڵاتەدا بژین، بۆیە ناکرێت ناو ماڵی خۆمان هێندە کەلێنو کەلەبەرو چاڵی تێدا بێت، چۆن دەکرێت بەو لاوازیە داوای مافی گەورە بکەین. چۆن دەکرێت سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین بەبێ هێزێکی رێکخراوی ناوخۆی بەهێز، ئایا بۆ بەرگری کردن لەخۆمان دەکرێت چاوەڕێی شێوی دراوسێ بین؟ بێگومان نەخێر. کەواتە پێویستمان بەوەیە باسی مەسەلەکان بکەینەوەو پلانمان بۆ ئێستاو قۆناغەکانی داهاتوو هەبێت، ئەمەش لە مەترسیو خنکانو پەراوێزکردنو نەمان دەمانپارێزت.

# ئارامی عێراق

ئارام بونەوەی رەوشی عێراق، گرنگترین گوتارو هەوڵی عێراقیەکانو ئەمریکاو هاوپەیمانانە، رەنگ بێت زیادە رەوی نەکەین، ئەگەر بڵێین بایەخدارترین سیاسەت لای هەموان ئەوەیە چۆن عێراق ئارام بێتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن عێراق ئارام بێتەوە؟ بەڵام بەهەمان شێوەش پرسیاری تر ئەوەیە کە ئایا ترس لە ئارام بونەوەی عێراق چی یە؟ کێن ئەوانەی نایانەوێت عێراق ئارام بێتەوە، چونکە ئەجێندای زۆر لەدەوری عێراق دەخولێتەوە، کە هەر یەکەو بە رێگای تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ رەوشی عێراق دەکات، ترس لە ئارامی عێراق گەورەترین گومانێکە کە هەم عێراقیەکان خۆیان هەمیش دەرەوەی عێراقیش خاوەنیەتی، هەر بۆ نمونە ئێمەی کورد ترسێکی شاراوەی نادیار بەبێ ئەوەی ببینین لە ئارام بونەوەی عێراق هەمانە، زۆرێك لە کوردو هێزە سیاسیو کەسایەتیەکانی کوردستان، بۆچونیان وایە کاتێك عێراق ئارام بێتەوە، ئەوا دەستی بەتاڵ دەبێتو هەر زوو دەکەوێتەوە گیانی کورد، بە ئاشکرا راگەیاندنی کوردی ئەم جۆرە گوتارو ترسە دەردەبڕێت، ئەم ترسە شاراوەیە لەسەر زۆر کۆڵەکەی تریش بەندە، وەکو مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمو شوناسی کورد بون لە عێراقی داهاتوو، نەوتو نانو ئازادیو گرەنتی بونی هاولاتی کورد لە پلە یەکی لە عێراقدا....هتد، ترسی گەورە ئەوەیە کە دەڵێت: کاتێك عێراق ئارام بۆوە، ئەوا ئارامی

کوردستان تێک دەچێت. چونکە ئارامی عێراق، سەقامگیری سیاسیو سەربازیو ئاسایشو ئابوری..هتد، بەخۆیەوە دەگرێتو مەرکەز بەهێز دەبێتەوە، ئەم کاتە بەشێوەیەکی توند روبەروی کورد دەبێتەوە لەسەر خواستەکانیو مافە رەواکانی لەچوارچێوەی عێراقدا. ئەم ترسە لەئارام بونەوەی عێراق، لەم گۆشە نیگایەوە سەرچاوەی گرتوە، باکگراوندەکەشی لە رابردووی ئەم دەوڵەتەوە هاتوە، چونکە زۆرن ئەو پەلامارو روبەروبونەوە سەختانەی دەوڵەتی عێراق دەرهەق بەکورد ئەنجامی داون. ترس لەئارامی عێراق لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ئارامی کوردی عێراقو هەرێمەکەی تێکدەچێت یاخود روبەروی مەترسی تێکچون دەبێتەوەو ناکۆکی سەربازیو بەکارهێنانی هێز جێگای دیالۆکو دیموکراسی دەگرێتەوە، ئەوە جگەلەوەی کە ترس هەیە لە کودێتاو بەهێزبونەوەیەکی سەختی مەرکەز لە بەغداد، کەواتە دەشێت بترسین لە ئارامی عێراق، بەلام ئەوە کە ناشبێت بیرمان بچێتەوە ئەوەیە: مادام هەست بە ترسەکە دەکەین، کەواتە هەست بە پارێزگاری کردنو خۆ ئامادەکردنو خۆ بەهێزکردنیش دەکەین، بۆ ئەوەی توند بەرگری لە ئارامی خۆمان بکەین، کاتێك ئەمریکیەکانو هاوپەیمانەکان لێکدا لێکدا جەخت لە ئارامی رەوشی عێراق دەکەنەوە، ئەوا پێویستە ئێمەش لێکدا لێکدا لەگەڵ یەکتر گفتوگۆی کراوە بکەینو گەلی کوردیش ئەو راستیانە بزانێت کە پێی دەگەین، وە بشزانین چۆن گرەنتی ئارامی کوردستان وەردەگرین لە عێراقو ئەمریکا کاتێك بڕیار بێت عێراق ئارام بێتەوە. ئارامی عێراق خەونی ئەمریکیەکانەو نایانەوێت چیتر پەنجەیان لەسەر پلاپیتکەی تفەنگەکانیان بێت، دەیانەوێت جەنگ بگاتە کەناری کۆتاییو بگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا، عێراق بەئارامی لەدوای خۆیان بەجێبهێڵن، ئەمەش بەپلەی یەکەم نەك لەبەر گیانی عێراقیەکان بەڵکو سەرکەوتنی سیاسیو دەرەنجامی جەنگەکەیانی لەگەڵ عێراق پێوە بەندە.

کۆتایی ئامادەگی مارینزەکان لەناو عێراقدا، دەرگای دوو پێشبینیمان بۆ دەکاتەوە، یەکەم: یان ئەوەتا دوای نەمانی مارینزەکانو کشانەوەیان بۆ وڵاتەکەیانو گۆڕانی سەرۆکی کۆشکی سپی، عێراق دەکەوێتە گێژاوی جەنگی ناوخۆو تایەفیو نەتەوەیی، یان جەنگێکی تر بەرۆکی دەگرێتەوە کە بەهێزبونەوەی قاعیدەو نمونەکانیەتی وەکو پاشماوەی بەعسیەکانو ئەوانی تر، کە خوێن جارێکی تر کۆڵانەکانی بەغداو ناوچە عێراقیەکان

سور بکاتەوە. دەشێت ئەمە پێشبینیەکی چاوەڕوانکراوبێت. دووەم: بەنەمانی مارێنزەکان عێراق ئارام دەبێتەوەو پرۆسەی سیاسی نیشتمانی عێراقی دەچێتە پێشو ئەوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، ئەوانیش ئارام دەبنەوە لەخوێن ڕشتن چونکە دوژمنە گەورەکەیان کە ئەمریکایە یاخود بەهانە گەورەکەیان کە ئامادەیی هێزی داگیرکەری بێگانەی ئەمریکایە، نامێنێتو ئیتر ئارامی دەگەڕێتەوە کۆڵانەکان. ئەوەشیان وەکو پێشبینیەك شایستەی بیر لێکردنەوەیە. لێرەدا لەهەردوو بارەکەدا دەبێت کورد هەڵوەستەی جدی لەسەر ئەوە بکات کە نەکرێتە پاشکۆو بەهیچ شێوەیەك رێگای ئەوە نەدات کە مامەڵەی هێزە دژە دیموکراسیەکان زیان لە کورد بدات، یان بە هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکان کورد بخەنە چاڵەوە.

بارزانی سەرۆکی هەرێم: لەیەکێك لە لێدوانەکانیدا راشکاوانە گوتی: هەندێ هێز هەن ئەوانەی لە بەغدان، یاخود گوتی عەقڵی ئێستای بەغدا وا بیر دەکاتەوە کە دەبێت بە شێوەیەکی مەرکەزیو شمولی حوکمی عێراق بکرێت، کە ئەمە بیرکردنەوەیەکی بەعسیانەیە، بارزانی دەڵێت کە ئەو عەقڵیەتە دژی ئەو دەستکەوتانەن کە کورد بەدەستی هێناوەو پێیان وایە کورد زۆر زیادەڕەوی کردووەو پێویستە کورد دەستەمۆ بکرێتو بڕوایان بە شتێکی وەکو فیدراڵی نیە. نەوشیروان مستەفاش داوای چاکسازی ناوخۆیی دەکاتو هەمان مەترسیەکانی ناو بەغدا باس دەکات.

ئەم قسەیەی بارزانی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئێستای عێراقو وەکو خۆی لەدروست کردنەوەی عێراقی ئێستا بەشداربوەو لەبەغدا سەرۆکایەتی مەجلیسی حوکمی کردووە، جێگای هەڵوەستە کردنێکی مەترسیدارانەیە، چونکە ئاماژە بۆ مەترسیەك دەکات کە دەشێت کورد لە ئارام بونەوەی عێراق، لەگەڵی روبەروبێتەوەو کورد بخاتە ناو چوارچێوەیەکی بەر تەسك لە عێراقداو ئارامیەکەی بشێوێنێت. هەڵوێستەکانی نەوشیروان مستەفاش بەهەمان شێوە جێگای هەڵوەستەیە کە یەکێك بوو لە سیاسیە کاریگەرەکانی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق.

کاتێك هەوڵ بدرێت کورد لەبەغدا لاواز بکرێت، مانای وایە عێراق بەرنامەیەکی لەم جۆرەی هەیە کە ئیتر تۆ هاوڵاتی پلەیەك نیت وەکو نەتەوەی یەکەمی عێراق، وەکو خۆیان دەڵێن. چونکە کورد ئەگەر هاوڵاتی پلە دوو بێتو لاواز بکرێتو زیادەڕەو بێت، کەواتە پێویست ناکات عێراق

ئارام بێتەوە!. ئایا ئەمە دروست نیە، چونکە ئەم ئارامیە دواجار لەهەناوی خۆیدا جەنگێکی هەڵگرتوە کە لەوانەیە یەخەی کوردو ئەزمونەکەی بگرێت، کورد لەکاتی ئارامیو نائارامی دەوڵەتی عێراقدا ناکرێت بەشێکی گرنگی ناو بڕیارو رێککەوتنەکان نەبێت، چونکە ئەمە بۆخۆی ترسەکە گەورەتر دەکات، وا دەکات ئەوانەی لە عێراق دەترسن لەناو گەلی کورددا کێرقی بۆچونەکەیان بەرز بێتەوە. بەتایبەت ئەو کاتە کە رادەگەیەنرێت لە پشتی ئەم جۆرە هەڵوێستانە ئەجێندای دەرەوەی عێراق هەیە، کورد هەمیشەو بەردەوامیش کە باس لە ئەجێندای دەرەوەی عێراق دەکرێت، دەیکاتە هەڵلایەکی گەورەو زۆر بەزەقی ئاماژەی پێ دەکاتو گەورەترین تورەیی کورد لەم خاڵەوە دەست پێدەکات، بێگومان بڕێکی زۆر لە راستی لەمەدا هەیە، چونکە کاتێك ئەجێندای دەرەوەی عێراق کەشف دەبێت، بۆت دەردەکەوێت هیچیان فیدراڵیو دیموکراسیو ئەوەی ئێستا عێراق پێویستی پێیەتی، تێیدا نیە، کەواتە ئەم ئەجێندایە کە کورد ناخوێنێتەوە، شتێکی خراپ نیە کە هەمیشە لێی بترسین، بەلام بیرمان نەچێت، ئەمەش دەکرێت بە دوو سەرەیی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە بیرمان نەچێت، شتێکی باش نیە بۆ کورد کە هەمیشە بەرەقیو رەتکردنەوەیەکی ترسناك مامەڵە لەگەڵ دەرەوەی عێراق بکات، کورد دەبێت دبلۆماسیەتی مانەوەی خۆی لەعێراقو بەشداری بڕیارەکان بەوردی لەگەڵ دەوروبەر بخوێنێتەوە، چون بۆ پەیوەندیو بەردەوامی دانوستانو بەردەوامی هەوڵ دان بۆ لەیەکتر گەیشتن هەنگاوی هەرە سەرەکیە، بەتایبەت دەوڵەتە هاوسێیەکانی عێراق(تورکیا، ئێران، سوریا). یەکێك لەسەرکردە کوردەکان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن گوتی: لەسەر ئاستی عێراقو ئیقلیمی مەترسی هەیە لەسەر کوردستانو ئەزمونەکەی. لەبەر ئەوە کارێکی واقیعی نیە کورد لە ئاستی ئیقلیمی بێ ئاگا بێتو دەستەوەستان بێت، هەرچەندە جموجۆڵی کورد خراپ نیەو چەندین وەفدو چەندین جار هەوڵی رۆیشتن بۆ دەوڵەتە ئیقلیمەکان کراوەو ئامادەیی گفتوگۆ لەم بارەیەوە زیندوە، کاتێك کورد رو دەکاتە دەوروبەرو دەڵێت: کێشەکان بە شێوەی سەربازیو گەلەکۆمەکی چارەسەر نابن، مانای وایە پێویستە ئارام بینەوەو ئیتر هەم بمخوێنەوە، هەمیش من ئامادەم دیالۆگت لەگەڵ بکەم، چونکە بەراستی کۆمیدیایەکی گەورەیە تۆ بەفڕۆکەی جەنگی ماڵو گوندو باخچەوگوندو مزگەوتوقوتابخانە خاپوربکەی،

لەنیوەی شەویشدا منداڵو ژنو پیاو گەنج خەڵتانی بۆمب بکەی، کەچی هێشتا تۆ گوشار بخەیتە سەر کورد لە بەغداو بڵێی کوردەکان داڵدەی تیرۆر دەدەن و دەبێت چەك بکرێنو بەشدار بن لە بنەبڕکردنی تیرۆر، بۆ ئێمە تیرۆریستین، ئایا بیرکردنەوەیەکی لەم شێوەیەو ناونانێکی لەم جۆرە، هیچ بوارێك بۆ چارەسەری کێشەکان دەهێڵێتەوە. ئایا ناو نانی تیرۆریستی هیچ ئارامیەك بۆ ناوچەکە دابین دەکات، یاخود سەر ئێشەکەی بەغدا چارەسەر دەکات، بێگومان ئارام بونەوەی بەغداو سنورەکانی بەم عەقڵیەتە ناکرێت، بەوە دەکرێت لانی کەم بڕوات بەوە هەبێت من لەتۆ جیاوازمو خەونو مافو سنورو نیشتمانی خۆم هەیە، کە تۆ مافی ئەوەت نیە هیچیان لەناو ببەیت. لە عێراقیشدا بیرکردنەوەی لەم جۆرە ئامادەیی هەیە، بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پێویستە درك بەوە بکەین کە لەناو عێراقدا رێ بگرین لەم جۆرە بیرکردنەوەو گەشەکردنی لەداهاتودا.

ئەگەر ئارامی عێراق، ئەجێندایەکی هاوبەشی عێراقیو ئەمریکی بێت، بەهەموو بۆچونە جیاوازەکانەوە، ئەوا پێویستە رەهەندی تریش لەبەرچاو بگرین، چونکە لە ناو عێراقدا عەقڵی ئارام نیە بۆ رێکخستنەوەی ئەم دەوڵەتە، ئەوەتا مەترسی ئەنجامدانی کودەتا، بە ئاشکرا قسەی لەسەر دەکرێت، کاتێك کودەتای سەربازی لەعێراقدا ئەنجام بدرێتو دەسەلاتی توندی مەرکەزی بەجەنگو هەرا دەسەلاتی ئەم ولاتە بەرێوەبەرێت، ئەوکاتە نوکتەیەکی خۆشە باس لەوە بکەیت کۆلانەکانی هەولێرو بەغدا ئارامن، ئارامی سیاسیو تەنانەت سەربازیش نامێنێتو جەنگێکی ناوخۆیی دەست پێدەکات بە دەمامکی جیاوازەوە. بەلام با لێرەدا تۆزێك بوەستینو پرسیارێك بکەین، ئەرێ بۆچی هەستی کودەتا ئەنجام دانو گەڕانەوە بۆ حوکمی دیکتاتۆر لە عێراقدا بەو زەقیە سەری هەڵداوەتەوە، خۆ هێشتا دیکتاتۆر بۆنی هۆڵەکانی بەڕێوەبردنوکورسی فەرمانڕەوایی بەرنەداوە؟ وەلامەکەی لەگەڵ ئەوەی چەندین لایەنی جیاوازی هەیە، بەلام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بڵێین: لەبەرئەوەی ئەو هێزانەی ئارامی عێراقو دیموکراسیو فیدراڵیو پەرلەمانی بیردەکەنەوە، لە سروشتی راستەقینەی خۆیاندا، ئەو هێزە نین، بەڵکو لەهەناوی راستەقینەی ئەواندا گوتاری شمولیو پان عەرەبیزمو یان مەزهەبی خۆی مەلاس داوەو لای ئەوان دیموکراسیو عێراقی دوای صەدام بۆ ئەوە نیە کە دیموکراسیو هاولاتی بون بێت، بەڵکو لای ئەوان رۆژی

تۆڵەکردنەوەیەکی تایەفیو دەمارگیریو مەزهەبییە کە بەداخەوە ئومێدی ئێمە بەر لەهەر شت دەکوژێت. هێزە دیموکراسیەکان لاوازن، لاوازی ئەوان راستەوخۆ کێرڤی عەقڵیەتی کودێتاو دیکتاتۆری بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر وەکو هاوکێشەیەك سەیری بکەین دەبینین کە هەر کاتێك دیموکراسی بەهێز بوو، جیاوازی قبوڵ کرا، ئەوا دیکتاتۆری پاشەکشەی کردووە، هەرچەندە ئەوە لای من بڕیار نیە، چونکە ئەشێ گۆڕان لەهەر هاوکێشەیەکی تر رووبدات، بەلام راستیەکەی لێرە لە عێراق تاوەکو ئێستا واهاتووە.

ئەو روداوانەی ئەم رۆژانە لە موصڵ دەگوزەرێن، راستی ئەوەمان پێ دەڵێت کە کورد پێویستە لە هەناسەدانی زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی بەغدا بترسێت، چونکە هیچ پێوەرێکو پشت راستکردنەوەیەك نیە کە ئەم کوشتو بڕەی ناو موصڵو ئاوارەبونەی مەسیحیەکان لە ئەستۆی کوردە، کە بەپێچەوانەوە دەرکەوت کورد دەتوانێت لەهەموان زیاتر پارێزگاری لە مەسیحیەکان و پێکهاتەکانی دیکە بکات. ئەم تۆمەتە بۆ ئارام بونەوەی عێراق کۆسپی قورس دێنێتە رێ، ترسیش زیندوو دەکاتەوە لەو هاونیشتمانیە عێراقیانەی کە ئێستا عێراق بەرێوە دەبەن، ئەمەیە گرێی پێکەوە بونەکە کە لە سوپاوە تاوەکو سیاسیەکان دەگرێتەوەو هەمیشە کوردیش باجی قورسی داوە، ژیانی کورد لە ئێستای عێراقدا پڕە لەم جۆرە ترسانەی کە سوپاو سیاسیەکان بە لێدوانو جموجۆڵەکانیان دروستی دەکەن، تەنانەت کە کورد پشکی گەورەشی هەیە لەم دەزگاو دامەزراوانە، دیموکراسی دەتوانێت ناکۆکیەکان بە سیستەماتیزە بکات، کوشتنی ئەم هەموو ترسە تەنها بەهۆی هاوڵاتی بونو دیموکراسیەوە مەیسەر دەبێت، ئەگەر لە ناو عەقڵی بەرێوەبەرانی عێراقیش دیموکراسی چرۆی نەکردوە، ئیتر دوبارەبونەوەی مێژوو راستیەك نیە گومانمان لێی هەبێت، ئارامی عێراق، پەیامێك نیە تەنها لە روانگەی بەرژەوەندی هێزێکەوە سەرچاوەی گرت بێتو تەنها خزمەت بەویش بکات، بەڵکو ئارامی عێراق گوتارێکی گشتی عێراقیانەیە، هەڵوێستێکە عێراقیە، وەلێ ئایا ئەم هەموو تۆخ بونەوەیەش لە عێراقی بونەدا، خەونی کوردبونی ئێمە بە کوێ دەگەیەنێت، لێرەدا دەبێت لەم پەنجەرەیەوە ئەوەش ببینین کە ئایا چیمان دەستکەوت دەبێت بۆ نەتەوەیی بونو مافەکانمان ئەگەر ئارامی ئەم وڵاتەی گرتەوە، یاخود ئەگەر

نەیگرتەوە، چونکە کوردو خەونی سەربەخۆیی لە عێراقدا مانایەکی رەواو هەڵوێستە راستیەکەیە، کورد بۆچی عێراقی بێت، ئەو عێراقەی پاشماوەی دنیایەکی نائارامی دوای جەنگێکی گەورەی جیهانیە. ئەو دەوڵەتەی نائارامی دروستی کردو ئێستاش خوێن نەوەستاوە، زەمەنێك نیە بێ کودێتاو جەنگو خوێن بەرێی کردبێت، ئایا دواجار دیموکراسی دەتوانێت برینەکانی سارێژ بکات، دەستور دەتوانێت ئارامی بکاتەوە، یاسا سەروەر دەبێت یان کوتلە سیاسیو هێزە سەربازیەکانو مەزهەبیەکان. ئەمانە بۆ داهاتوو هەمیشە پرسیاری زیندونو ناکرێت هیچ یەکێك لە هاولاتی عێراقی لەدورەوە بێ ئاگا بێت لێیان. عێراق دەوڵەتی هەمیشە پڕ کێشە بۆچی جێگای هەموو خەونەکانی ئێمە بگرێتەوەو ئیتر کورد بونی ئێمە ببێتە پاشکۆیەکی بێ بایەخی عێراقی بون. ئارامی عێراق لەسەر تێکدانی نائارامی کوردستان دۆخێکی تری نالەبارە ئەم گەلە توشی دەبێت. گەلێك نایەوێت چیتر خۆی قوربانی بێتو خەڵکی تر ئەجێنداکانی تاقی بکاتەوە، گەلی کوردیش هەر بڵێت بریا وا بوایە نەوەکو شتی تر، دەستکەوتەکانیش سەرابێکی لەدەستچوو، ئەمە رەش بینی نیە بەڵکو مێژوو تالاوی قورسی خستۆتە قوڕگی ئەم گەلەوەو ترس تارماییەکی هەمیشەیی یە. ئەوەش ئاشکرایەو ئاسان دەیناسینەوە، لێدوانو روداوێك بەسە بۆ ئەوەی پەنجەی بخەینە سەرو بڵێین ئەوەتا ترسەکە سەیر بکە چۆن دێتەوە مەیدانو دەیانەوێت ئێمە بخەنەوە گۆشە تۆز لێ نیشتوەکەی مێژووی ناو روداوەکانو دروشمەکانیان بڵێنەوە، تۆ بڵێی سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم مێژوە تێك نەشکێنێت، یان هێزە نێو دەوڵەتیەکان لەبەر بەرژەوەندیەکانیان جارێکی تر هەموو ئارام بونەوەیەكو پێکەوە بونێك خاپوور نەکەنەوە. کورد دەخوازێت وا نەبێت.

نوری مالکی سەرۆك وەزیران، لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی (تایمز) ی ئەمریکی، گرەنتی ئارام بونەوەی عێراق دەداتو دەڵێت: دڵنیاتان دەکەمەوە ئیتر لە بەغدا ناوچەیەك نامێنێت بەناوی ناوچەی سەوز، بەڵکو دەبێت هەموو بەغدا سەوز بێت. مالکی ئارام بونەوەی بەغدای لەپێشەوەی هەموو کارەکانیەتی، تەنانەت ئەگەر بە روبەروبونەوەی هەر هێزێکیش کۆتایی پێ بێت، چونکە ئەو باش دەزانێت ئەمریکاش قازانجی گرنگ لەم ئارام بونەوەیە دەکات. کوردیش لەبەغدایەو لەناوچەی سەوزە، بەلام بیرمان نەچێت هەر دوێنێ، لەتەنیشت وەزارەتی دەرەوەی عێراق، دەنگی تەقینەوەکان خەریك

بوو ئارامی ناوچەکە تەواو تێك بداتو گەورە سیاسیەکانیش لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکە دوور بخاتەوە کە بڕیار بوو، وەزیری دەرەوەی عێراقو جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێکەوە سازی بدەن. ئارام بونەوەی عێراق کورد دەگەیەنێتە کوێو پرسی سیاسیو مافەکان چی لێدەکات، ئەی ئەگەر ئارام نەبوویەوە چی دەبێت، ئەمانە جێگای خۆیەتی پرسی هەمیشەییمان بن.

## بستێك زەوی بۆ نەكوشتن!

مەسیحیەكانی عێراق، داوای هەرێمێكی سەربەخۆ دەكەن لەعێراق بۆ ئەوەی لە كوشتن خۆیانبپارێزن، ئەوە ماوەیەكە شەپۆلی كوشتنو توندوتیژی مەسیحیەكانی عێراق باش دەبینین. بەراستی ئەم عێراقە سەر زەمینی كوشتنو مەرگە بۆ مرۆڤ. تۆ دیقەت بدە لەبەرئەوەی مەسیحی دەكوژرێی! سونە بیت هەر دەكوژرێی..شیعە بیت هەر دەكوژرێی..كورد بیت هەر دەكوژرێی.. مەسیحی، یەزیدی، ئەمریكی، بەریتانی، قاعیدە، دەوڵەتی ئیسلامیو گروپی لەم جۆرە، قەومی....هتد، هەرچی بیت هەر دەكوژرێی. تەنانەت لەبەرئەوەی ناوت عەلیە لەهەندێ شوێنی ئەم عێراقە دەتكوژن، وەكو چۆن ناویشت عمر بێت لەهەندێك شوێنی تر دەتكوژن. ئەو ناسنامەو ئاینو مەزهەبەی هەتە لەهەمان كاتیشدا ئەجەلیشتە. هۆی مردنتە. منی كورد، كوردبوونەكەم ئەجەلیشمە. ئەوەتا مەسیحی بون ئەجەلی ئەو مرۆڤانەیە كە مەسیحین. پۆلێ خەڵكم بینی لەتەلەفزیۆنەكانەوە تەرمەكانیان نیشاندەدرا لەبەر ئەوەی قاعیدە بون، تیرۆریست بون لەئۆپەراسیۆنێكدا كوژرا بون. دكتۆرێكو خێزانێكی بێوەی هەر لەبەردەمماڵی خۆیان بەهۆی تەقینەوەیەكەوە قەتلوعام بون. هەژار بیت یان دەوڵەمەند، مامۆستاو دكتۆرو پارێزەرو هەر شتێكی تر بیت، پەرلەمانتارو وەزیریش بیت هەمیشە كوشتنو مەرگ بەدواتەوەیە. لەم عێراقە بە زەحمەت دڵنیایی مرۆڤ درك پێ دەكەی.

ئەمڕۆ شانۆی کوشتنی مەسیحیەکان دەبینین، هەر دوێنێ بوو شانۆی ئەنفالو کیمیابارانی کوردمان دەبینی، دوای ۲۰۰۳ گۆمی خوێناوی سونەوشیعەشمان زۆر بینی لەم عێراقەدا، ئیدی خواش دەزانێ داهاتوو کوشتنی کێی تر دەبینین. سەیرترین شت ئەوەیە هەموو شوناسێك لەم عێراقە روبەروی کوشتن دەبێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر تۆ کورد نەبی، عەرەب نەبی، خاوەنی مەزهەبی شیعەو سونە نەبی، مەسیحیو ئیسلامو یەزیدی نەبی، واتە تەواو بێ لایەن بیت، ئەوە بەسەیری مەزانە لەسەر ئەوە بتکوژن کەبێ لایەنیو خاوەنی هیچ ناسنامەو شوناسێك نیت!. کەس هەیە لەم عێراقە گومانی لەوە هەبێت کە کوشتن پرۆسەیەکی ئاسانو بێ گرێو گۆڵو قورس نیە. ئاسانترین بڕیارو خۆشترین گەمە گەمەی کوشتنە. چەند ئاسان بەدەیانو سەدان کەس لەماوەی چەند تەقینەوەیەك دەبنە قوربانیو کەلەپاچە دەبن، کەچی هێشتا عێراق رۆژانێك دەگوزەرێنێ کەمترین دڵنیایی هەیە بۆ ژیانو مانەوەی مرۆڤەکانی. لەبری ئەوەی ئەم دەوڵەتە هیلاك بێت لە کوشتن، سەیر ئەوەیە هەمیشە چاوی بە داهێنانی مۆدێلی تازەی کوشتن ئەبڵەق دەبێت. سەر زەمینی عێراق، سەرزەمینێکە لەم دنیایەدا لەخوێن هەڵمژین بێ مونافیسە. چونکە ئەوەی حکایەتی مێژوی ئەم عێراقە بخوێنێتەوە هەزاران شانۆی کوشتنو ماڵوێرانی دەبینێتو سەرسام دەبێت لەم هەموو کوشتنو کوشتارو دەریای خوێن رشتنە.. وەرە لەگەڵ من هەندێ لاپەڕەی مێژووی دووری ئەم عێراقە هەڵبدەرەوە، باپێکەوە ببینین کەچۆن بابلیەکان دەکوژران لەسەر ئەوەی بابلی بون، سۆمەریو ئاشوریو گۆتیو ئەکەدی...هتد، هەموو ئەوانە دەکوژرانو یەکتریان دەکوشت، ئیسلام دێت ئەم وڵاتە دەکاتە وڵاتێکی ئیسلامی، وەلێ کوشتن نەك هەر لاواز نابێت، بەڵکو زۆرترو خوێناوی تر بەرۆکی خودی ئیسلامو ناوچەکە دەگرێتەوە. سەردەمی ئەمەویو عەباسیەکان سەدان جۆری کوشتنی سەیر سەیر ئەنجام دراوە، هەر بۆ نمونە بە زیندووی کەوڵ کردنی مرۆڤ..ئینجا زەمانی عوسمانیەکانو صەفەویەکانیش بۆ خۆی مێژویەکی تر کوشتنو جەنگە لەسەر ئەم خاکەی ئێستا ناوی عێراقە. دوای ئەوەش مەغۆلەکان هاتن پڕ پڕیان کردەوە لە حکایەتەکانی کوشتن...وەلێ دوای جەنگی جیهانی یەکەمو هاتنی ئینگلیزو فەرەنساو هاوپەیمانان، هەتاوەکو ئێستا چیرۆك لەسەر چیرۆکی کوشتن دەنوسرێتەوە. ئاخر تراژیدیای کوشتن لەخودی سەرۆکەوە تاوەکو کرێکارێکی ئەوپەڕی

بێ لایەنوکاسب دەگرێتەوە، ئەرێ نەتانبیستووە چۆن بنەماڵەکەی پاشای عێراقو دوای ئەوە عبدالکریم قاسمی سەرۆك کۆمار چۆنو بەچ شێوەیەك کوژران؟!.

هەنوکەش لەسەدەی بیستویەکەمەدا، عێراق رۆژانە مرۆڤی تێدا دەکوژرێت، بەبەرچاوی هەموو دنیاوە تەرمی مرۆڤ بەهۆی تەقینەوە لەت لەت دەبێتو پارچە گۆشتەکانی بەسەر شۆستەکانەوە جێ دەمێنن. ئەی خوشکو برایانی مەسیحی نیگەران مەبن هەر ئێوە لەناوماڵو خێزانو کڵێسەکانتان روبەروی کوشتن نەبونەتەوە، هەر ئێوە خوێنتان بەسەر شۆستەو دەرگاو پەنجەرەو ماڵەکانتان نەڕژاوە، بەڵکو ئێمەی کوردو عەرەبیش هێندەمان لێ کوژراوە کە خۆشمان نازانین ژمارەیان چەندە! چی بکەین خوشكوبرایانی مەسیحی، نیگەران مەبنو خوێنی شەهیدەکانتان تێکەڵی دەریای خوێنی ئەوانی تر بووە. بەداخەوە ئێمەش لەم هەموو فرمێسكو جەرگبڕیە زەمانێکە زۆر بێزارین. وەرن با هەمومان بڕیار بدەین لەبری ئەوەی مرۆڤ بکوژینو ئەم عێراقە مرۆڤی تێدا بکوژرێت، وەرن هەموان بەهەموو ئاینو نەتەوەو گروپو مەزهەبیو شوناسەوە، بەهەموو ئایدیاو بیرکردنەوەیەکەوە، بەهەموو جیاوازییەکەوە، جیاواز لەهەموو رابردووی ئەم عێراقە، جیاواز لەهەموو کوشتنێك، لەهەموو مۆدێلێکی مەرگو مردن، وەرن با ئەم جارە هەموان پێکەوە بڕیار بدەین لەبری کوشتن، بەیەك دەستو بریار کوشتن بکوژین. ئیدی بابەس بێت با ئەم جارە بریار بدەین خودی کوشتن بکوژین. ئیدی عەیبە با بستێك زەوی نەمێنێت بۆ کوشتن! نەوەك هەر ئاخ بەوە بخۆین، خەون بەوە ببینین بستێك زەوی بدۆزینەوە بۆ نەکوشتن. ئیتر منیش بیر لەکوشتن دەکەمەوە، بەڵام مەبەستم ئەوپەڕی ئارامیو لێبوردەییو دیموکراسیو ئازادیو مرۆڤایەتیە، وەلێ با کوشتن بکوژین.

# عێراق لەنێوان
# جامانەی کوردیو عەمامەی شیعەو کڵاوی سوننە

عێراق بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی لەنێوان نەتەوەو گروپو هێزەکانەوە، بە قۆناغێکی دژواردا تێدەپەڕێ، کورد خەمی جامانەی خۆیەتی لە شوناسی ئەم دەوڵەتەو شیعەش دەیەوێت عەمامەی خۆی بەسەر ئەم دەوڵەتەوە بێت، لەوەتەی لە(٢٠٠٣) شدا کڵاوی سوونەکان بەسەر عێراقەوە نەماوە، ئەوانیش ئاگریان گرتووەو بەهیچ شتێك دڵیان ئاو ناخواتەوە. ئەم دەوڵەتە لەنێوان جامانەی کوردیو عەمامەی شیعەو کڵاوی سوننەکان، بۆتە گۆڕەپانێکی گەورەی یەکلایی کردنەوەی حساباتی سیاسیو نەتەوەیی. بەلام هەموو ئەو لایەنو هێزانە دەبێ زۆر باش بزانن، مێژوی ئەم دەوڵەتە بە ناکۆکی توندوتیژو تفەنگو جەنگ کۆتایی پێ نەهاتووەو بەڵکو قوڵتر بۆتەوە، بۆیە بڕوام وایە زامنی پاراستنی یەك پارچەیی عێراق دیموکراسیە. دیموکراسیو سیستەمێکی فیدراڵ دەتوانێت دیالۆگو لەیەك تێگەیشتن لەنێوان جامانەو عەمامەو کڵاو دروست بکاتو گرێیەکان بکاتەوە. من زۆر خۆشحاڵم دەبینم شەری کوردو عەرەب لە رەبیەو شاخەکانو دەشتەکان نەماوەو هاتۆتە ناو هۆڵی پەرلەمانو رووبەروو پێکەوە لەسەر مافەکانیان شەڕی یاساو

دەستور دەکەن، ئەمەش کولتورێکە دەتوانێت بمانگەیەنێتە خاڵی جەوهەری لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە نەوەکو جەبریانە. کورد لە ناو هۆڵی پەرلەمان شەڕی مافی خۆی دەکات، ئەمەش تەندروستەو دەبێت پشتگیری لێ بکرێ، بەلام بیرمان نەچێ دیموکراسی وەك چۆن بۆ تۆ دەستکەوتی هەیە ئەوا بۆ بەرامبەریشت هەر وایە، لەوانەیە دەرەنجامی دەنگدانو ژمارەی کورسیەکان، دەسەڵات لە تۆ وەربگرنەوەو بیدەنە دەست هێزێك کە تۆ زۆر خۆشیت لێ نایەت. بەلام دیموکراسی ناهێڵێت تا هەتایە لەوە بێ بەش بیتو جارێکی تر دەتگەڕێنێتەوە هەمان دۆخ، ئەگەر کەموکورتیەکانی خۆت چارەسەر بکەیت. کەواتە کورد بە دیموکراسیو هەڵبژاردن دەتوانێت ململانێکانی خۆی درێژە پێ بداتو سەرنجی دنیاش بەلای خۆیدا رابکێشێت. دەخوازم هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق کولتوری دیموکراسی بەهێز بکاتو ئەزمونێکی تر لە ژیانی دیموکراسی فێر ببینو کوردیش لە ئاواتەکانی نزیکتر ببێتەوە. موتوربەکردنی دیموکراسی لە تایەفەگەری، دواجار بە خولانەوەی دیموکراسی لەناو یەك بازنەی تەسکدا کۆتایی پێدێت. ئەمەش راستی هەیمەنەی تایەفەگەری بەسەر گۆڕانی دیموکراسیانەو عێراقی نوێدا دەسەلمێنێت. دیموکراسیو هەڵبژاردن نابێت بۆ مانەوەی دەسەڵاتداریەتی تایەفەگەری بێت، بۆ فراوانکردنی ئیمتیازاتەکانی تایەفەگەری بێت. دیموکراسیو هەڵبژاردن پێویستە تەعریفی دەوڵەتو سیستەمی بەڕێوەبردن بێت، پێویستە چیتر بیر لەوە نەکەینەوە هەمان شتو هەمان وێنەو هەمان دەسەڵات هەڵبژێرینەوە لەکاتێکدا زۆرمان چەشت بە دووبارەکردنەوەی دەسەڵاتی یەك لایەنو یەك سیستەم. لەعێراقدا دەبێ دیموکراسی ئەو کولتورە بێت کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاشتیانە بکاتە فەرهەنگی سیاسی، دەسەڵات ملکەچی لێپرسینەوەو سزادان بکات. دیموکراسی دەبێ رێگا بگرێ لەوەی هیچ یەکێك لە تایەفەکان ئەوی تر بە خائینو بەکرێگیراوو دوژمن سەیر نەکات. دیموکراسی بریتی نیە لە دەسەڵاتی برا گەورە بەسەر برا بچوکدا بۆ هەتاهەتایی، بەڵکو دیموکراسی لەعێراقدا دەبێ رێگا لەوە بگرێ کەسێك بەناوی براگەورەوە ئەوی تر لەخۆی بچوکتر بزانێت، مافەکانی بچوكو شوناسی بچوك سەیر بکات، دیموکراسی پێویستە

هێزی ئەوەی هەبێت لەناو سیستەمی دەسەڵاتداریەتی عێراقدا هەر کاتێك برا گەورە لە پرەنسیپە گشتیەکانی پێکەوەژیان دوور کەوتەوە، توانای برا گەورایەتی لێ وەربگرێتەوەو بیبەخشێ بە هێزێکی تر یان بە برا بچوك. دیموکراسی ئەوکاتە لە عێراقدا جێگای ئەوەیە لێی دڵنیا بین، کە بتوانێت جێگا گۆڕکێ بە مەکانەتی برا گەورەو برا بچوکەکان بکات. بتوانێت بەسەر هەموانەوە توانای چاودێریو لێپرسینەوەی هەبێت لەرێگای ئەو سیستەمەو کولتورو دامودەزگایانەی کە هەیەتیو بەدەستی هێناوە. ئەوەی ئێستا لەدۆخی هەڵبژاردنەکانی عێراق تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە دیموکراسی بۆ مانەوەی پێگەی تایەفەگەری بەکاردەهێنرێت، سوننە بۆ خۆکۆکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عروبەییو سیاسەتەکانی صەددامو دەسەڵاتی خۆیان هەوڵ دەدەن بە سەر پشتی دیموکراسیەوە بێنە ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراق، یەکێك لەو سیاسیە سوننانە گوتبوی کە پەرلەمانی داهاتوو بەعسی زۆری تێدا دەبێو چاوەڕێ دەکەین لەسەروی سی کورسیەوە بێت. شیعەکانیش لێکدا لێکدا هەوڵی دوور خستنەوەی ئەم مەترسیە دەدەنو دەیانەوێت بە هۆی دیموکراسیەوە توند دەست بە عەمامەی خۆیانەوە بگرن. هەوڵ دەدەن سود لە مەرجەعیەتو کوتلە بەهێزەکانی ئێستایان وەربگرن. کوردیش لە هەرێمی کوردستان، قسەی ئەوەیە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی بپارێزێو مافی گەلی کورد مسۆگەر بکاتو لەبەغداوە کوردستان بەهێز بکەنو خوێنی شەهیدانی کوردستان بە فیڕۆ نەڕوات.....هتد، ئەوا پێویستە دەنگ بە لیستی کوردی بدرێ. هەر کەسەو پێگەو دروشمو هێزی خۆی دەلاوێنێتەوە کە ئەوە بۆ پرۆسەی دیموکراسی شتێکی سروشتیە، بەڵام ئامانجەکانی پشت ئەم لاواندنەوەیە تایەفەگەریو هێزو ئیمتیازی دیاریکراوە نەوەکو پتەوکردنی سیستەمی دیموکراسی عێراق. بەڵام نابێ ئەو راستیەمان لەبیر بچێت کە دەوڵەتی عێراق بەتەنیا بە کڵاوی سوننەکان بەڕێوەناچێ، وەك چۆن بە تەنیا بە عەمامەی شیعەکانیشەوە بەڕێوەناچێ، بەهەمان شێوە بە جامانەی کوردیش بەتەنیا بەڕێوەناچێ. فەرموو سەیری مێژووی رابردوی ئەم دەوڵەتە بکە کە نە کڵاوی سوننەو نە عەمامەی شیعەو نەجامانەی کوردی هیچیان بەتەنیا بە ئارامیو پتەوی ناتوانن عێراق بەڕێوەبەرن. ئەمەش ڕێگای

سیاسـەتی تەوافوقـی دەخاتـە بـەردەم هەنگاوەکانـی هێـزە عێراقیـەکان بـە کـوردو عـەرەبو سـەرجەم پێکهاتەکانـی تـرەوە. بـەڵام پرسـیارێکی گرنـگ خـۆی دەخاتـە پێـش کـە ئایـا دەشـێ هەتـا هەتایـی ئـەم دەوڵەتـە بـە تەوافوقـی سیاسـی بەڕێوەبچـێ؟ یاخـود چەنـدە کێرڤـی دیموکراسـیو هۆشـیاری سیاسـی بەرزبێتـەوە، هێنـدەش کێرڤـی سیاسـەتی تایەفەگـەریو نەتەوەیـی دادەبـەزێ. چونکـە لـە دەوڵەتێکـی دیموکراسـیدا دەشـێو سروشـتیە کـە لیسـتێکی هاوبەشـی کوردیو عەرەبیو مەسـیحی هەبێت، لـەو لاوە لیسـتێکی سـەربەخۆی عەرەبـی هەبێت، لـەولاوە لیسـتێکی کوردیو شـیعی هەبێت، لەلایەکـی تـرەوە لیسـتێکی جیـاوازی کەسـایەتیە عەرەبـیو کوردیـەکان هەبێت....هتـد، ئـەم نموونانـە بۆ سیسـتەمێکی دیموکراسـی جێگای دەبێتـەوە، بـەڵام کـەی ئـەوە روو دەدات، ئـەوە پرسـیارێکە وەڵامەکـەی لـە ئێسـتادا زۆر دوورە. وە ئەگـەر رەوشـی عێـراق بـەم جـۆرەی ئێسـتا بـڕوات ئـەوا لەوانەیـە هەرگیـز نەگەینـە وەڵامـی پرسـیاری سـەرەوە. بـەس تـۆ مـادام ئیدیعـای وڵاتێکـی دیموکراسـی دەکـەیو هەڵبژاردنەکانیش لەکاتی خۆیدا بەڕێوە دەبەی، ئەوا ئاسـاییو یاسایشـە کـە ببینێـت لیسـتێکی زۆر جیـاوازو هێـزی زۆر جیـاواز بەیەکـەوە کۆببنـەوەو بێنـە نـاو کێبەرکێـی هەڵبژاردنەکانـەوە. ئـەوەی ئەمـڕۆ گرێکوێـرەی پرۆسـەی سیاسـی عێراقە، قەیرانی نەبونی متمانەیە، باشترین بەڵگە زیادکردنی ژمارەی کورسیەکانی پارێزگاکانی عێراقە، بینیمان چ هەرایەکی گەورەی لەنێوان هێـزو نەتـەوەکانو پێکهاتەکانـی نـاو عێـراق دروسـت کـرد. کارگەیشـتە ئـەوەی پرۆسـەی سیاسـی ئـەم وڵاتـەی خسـتە سـەر لێـواری تەقینـەوەی جەنـگو پێکدادان. نەبونی متمانە مانای لاوازی دیموکراسـیو قەناعەتی خراپە بەخودی دیموکراسـی. کـار گەیشـتە ئـەوەی هێـزەکان کۆنـە دروشـمی نەتەوەیـیو هەڕەشـەی جۆراوجۆریـان لەیەکتـر دەکـرد، ئـەو هەوڵـی دەدا وەکـو پاڵـەوان بەسـەر تایەفەکـەی خۆیـەوە دەرکەوێـتو ئـەوی تـر خەباتـی دیموکراسـیانەی نـاو یاسـاکەی بە دەسـتکەوت بەگەلەکـەی بفرۆشـێتەوەو ئـەوی تـر هەڕەشـەی بایکـۆت کردنـی هەڵبـژاردن بـکات. ئەمـەش دەرخـەری راسـتیەکە کـە بەتەنیـا هیچیـان ناتوانـن عێـراق بەڕێوەبـەرن، پێویسـتیش نـاکات کێشـە بـۆ یەکتـر دروسـت بکـەنو سیاسـی هیـچ یـەك لـەو گروپانـە لەسـەر دروشـمەکانی

دژی ئەویتر دەنگی خەڵکی خۆی مسۆگەر بکات. عەمامەی شیعەکان پێویستی بە جامانەی کوردی دەبێو کڵاوی سوننەکانیش بەهەمان شێوە. لە دیموکراسیو هەڵبژاردنی عێراقدا، کڵاو ناتوانێت جامانەو عەمامە قوت بدات. عەمامەو جامانەش بەهەمان شێوە. هەرچەندە بۆ ئەوەی ئەم نەخشە ناشروستیە چیتر نەمێنێت، ئەوا پێویستە ئەو سێ برایە ماڵ بکەنو بچنە ناو ماڵی خۆیانەوە. ئەم خانووە بۆ ئەم سێ برایە بچوکەو ناسروشتیەو ئەم میراتە پێویستە بەش بکرێ، ئەگەر ئەوە نەکرێ دەبێ دیموکراسیو هاوڵاتی بونو دەستور ئەم ماڵە رابگرێ. عێراق لەنێوان دابەش بونو دیموکراسی دەبێ یەکێك هەڵبژێرێ.

قەیرانەکانی ئێستای عێراق، هی ئێستا نین. بەڵکو لەدوێنێوە هاتون. رەگیان لەناو مێژوی ئەم دەوڵەتەدایە، ئەم قەیرانانە ئێستا تەقیونەتەوەو پەرش بونە. بەڵام رۆژێك هەر دێت بە هەر رێگایەك بووە ئەم قەیرانانە بەرۆکی عێراق بەربدەن. عێراق بۆ ئەوەی حساباتی خۆی لەگەڵ ئەم کێشەو گرفتانە یەکلایی بکاتەوە رێگا چارەی باشی لەبەر دەستە، بۆ نمونە ئەوەی کە ئاماژەمان پێدا دەکرێ رۆژێك عێراقیەکان بگەنە ئەو بڕوایەو میراتەکە دابەش بکەن، بەبێ ئەوەی چیتر خوێنی یەکتر بڕێژن. یان کاتێك دەڵێین متمانە نەبون لەناو ئەم وڵاتەدا هەیە، مانای وانیە کە ئێستا کەشفی کێشەیەکی لەم جۆرەمان کردبێ، یاخود کە دەڵێین حەزی خوێن ڕشتنو خۆکردنە پاڵەوان هەیە لەنێوان پێکهاتەکانو نەتەوەکاندا هی ئێستا نیە، بەڵکو دەمێکە خەڵکی تر هەیە درکی بەم راستیە کردووە، بۆ نمونە با ئەم پەرەگرافەی خوارەوە بخوێنینەوە:

« کەنعان مەکییە» لەلاپەڕە( ٣١٨)ی کتێبی( کۆماری ترس)دا باس لە یادداشتێکی نهێنی مەلیکی عێراق( فەیسەل) دەکات کە پێش مردن نوسیوتیو تێیدا فەیسەل دەڵێ:» بەوپەڕی داخو پەژارەیەکی زۆرەوە کە ئازاری دڵم دەدا، دەڵێم تا ئێستا شتێك بەناوی میللەتی عێراقەوە بوونی نیە، بەڵام ئێمە سەروکارمان لەگەڵ جەماوەرێکی زۆرو زەوەندە هەیە کە بە شێوەیەك مرۆڤ وێنای ناکات، فیکری وڵات پارێزییان تێدا نیە، دڵو دەرونیان پڕە لە دابونەریتی ئاینیو خورافیاتو هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نیە، ناخیان

پڕە لە شەڕ، حەز بە ئاژاوەو پشێوی دەکەن و دژی هەموو جۆرە حکومەتێکن، ئێمەش دەمانەوێت لەڕێگەی مەشقپێکردن و فێرکردن و پەروەردەکردنەوە، میللەتێک لەو جەماوەرە دروست بکەین. بە ئاوڕدانەوەیەک لەپێگەی ئەو جەماوەرە، مەزنی ئەو هەوڵ و کۆششەمان بۆ بەدەردەکەوێت کە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە دەیدەین». بە تێگەیشتن لەم قسانەی فەیسەل مرۆڤ ناراست ناڵێ ئەگەر حەز بکات میراتەکە بەش بکرێ و هەرکەسەو بەشی خۆی بباتو ئیتر واز لەم شتە دروستکراوە بهێنین کەناوی عێراقە، چونکە دەبینین کێشەی متمانەو قەیرانەکانی ئێستای عێراق چۆن لەقسەکانی فەیسەل دا دەبینینەوە. عێراق پێویستی بەوە نیە کێ فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵکو پێویستی بەوەیە سیستەمێکی هەبێ کە بزانرێ چۆن فەرمانڕەوایی دەکرێ. چۆن عێراق بەڕێوەببرێت گرنگە، نەوەکو کێ و کام لایەن عێراق بەڕێوەبەرن. دەشێ دیموکراسی چۆنەکە بێ! چونکە بەدیلێکی باشتر لە دیموکراسی بۆ عێراق نیە. سروشتی پێکهاتەی ئەم دەوڵەتە ئەم خواستە دەسەپێنێ. تەنانەت دیموکراسی و دورستکردنی سیستەمێکی مۆدێرنی سیاسی کراوە، وا دەکات کە تارمایی قسەکانی مەلیک فەیسەڵ بەسەر کۆمەڵگای عێراقەوە نەمێنێت. کۆمەڵگایەکی جیاوازتر لە دوێنێ دروست ببێت، ئەمەش بەگەشەپێدانی ئەزمونی دیموکراسی و میکانیزمەکانی دەکرێ، کە دەکرێ لێرەدا هەڵوەستەیەک لەو بوارەدا بکەین: ماوەی مانگێک زیاترە ئێمە لەناو کێبەرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ژیان دەگوزەرێنین، هەم پێکهاتەی لیستەکان و هەم پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، وە ئەنجامدانی ئەزمونەکەو بەرێوەچونی، قسەی زۆرو جیاواز هەڵدەگرن، وە راگەیاندنی ئەنجامەکانیشی قسەی زۆرتر هەڵدەگرێ، چونکە کاتێک دەرەنجامەکانی ئاشکرا کران، دەرکەوت سنوری تایەفەگەری و نەتەوەیی ناو عێراق ماوەتەوەو نەتوانرا دابڕانێکی جەوهەری دروست بکرێ، راستە لیستی العراقیە کە دکتۆر ئەیاد عەلاوی شیعە سەرۆکایەتی دەکاتو سونەکان دەنگیان پێداو لە هەڵبژاردن سەرکەوت، گۆڕانێکی گرنگە لەم هاوکێشەیە، بەڵام هێشتا لە ریشەوە نیەو ئەم هەستی تایەفەگەریە بەهێزە، تەنانەت گروپێکی وەکو گروپە تایەفیەکەی شیعە مەزهەبی

وەکو موقتدا صەدر سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا کە چاوەڕێ نەدەکرا. بەهەمان شێوە کوردیش دەنگی دایەوە لیستە کوردیەکان. واتە کورد دەنگی بۆ کێشەی نەتەوەیی خۆی داوە، کە بێگومان ڕەوشی عێراقو سیستەمی سیاسیو هێزەکانی پێمان دەڵێن کە دەنگ دەری کورد شتێکی هەڵەی نەکردووە زۆر گرنگە کە دەنگی هەر بەخۆی داوە. لەلایەکی ترەوە هێشتا مەرەکەبی پەنجەی دەنگدان لە پەنجەی دەنگدەر وشك نەبوبویەوە، کە زوو ڕاگەیەندرا پۆستی سەرۆکی کۆمار بۆ عەرەبە، لەو لاشەوە سەرۆك کۆماری کورد مەدالیای پاشای سعودیەی وەرگرت چونکە لەماوەی سەرۆکایەتیەکەی باش عێراقی پاراستووە بە هەویەی عەرەبیو دنیای عەرەبی! بەهەر حاڵ ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە ئەوەیە کە گرفتەکان سەریان هەڵدایەوەو زیاتر بونەتە جێگای مشتومڕ نەوەکو بەرەو لاوازی بڕۆن.

ئێستا لە عێراق زۆر مەترسی هەستی پێدەکرێ، وەکو ڕابردوو ترسی کورد بەردەوامە بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کەرکوکو چارەنوسەکەی، ئەوە جگەلە کێشەی نەوتو سنورو پێشمەرگەو بودجەو....هتد، لەهەمان کاتدا شەپۆلێکی تەقینەوەی ترسناك شارەکانی بەغداو خواروو ناوەراستی عێراق گرتەوە کە خوێنی سەدان کەس ڕژایە سەر شەقامەکان. لەلایەکی ترەوە ئاستی دەست تێوەردانی هەرێمیو نێودەوڵەتی هێجگار بەرزە، ئەوەتا کوتلەو لیستو هێز نەما سەردانی ئێران نەکات، بەهەمان شێوەش سەردانی سعودیەیان کرد. تۆ بڵێی لەعێراق چی بەرێوەیە؟ بۆچی ئێرانو سعودیە بەم هەموو قورساییەوە هاتونەتە مەیدانەوە؟ ئایا قسەی ئێمە ڕاست نیە کە ئێران خەمی عەمامەی شیعەگەرایی لەبەرە، سعودیەش خەمی کڵاوی سوننەگەرایی؟ یاخود ئەجێندایەکی تر هەیەو ئاشکرا نیە؟ لەوانەیە داهاتوی حکومەتی تازەی عێراقو سیاسەتی عێراقیەکان هەندێ وەڵام بخاتە ڕوو. بەلام مەترسی هەیە، ئەمەش جێگای ئەوەیە تێبینی بکرێو قسەی جددی لەسەر بکرێ، چونکە هێشتا بەتەواوی ئەنجامی دەنگەکان ڕانەگەیەنرابون کە ڕۆژنامە ئەمریکیەکان بڵاویان کردەوە: کە مالیکی ئامادە نیە بە شێوەیەکی ئاشتی دەسەڵات ئاڵوگۆڕ بکات، بێگومان ئێمەش هەستمان کرد کە

گوتاری مالیکی زۆر ئاشتیانە نەبوو! بەردەوام بونی رەوشی لەم جۆرە متمانەی پێکهاتەکانی عێراق زیاتر دەکوژێت. ئایا ئەزمونی هەڵبژاردنەکان دەتوانێت لەداهاتوو ئەم مەترسیانە بڕەوێنێتەوە؟ بەبۆچونی من ئەم پرسیارە کلیلی دەرگا سەختەکانی دەوڵەتی عێراقە، چونکە گەورەبونی ئەم مەترسیانە مانای شکستی پرۆسەی سیاسی عێراقو ئەزمونی هەڵبژاردنەکانو تێکچونی شیرازەی ئەم دەوڵەتەیە. هەموو لایەك بۆیە هانای بۆ هەڵبژاردنەکان بردووە بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانی خۆی بخاتە ناو صندوقی هەڵبژاردنەوە، نەوەکو ناو مەخزەنی فیشەکی تفەنگی شانی. کەواتە شکستی پرۆسەی سیاسی ئێستاو هەڵبژاردنو دیموکراسی، مانای راگەیاندنی جەنگێکی ناوخۆو دەست بردن بۆ توندوتیژی. ئەیاد عەلاوی لەبەرامبەر هەوڵی یەکگرتنی لیستی دەوڵەتی یاساو لیستی ئیتیلاف، گوتی: ئەگەر ئەم یەکگرتنە روبدات ئەوا عێراق روبەروی جەنگی ناوخۆ دەبێتەوە. بێگومان ئەم قسەیەی عەلاوی هێندە سانا نیە، چونکە رەوشی عێراق شانی هەڵدەگرێ کە بەم ئاقارەدا بڕواتو زەمینە سیاسیەکەی زۆر لەبارە، کێشە گەورەکە لەم وڵاتەدا ئەوەیە زەمینەی جەنگو توندوتیژی زۆر لەبارترە لە زەمینەی ئاشتیو دیموکراسیو پێکەوەژیان، ئەمەش وایکردووە ئێمە بیر لەمەترسی بکەینەوە. سەبارەت بەم رەوشە چاوپێکەوتنی نوسەرێکی عێراقی سەرنجی راکێشام، کاتێك لە قسەکانیدا گوتی: پێویستە عێراق قۆناغی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر ئەم تایەفەگەرییە کۆتایی پێ بهێنێتو پشت لە حزبی دینی سوننەو شیعە بکات کە پشتیان بە ئیسلام بەستوەو بەدروست کردنی فەزای تایەفەی دینی دەوڵەتی عێراقیان کۆنترۆڵ کردووە. بە ئەزمونی ئەم چەند ساڵەو مێژووی عێراق، دەرکەوت ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەڵە نیە، بۆیە پێویستە بەرگی تایەفەی دینی دور بکەوێتەوەو فەزای گشتی ئەم دەوڵەتە هێزە فرە جیاوازەکانو کراوەو دوور لە تایەفەگەری خاوەنی بن.

کوردیش لەناو ئەم فەزایە قەیرانی خۆی هەیە، چونکە کاتێك دەیەوێت لەگەڵ هێزێکی شیعە گفتوگۆ بکاتو لەیەکتر نزیك ببنەوە، ئەوا راستەوخۆ ئەو هێزە سوننیانە وا تەفسیری دەکەن کە لەسەر حسابی ئەوانو بۆ دژایەتی ئەوانە. بەهەمان شێوە کاتێك کورد لە هێزە سوننەکان

نزیك دەبێتەوە، شیعەكانیش هەمان تەفسیر بۆ ئەم نزیك بوونەوەیە دەكەن، لەوەش خراپتر ئەوەیە دەوڵەتانی ترو هێزە ئیقلیمیەكانیش هەمان روانینو وێنە دروست دەكەن، هەر بۆ نمونە دوو دەوڵەتی وەكو سعودیەو ئێران!. لەلایەكی تر ئەمە بۆ گەلی كوردیش راستە، چونكە كاتێك هێزی سوننەو شیعە لەیەكتر نزیك ببنەوە، كورد یەكسەر وا تەفسیری دەكات كە لەسەر حسابی كوردو بۆ دژایەتی مافەكانی كوردە. ئەمە یەكێكە لەو قەیرانە سەختانەی كە سیستەمی تەوافوقی سیاسیو پێكهاتەكانی عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنن، كەواتە هەڵە نین ئەگەر بڵێین سیاسەتی تەوافوق بۆ بەڕێوەبردنی عێراق خاڵی نیە لە رەخنەو گرفتی گەورە. لەكاتی ئەم جۆرە هەنگاوانە خودی ئەمریكیەكانیش توشی هەستیاری دەبنو زۆر بە وردی هەوڵ دەدەن بزانن چۆنیەتی ئەم لەیەك نزیك بونەوانە چۆنەو كام دەوڵەتو كام ئەجێندا رێكیخستووە، یان ئاگای لێیە. یاخود لەكوێدا زیانی بۆ ستراتیژی ئەمریكا هەیە لە عێراقدا. ئەمە دۆخێكە هەڵبژاردنو دەنگ دەری عێراقی دەتوانێت تێكوپێكی بشكێنێت، بەلام ئەوەتا دەبینین جارێ زۆر سەختەو ئاسان نیە ئەم هەلومەرجە بەهیچ شێوەیەك تێبپەڕێنرێت. ئێستا دژوارە هەموو لایەنەكانی جموجوڵی سیاسی ناو عێراق شرۆڤە بكرێت، چونكە گۆڕانەكانو جموجوڵەكان زۆر خێراو چاوەڕوان نەكراون، هەندێ جار مرۆڤ ناتوانێت لە ناكۆكی تەنانەت یەك حزبو یەك كوتلەش تێبگات كە چۆن پڕن لەناكۆكیو سیاسەتی جودا جودا دەربارەی رەوشی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی عێراق.

جیاواز لەم رەوشە تایەفەگەرییەی ناو عێراق، جوڵەی ترن كە عێراقی تەواونو بەلام نوێنەرایەتی هیچ سیاسەتێكی تایەفەگەری ناكەن، بەشێك لەو جموجۆلانە لەسەر ئاستی تاكەكەسی خۆی دەبینێتەوە، ئەمانە خاوەنی رای تایبەتی خۆیانن، كەسانی عێراقی گرنگن، پێویستە راوێژیان پێ بكرێ، حساب لەسەر نیگەرانیو بێزاریان بكرێ، هەوڵ بدرێ بۆچونەكانیان لەجێگای خۆی وەربگیرێ. بەشێك لەم جموجۆلانە روپەڕی زۆری راگەیاندنی عێراقیو دەرەوەی عێراقیان داپۆشیوە، راگەیاندنی كوردیش بەگوێرەی پانتایی خۆی ئەمەی لە بیر نەكردووە، ئەمانە بۆچونی جیاوازن، قسەكردنێكی ترن

لەسەر عێراقو ئێستاو داهاتووەکەی تەنانەت لەسەر رابردوەکەشی. بۆ نمونە بۆ یەکێك لە رۆژنامە کوردیەکان، کەسێکی وەکو (لوئەی بەحری) بە رەچەڵەك عێراقی چەندین بۆچونی جیاواز دەخاتە روو، ئەم کەسایەتیە پسپۆڕێکی پەیمانگای خۆرهەڵاتی ناوەراستەو چەندین کتێبو وتاری لەسەر عێراقو ناوچەکە هەیە، مامۆستا بووە لە چەندین زانکۆی ئەمریکی. بۆ پاشکۆی رۆژنامەی رۆژنامە بەناوی( پرد) ژمارە (٤٠٥) بەرواری ٢٠٠٩/٢/١٢ دەڵێت: « پێش روخانی رژێمی پاشایەتی ساڵی ١٩٦٨، عێراق وڵاتێکی جیاوازو لە ئێستا دیموکراسیترو باشتر بوو، تۆ هەرگیز گوێبیستی گەندەڵی نەدەبویت، خەڵکی دەیانتوانی وەزیرێك بدەنە دادگا، رۆژنامەکان حسابیان بۆ دەکراو قسەی رۆشنبیرانونوسەرانیش بەهەند وەردەگیران، ئەگەر کەسێك شتێکی بنوسیایەو هێرشی بکردایەتە سەر حکومەت هیچیان لێنەدەکرد» . پێچەوانەی ئەم قسانەی لوئەی بەحری پسپۆر، ئێستا لەساڵی ٢٠١٠ عێراق بەوڵاتێکی مەترسیدار دادەنرێ بۆ رۆژنامەنوسانو رۆشنبیرانی ئازادی خواز، عێراق بە یەکێك لە گەندەڵترین وڵاتی دنیا دێتە هەژماردن، عێراق لەهەموو کات زیاتر هێرشی لەسەرە بۆ لەناوبردنی وزەی دیموکراسیو کرانەوەی. هەستی تر هەن بەجۆرێکی تر بیر لە دارشتنەوەی سیستەمی ژیانی عێراق دەکەن، ئەویش روانینی ئابوریانەیە کە دەیانەوێت عێراق وڵاتێکی بەهێزی ئابوری بێتو بەهۆی ئەمەوە ژیانی خەڵك بەجۆرێك گۆڕانی بەسەردا بێت کە مەسەلەکانی تری تایەفی بەجێبهێڵێتو ئەم روانینە لوئەی بەحریش پشتگیری لێ دەکاتو بەلای ئەوەوە چاککردنی ژیانی خەڵکیو چاککردنی موچە یەکێك لە ستراتیژە گرنگو هەرە لە پێشینەکانە. ئەم بۆچونە لە ئاستی دەرەوەی عێراقیش زۆر پشتگیری هەیە، تەنانەت دەوڵەتان حەز دەکەن بەشی شێریان بەربکەوێت بۆ هاتنە ناو کێبەرکێی ئاوەدان کردنەوەی عێراق لە رێگای کۆمپانیاکانیانەوە. بەلام ئەوە رەوشی ئاڵۆزی ئەمنیو سیاسی یە وایکردووە نەتوانن بێنە ناو عێراق، جگە لە هەرێمی کوردستان کە بەشێك لەو سیاسەتە ئابوریەی تێدا گەشە کردووەو لێشاوێك کۆمپانیای دەرەوەی تێدا هەن. بەلام بۆ تەواوی ناوچەکانی عێراق ئەوا مەسەلەکە ئاڵۆزەو جارێ ئاسۆیەکی رون نیە. بەس ناکرێ ئەوە لەیاد بکەین کە

گەندەڵی پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەم هەلومەرجە ئابوریەوە هەیەو جێگای فەرامۆش کردن نیە. گەندەڵیو تێکچونی باری ئەمنی دوو چەقۆن کە شادەماری ئابوری عێراقیان بڕیوەو ئابوری وڵاتیان نەزیف کردووە. قفڵ دانی دەرگا گەندەڵەکانو دواتر موحاسەبە کردنی ئەوانەی ئەو دەرگایانەیان کردۆتەوە بەروی ئەم دەوڵەتە ماڵ کاول بووە، یەکێکە لەو سەرکەوتنانەی کە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی جێگیری زۆر بەهێز دەبات، تەنانەت لە ئاستی ناوخۆو لەسەر ئاستی دەرەوەش متمانەیەکی زۆری بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوانەی هاوار دەکەن لەدژی گەندەڵی نەك لە هەڵەدا نەچون، بەڵکو باش درکیان بەوە کردووە کە چ زەرەرێك لەم دەوڵەتە دراوە بەهۆی گەندەڵیەوە. وە گورزێکی کوشندە بەر کەلەکەی دیموکراسی دەکەوێت کە گەندەڵی هەبێت، گەندەڵی خەنجەرێکی ژەهراویە لەپشتی هەر دەوڵەتێك بچەقێ دەیکوژێت.

# ئایا عێراق مۆدێلێکی تازەیە

دوای نەمانی فەرمانڕەوایەتی صەدام حسێن لەعێراقو هاتنی ئەمریکا. هەرێمی کوردستان وەکو باشترین مۆدێلی دیموکراسیو ئازادیو کرانەوە بانگەشەی خۆی دەکردو یەك دنیا گوتارمان گوێ لێ بوو دەربارەی ئەوەی کە مۆدێلی کوردستان بۆ تەواوی عێراق بگوازینەوە. ئەمە یەکێك بوو لەو مەسەلە گەرمانەی کە رۆژانە دەمانبیست. دوا بەدوایی ئەمە شتێکی تازەتر هاتە کایەوە کە ئێستاش دەربارەی قسە دەکرێت ئەویش عێراق مۆدێلێکی تازەیە بۆ ناوچەکە، وە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. واتە لەناوخۆی عێراق بانگەشەی مۆدێلی کوردستان دەکرێتو لەعێراقیش بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئەم سیستەمەی ئێستای عێراق مۆدێلێکی دیموکراسیو کرانەوەو پێشکەوتووە بۆ دەوڵەتانی تری ناوچەکەو رۆژهەڵات سود مەند دەبێت لەدیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی عێراق. بەڵام ئێمە کەلەناو ئەم عێراقە دەژین، راستیەکەی زۆر نەهامەتی گەورە دەبینین لەبەردەم کرانەوەو دیموکراسی، هێشتا ئێمە مۆدێلێکی تازە نین، نەهەرێمی کوردستانو نە عێراق ئەو مۆدێلە نین کە ئیتر پشتی گەورەی پێ ببەستین. ئەمەش واتای ئەوە نیە نیشانەیەکی خوارو خێچ بەسەر هەرێمو بەغداد بهێنین، نەخێر. بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین کە دیموکراسیو گواستنەوەی ئەزمونەکەت

وەکو مۆدێلێکی سەرکەوتوو بەقسەی خۆش نیە. ئەگەر دەوڵەتی عێراق بتوانێت ناکۆکیە قوڵەکانی تایەفەگەریو ئاینیو نەتەوەکەی تێپەڕێنێت، بتوانێت سیستەمەکەی بەرەو دیموکراسی چەسپاوو بەپرەنسیپو پەیامەکانی دیموکراسی رێك بخاتو لەواقیعدا دیموکراسی بکاتە ئەزموون..ئەوا گومانی تێدا نیە دەبێتە مۆدێلێکی تازە. دەشێ ئەزمونی لێ وەربگیردرێت، هەتا بشگوازرێتەوە. بەڵام کۆسپەکانی ناو عێراقو خۆ گرتنیو بەردەوامی ئەزمونەکەی ئاسانو بێ دەسەڵات نین. هەرێمی کوردستانیش بەم شێوەیە کەئێستا هەیەتیو گرفتی ناوخۆی هەیە، ئاسان نیە بتوانێت بانگەشەی مۆدێلێکی سەرکەوتووی دیموکراسی بکات. بیەوێت بیگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی تر، جیاوازی نێوان مۆدێلی کوردی لەهەرێمی کوردستان، لەگەڵ مۆدێلی دەسەڵاتی ئێستای بەغدا زۆرە، جۆری بانگەشەکانیشیان هەر لەیەکتر جیاوازە. بۆیە ئەم دوو ئەزمونە لەزۆر خاڵی گرنگ لەیەکتر دوورن، ئەمەش وایکردووە لەناو هەرێمو بەغدا چەندین بۆچونی دژ بەیەکتر سەریان هەڵداوە. بۆ نمونە لەهەرێمی کوردستان رایەك هەیە بەرگری لەوە دەکات کە ئێستا ئەزمونی بەغدا لەدیموکراسیو گۆڕانو کاری پەرلەمانیو نەزاهەو ئیدارەدا لەکوردستان سەرکەوتوترەو بەغدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام بۆچونەکەی تر زۆر پێچەوانەیەو بەتوندی دژی ئەوەیە کە بەغدا دیموکراسیترو سەرکەوتووتر بێت لەکوردستان. ئەم دوو بۆچونە هەر لێرە لەکوردستان نیە، بەڵکو لەبەغداش باسێکی ئاوا هەیە. ململانێ لەسەر سەلماندنی یەکێك لەو بۆچونە ئێستاش گەرمەو گرنگەو چەندین گفتوگۆی دەربارەی دەکرێ. ئێمە چۆن بتوانین سەرکەوتووبینو بەشێوەیەکی رۆشن ببینە مۆدێلێکی باوەڕ پێکراو، دەبێ بۆ ئەم راستیە ئازایانە بڕوامان بەدیموکراسیو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بێت. هەر بۆ نمونە با بەراوردێك لەنێوان هەرێمو بەغدابکەین لەسەر دیاردەی گەندەڵی، ئەگەر تێبینی بکەین بەغدا زۆر بەئازایانەو گەرموگوڕ ئیش لەسەر دیاردەی گەندەڵی دەکات، تەنانەت وەزیر پەلکێشی ناوپەرلەمان دەکرێ، لێ پێچینەوە هەیە، گۆڕان هەیە. بەراستی ناکرێ حاشا لەوە بکەین کە عێراق جددییەو ئازایە لەدەست نیشان کردنی گەندەڵی، تۆ سەیرکە چەندە بەشێوەیەکی راشکاوانە لەسەر گەندەڵی هەڵوەستە دەکەن، دەستەی نەزاهە هەیە، جموجۆڵو کاری زۆر دەکات، قسەی هەیە لەسەر دامەزراوەکان، بەڵام

لەکوردستان کەزۆرتر لەپێش ئەزمونەکەی بەغدایەوەیە لە تەمەندا، تازە قسە لەوە دەکرێ دەستەی نەزاهە دابنرێت، راستە چاودێری لەکوردستان هەبووە. بەلام وەکو ئەوەی عێراق هەست بە راشکاوی ئیش کردن ناکرێ، ئەمە مانای بەهێزنیشان دانی بەغداو لاواز نیشاندانی هەرێم نیە، چونکە کاری ئێمە بڕیاردان نیە، بەڵکو شرۆڤەیە. خواستی ئێمە بەهێزبونی هەرێمە. بەڵام بەدیموکراتیزەبونی عێراقیش هەماهەنگی گەورەی داهاتووی ئێمەیەو ترسمان لەکارەساتەکان کەم دەکاتەوە. هەرێمی کوردستان لەپێشبڕکێ دایەو بەغدا موونافیسێکی زۆر دژوارە. هەرچەندە ئەگەر سەیری رابردووی عێراق بکەین رەش بین دەبین لەدیموکراتیزەکردنو ئارام بونەوەی ژیانو نەمانی بۆنی خوێن. بەڵام بۆ ئێمە ئێستاو داهاتوو گرنگە. چونکە ئەگەر هەرێم لەپێشبڕکێکە دوا بکەوێت ئەوا عێراق پاڵپشتیو هەماهەنگیو متمانەی نێو دەوڵەتیو رێکخراوە جیهانیەکان بەدەست دەهێنێت، ئەو کاتە بەشێوەیەکی راستەقینە هەرێم روبەروی پەراوێزو گەمارۆو بێ متمانەیی دەبێتەوەو دووریش نیە دۆستەکانیشمان لێمان بێ متمانەبنو روومان لێ وەربگێڕن. دەبێت جیهانی تازە بخوێنینەوە، ئەگەر عێراق مۆدێلێکی تازە بێت، با هەرێم ناوکی ئەم مۆدێلەبێت.

## ئەمریکیەکان سەربازەکان دەبەنەوە کێشەکان دەهێڵنەوە

یەکێك لەو رەخنە سەر سەختانەی کە سەری سەرۆکایەتی بوشی خوارد، جەنگی عێراق بوو. لەگەڵ ئەو رەخنەیەی کە پێشبینیو توێژینەوەیەکی بۆ دوای روخانی صەدام حسێن نەبوو. واتە پلانی نەبوو بۆ دارشتنەوەی سیستەمی سیاسیو ژیانی کۆمەڵگای عێراق، کە بتوانێت رێگا لە دروست بونی ناکۆکیو جەنگو کوشتو کوشتار بگرێت. ئەمەش وایکرد بۆ ئۆباما زەمینەیەکی لەبار دروست بکات لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، ئۆباماش دروشمی گۆرانی هەڵگرتبوو کە تێیدا باسی کشانەوەی دەکرد لە عێراقو کۆی ئەم بارودۆخە ناهەموارەی دەخستە ئەستۆی ئیدارەی سەرۆکایەتی بۆشەوە. بۆیە کاتێك ئۆباما هاتە ناو کۆشکی سپیو سوێندی سەرۆکایەتی ئەمریکای خوارد، رایگەیاند کە لەماوەیەکی زەمەنی دیاری کراودا لە عێراق دەکشێینەوە. وەك چۆن ئێستاش دەبینین بەردەوام سورە لەسەر بەڵێنەکەیو هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ:» عێراق دەدەینەوە دەست گەلەکەی». گەرانەوەی ئەمریکاش بۆ نەتەوەپەرستەکانی عەرەب هەلێکی باشە بۆ ئەوەی موزایەدەی نیشتمانی پێوە بکەن. وە بیکەنە بۆنەیەك بۆ ئەوەی نمایشی دەسەلاتی خۆیان بکەن، تەنانەت بیکەنە هۆیەکی زۆر کاریگەر بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسیەکانی خۆیانی پێوە بەدەست بێنن. ئەمریکیەکانیش ئەوە دەزانن، بەلام گوێ بەم سیاسەتە نادەنو ستراتیژەکەی خۆیان بەلاوە

گرنگترە. بونی ئەمریکیەکانو ئەو رەوشە ناهەموارەی لەناو کۆمەڵگای عێراقدا هەیە، باشترین خزمەت بە رەگەزپەرستی عەرەبیو دەسەڵات خوازە نادیموکراسیەکان دەکات، کاریگەرترین هۆیە بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکی عێراقی پێ بگرن، بچوکترین روداوی ناخۆش لە عێراق کە روو دەدات یەکسەر هۆیەکی بۆ بونی داگیرکاری ئەمریکیەکان دەکێڕنەوە. بێگومان ئەمەش هەلە گرنگەکەیە بۆ ئیش کردنی ئەو هێزانەو پێگەی خۆیان لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتە پتەو دەکەن، بەدڵنیاییشەوە هێزیان لێ وەرگرتووە، بۆنمونە لەم رۆژانە لەناو خودی پەرلەمانی عێراقدا خەریکی ئەنجام دانی کودەتا بوون. ئایا ئەوە باشترین نمونە نیە بۆ ئەوەی لەم بارودۆخەی هەنوکە تێبگەین.

ئێستاش راستەوخۆ ئەو پەیامەی ئیدارەی تازەی ئەمریکا دەبینین، کە بەردەوام جەخت لەو نەخشەیە دەکەنەوە کە لە عێراق دەڕۆن، ئەو عێراقەی بە چەندین کێشەی بنەڕەتیەوە هەڵاوساوەو هەمیشە ئامادەیە بۆ تەقینەوە، ئۆباما دەڵێ ئێمە دەگەڕێینەوەو وڵاتەکەتان دەدەینەوە دەستو ئیتر خۆتان بەرپرسیاری بەرێوەبردنین. بەڵام پێ ناچێت بتوانین عێراق بەرێوەبەرین، چونکە کێشەی نێوان سوننەو شیعەو کوردوبەغدا نەکێشەی تازەن، نەکێشەی تاکتیکین، بەڵکو کێشەی ستراتیژیو ریشەیی ناو ئەم جوگرافیایەن کە عێراقە. یەکێك لە جەنەراڵە ئەمریکیەکان باسی لەوە کرد کە ئێستا سوننەو شیعەکان کەمتر یەکتر دەکوژن، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ لە باکوری عێراق بەتایبەت موصڵ، ناکۆکی نێوان کوردو عەرەب بتەقێتەوە، وەك چۆن هەردوولایان نیگەرانی بارودۆخی موصڵو کەرکوكو دیالەن، ئەمە کێشە تازەکەی بەردەم ئیدارەی ئۆبامایەلە عێراق، خوێن ئاسان گۆڕەپانی سیاسیو نەتەوەییو تایەفی ئەم عێراقە جێ ناهێڵێت، عێراقیەکان هەمیشە بیانوی زۆر باشیان بەدەستەوەیە کە پێکەوە شەڕ بکەن. ئەمریکیەکان سیاسەتیان ئەوەیە چۆن عێراق بە جێ بهێڵن؟ کشانەوەی سەربازەکانیان لە عێراق سەردەمێکی تازە دەبێت بۆ گەلی ئەمریکاو سیاسەت لەناوچەکە، تەنانەت نەخشەی زۆر شت دەگۆڕێت کاتێك دەبینین سەربازەکان لەناوچەکە دەگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا. کاتێکیش ئەمریکیەکان پێشبینی ئەوە دەکەن جەنگی ناوخۆی عێراقیەکان بتەقێتەوەو ناکۆکی نێوانیان بە دیالۆگ چارەسەر نەبن، ئەوا زەحمەت ترین شت بۆ ئەوان ئەوەیە چۆن عێراق کۆنترۆڵ بکەنەوە. کورد نەك هەر ترسی جەنگی عەرەبو کوردی هەیە، بەڵکو سیاسە کوردیەکان زیاتریش لەوە دەڕۆنو مەترسی ئەوە ناشارنەوە ئەگەر ئەمریکا لێرە نەمێنێت، ئەوا جەنگی کوردو کوردیش بەرپا ببێت. ئەمریکا کێشەکان دەداتەوە دەست خۆمان، ئەوە گرنگی خۆی هەیە،

بەڵام کارەساتەکە لەوە دایە تواناوبیرکردنەوەی ئاشتیانەی چارەسەرکردنمان نەبێت، ئەو کاتەش زمانی جەنگ دەکەوێتە نێوانمان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانمان. ئەم ترسە شتێکی تیۆری نیە یەکجار لە توێژینەوەیەك بگەینە ئەو ئەنجامەو بڵێین ئێمە ئەو تیۆرەمان کەشف کردووە، بەڵکو ترسێکی هەمیشەیی یە. شارەزایەکی سیاسی بیانی لەسەر کورد قسەیەك دەڵێ:» ئەگەر کوردەکان کەسێکی بیانی نەبێت، لولەی چەکەکەی بەرەو روو بکەن، ئەوا روی چەکەکانیان دەکەنە یەکتر» . راستی ئەم قسەیە لە مێژووی کوردا هەیە. ئەمریکیەکان ئەگەر عێراق جێبهێڵن کارکردنی تەوافوقی لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا، دەکەوێتە ناو جەدەلێکی زۆرەوە، هەندێ هێز هەن کە ئامادەنین چیتر بەم شێوەیە سیستەمی سیاسی عێراق بەرێوەبەرن. هەندێ ترسی تر هەن لەکاتی گەڕانەوەی ئەمریکیەکان بۆ وڵاتەکەیان، بەڵام بۆچونمان وایە ئەم ترسانە زیاتر شتێکن لەچوارچێوەی هەندێ پێشنیارەوەن، واقیعی عێراق رێگەی ئەوە نادات ئەم ترسانە کار لە داهاتووەکەی بکەن، بەڵام ترسی جەنگی ناو عێراقیەکان لەجێگای خۆیەتی. بۆ ئەوەی لەگەمەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تێبگەین، پێویستە کورد گرەو لەسەر دیموکراسیو فیدڕاڵی عێراق بکاتو بەردەوام بێ لە خواستە دیموکراسیەکانیو دەستوریەکانی، چونکە زۆرن ئەو هیواو ئاواتانەی تر لە عێراقدا کە دەیانەوێت لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا دیموکراسیو فیدڕاڵی بخەنە ئەرشیفی مێژووی عێراقەوەو بڵێن شتێك بوو نەما...، کاتێکیش شوناسی ئەم عێراقە بگەڕێتەوە بۆ ئاواتی یەك جۆر سیاسەتو رەمزی دەسەڵاتو سیستەم، ئەوا بێ مانایە کورد بیر لەوە بکاتەوە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەرچەندە تێ دەگەین کە جیابوونەوە لە عێراقی بوون، زەحمەتی گەورەی دەوێت، بەڵام لای ئێمە نابێت خەون بێو مەحاڵ بێت، چونکە ستراتیژی کورد، ستراتیژێکی نەتەوەییە. سەربەخۆییو ئازادی گەلێکە. ئەمەش لێمان دەخوازێت، ئازاتر روبەروی شوناسی ئەم دەوڵەتە ببینەوەو لەکاتی دۆڕانی دیموکراسیو فیدراڵی، مانای دۆڕانی پێکەوەژیانێکی راستەقینەو گەڕانەوە بۆ مێژوویەك کە یەکتریمان دەکوشت، ئەم خواستە بۆ کورد چەندە عێراقیەو پەیامێکە بۆ بەغدا، ئەوەندەش خواستێکی ناوخۆیەو دەبێ دیموکراسی هەرێم گەشەی بەردەوامو کرانەوەی زیاتری بەخۆیەوە ببینێت، ئەگەر لەهەولێر دیموکراسی بدۆڕێنین، مانای وایە قسەمان نیە لە بەغداش داوای ئەوە بکەین کە دیموکراسی بێت.

# دیموکراسی گاگۆڵکە دەکات

بڕوام بەوە نیە دیموکراسی هەر بوونی هەبێت لەعێراق، دنیای صەددام حسێن بە دەموچاوو سیناریۆی دیکە عێراقی خستۆتە ژێر چنگیەوە، بەڵام لەبەر خاتری هەندێ برادەر با زۆر دڵیان نەڕەنجێ وپێمان نەڵێن رەش بین. دەڵێین دیموکراسیەك لەعێراق هەیە لە قۆناغی گاگۆڵکەیە، لارە لاری ئەوەیەتی سەرپێ بکەوێتو وردە وردە قۆناغی منداڵیەتی خۆی تاقیبکاتەوەو بەرەو گەنج بوون وکامڵ بون بڕوات. ئەم دیموکراسیەی عێراق لە کۆتایی ساڵی 2012 بە تەقینەوەو خۆپیشاندان وتوندوتیژی پێشوازی لە ساڵی تازەی 2013 کرد. لەشارە سونیەکان خۆپیشاندان وناڕەزایەتی جەماوەری تەواو کڵپەی سەندوەو باو باوی ئەوەیە باس لەبەهاری عێراقی بکەیت. لەملاشەوە مالکی شیعە مەزهەبی سەرۆك وەزیران بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بڕیاریدا 700 حەوت سەد ژنی سوونە لەزیندان ئازاد بکات، جارێ تەنها حەوت سەد ژن ئازاد کراوە، دەبێت چەند حەوت سەد ژنی دیکە لەزیندان مابن؟ دوای ئەوەی مالکی هەڵیکوتایە سەر وەزیری دارایی وپاسەوانەکانی دەستگیرکردن، ناوچە سونیەکانی عێراق رژانە سەرجادەو بەرگری لە عیساوی وەزیری دارایی سونە مەزهەب دەکەن. ئەوەیە شانۆی سیاسی ورووداوەکانی عێراق، کە گرتن وزیندان وئەشکەنجەو کوشتن

وتەقینەوەیە. سیاسیەکان لەبری ئەوەی ئاوڕێك لە خزمەتگوزاری هاوڵاتی ماڵویران بووی عێراق بدەنەوە، خەریکی پەنجە راوەشاندنن لەیەکتری. بەراستی عێراق وڵاتێکی دیموکراسیە؟ لێرەدا با تۆزێك بۆ گورگ شتێك بڵێین: ئەگەر صەدام حوسێن هەزاران ژنی ئاوا زیندانی بکردبوایە، هەر ئەم سیاسی وخەڵکانە گوێی دنیاو عێراقیان کەڕ دەکرد لەسەر دڕندەیەتی صەدام، بەڵام بۆخۆیان ئێستا ژن لەناو زیندان فاسد دەکەن، رۆژ نیە بەهۆی ناکۆکی ودەسەڵات وبەرژەوەندییانەوە خێزانی عێراقی توشی کوشتن ودەربەدەری وماڵویرانی نەبێت، کەچی خۆیان پێ لەصەدام زۆر باشترەو زۆریش خۆیان بەدیموکرات ناو دەبەن.

بەبۆچونی من لەعێراق پرۆسەی سیاسی تەواو شکستی هێناوە، سەیری سونەکان بکە لافیتەکانیان دەیان دروشمی جیاواز جیاوازی تێدا نوسراوە، کە لەگەڵ دەستورو یاسای عێراق ناکۆکی هەیە، شیعەکانیش بەهەمان شێوە شتی وا دەڵێن هیچ پەیوەندی بە دیموکراسی وپێکەوەژیان نیە. کوردیش بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی دیجلە وەستاوەو لولەی تفەنگیان ئاراستەی یەکتر کردووە، بۆیە نوکتەیە باس لەعێراقێك بکەی دیموکراسی وپێکەوەژیانی سیاسی وئاشتیەوایی نیشتمانی تێدا بێت. عێراق پێویستە یان هەڵبوەشێتەوە، یان هەر ئاوا چاوەڕێ بکەین ناکۆکی وتەنگەژەو خوێن وکوشتن بمانهاڕێت. دیموکراسی لە گاگۆڵکەش دەکەوێت وبەمجۆرە بەزوویی دەمرێت ولەناو روباری دیجلە دەبێت بۆ تەرمەکەی بگەڕێین. وەك چۆن تەرمی نەناسراو فڕێدەدرێنە ناو روباری دیجلەو راگەیاندنەکانی عێراق بە هەواڵ بۆمان دەگێڕنەوەو باس لەوە دەکەن تەرمەکان لەناو روباری دیجلە دێن ودەڕۆن.

# سونەکان ناوەستن

23/2/2013 هەینی (عێراق یان مالکی) لە ناوچەو شارە سونیەکان لەعێراق بەڕێوەچوو، لە خۆپیشاندانەکاندا وێڕای دژایەتی توندی سونەکان بۆ نوری مالکی سەرۆك وەزیران، ئەوا دژی ئێران قسەی زۆریان کردو رایانگەیاند پڕۆژەی سەفەوی ئێران لەعێراق تێکدەشکێنن، لەبەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکاندا، سونەکان داوایان کرد ئەوانەی تۆمەتبارو تاوانباری ئەنفالن ئازاد بکرێن. گرژی و توندوتیژی زۆر لەنێوان هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەت وخۆپیشاندەران دا هەیە، ئەوەی پەرشبونەوەی ئاگرەکەی راگرتووە هەندێ مەسەلەو فاکتی سیاسی ودەوڵەتی وئیقلیمیە، ئەگینا عێراق وەکو دامەزراوەو پرۆسەی سیاسی ئێوەخۆش.

پرۆسەی سیاسی عێراق نەك شکستی هێناوە، بەڵکو دەبێت نزای ئەوە بکەین دەریای خوێن بەرۆکی هەموو پێکهاتەکانی نەگرێت، بۆ نمونە حکومەت لەناو شارە سونیەکان وناوچەکانی ئەواندا بەتەواوی پەکی کەوتووە. لە هەرێمی کوردستانیش شیعەو سونە بەهۆی ناکۆکی مالکی وهەرێمی کوردستانەوە، نێوانیان زۆر زۆر خراپەو حکومەتی ناوەند زۆر دەمێکە لەهەرێمی کوردستان هەبوونی نیە!؟.

کەس متمانەی بە پرۆسەی سیاسی عێراق نەماوە، هەموو ئەوانەشی

دەستپێشخەری وپرۆژەیان پێشکەش کردووە، شکستیان هێناوە، کەس گوێ لە کەس ناگرێت، پێدەچێت تاوەکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو ئەم واقعەی ئێستا درێژەی هەبێت، لەوانەیە جۆرێك داکشان وهەڵکشان بەخۆیەوە بگرێت، بەڵام پرۆسە سیاسیەکە ناکەوێتەوە سەر خەتی خۆی وجێگای متمانەو بەهێزبوونەوەی پەیوەندیەکان. شێخ سەعید لافی وتەبێژی خۆپیشاندەرانی ئەنبار حکومەتی ناوەندی بە زۆردارو ستەمکارو دیکتاتۆر وەسف کرد. ئەم وتەبێژە رایگەیاند بەردەوامی سەرکوتکردنی سونەکان لەلایەن حکومەتی بەغداوە؟ وا لەسونەکان دەکات هەرێمی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن. تابلۆی سیاسی عێراق لێڵ وتەمومژاویە. پێناچێت ئەم خۆپیشاندانەی سونەکان هەروا بێ ئاڵۆزبونی گەورەو روداوی

سیاسی کاریگەر کۆتایی پێبهێنرێت.

# بەڵێ بەغدا پايتەختێكى كراوەيە!

سونەكان ماوەى دوو مانگ زياترە خۆپيشاندان وهەرايانە لەسەر ئەوەى وەك پێكهاتەى سونە لەلايەن دەسەڵاتدارانى بەغداوە دەرگاكانى سياسى ومەزهەبى وهاولاتى بون وئازاديان لەسەر داخراوە. كوردەكان بە وەزيرو گزيرەوە هاتنەوە هەرێمى كوردستان وگوتيان جارێ ناچينەوە بۆ بەغدا چونكە لەوێ دەرگاكانى مافە سياسى ودەستورى وئيدارى ونەتەوەيەكانمان لەسەر داخراوە. هەموان گلەيى لە پرۆسەى سياسى و حوكمڕانى عێراق دەكەن، تەنها تيرۆرستەكان نەبێت. ئەوان بەئارەزووى خۆيان لەدەرگاى شارە عێراقيەكان دەدەن وچۆنيان پێ خۆشبوێت، كێيان مەبەست بێت دەيتەقێننەوەو تەپوتۆزى دەكەن بە ئاسماندا. نوسەرێك لەماڵپەرێكدا وتارێكى نوسيوەو دەڵێ بەغدا پايتەختێكى كرايەوە بەڵام تەنها بۆ تيرۆريستەكان و بەس..؟ سونەكان لەسەر جادەن، كورد لەهەولێر تورەيى خۆى دەردەبڕێت..شيعەكان لەسەر ناكۆكى خۆيان كۆبوونەوەيانە..لەم كاتەدا سەيارە لەدواى سەيارە، خۆكوژ لەدواى خۆكوژ بەهێمنى ودوور لە بەرپەرچ دێنە ناو بەغداو تەقينەوەى گەورە ساز دەكەن وبەسەدان كوژراو برينداريش لەسەر شەقامەكان جێدەهێڵن. بەراستى بەغدا بۆ تيرۆريستەكان شوێنێكى ئارام وخۆشە..؟ بەغدا بۆ تيرۆرو توندوتيژى كرايەوە، بەڵام بۆ ديموكراسى داخراوە. ئەمەش

فەشەلی پرۆسەی حوکمڕانی وسیاسی عێراقە.
ئێستا بەجددی کورد پێویستە بیر لە حاڵی خۆی بکاتەوە. ئایا دەیەوێت بەم جۆرە لەعێراق بمێنێتەوە، یان بەرنامەیەکی تازەو گرنگی نەتەوەیی دادەڕێژێت وبڕیاری خۆی دەدات، ئایا کورد بەمجۆرە لەعێراق بەتەمای چیە؟ بەغدا مافە سیاسی ونەتەوەیی ودەستوریەکان پێشێل دەکات، ئەی کورد هەروا بەرامبەر پێشێلکاری دەوەستێ؟ یان بەراستی ئەوەی رودەدات بەرهەمی شکستی کورد خۆیەتی لەبەغدا..؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەوانەی لەبەغدابوون وئێستاش لەوێن؟ راشکاوانە شکستی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان بخەنەڕوو..
ئەگەر بەغدا خۆی لە کورد دەدزێتەوە، ئەی کورد بۆچی بە بەژن وباڵای هەڵدەڵێ. تاکەی خۆتان فریو دەدەن، خەڵکی کوردستانیش فریو دەدەن..
عێراق لەوپەڕی شکست وخراپی دۆخی سیاسی دایە. ئەم شکستەش تەنها بۆ مالکی ولیستەکەی وشیعەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەش دەگەڕێتەوە کە بەشداری حکومەت وپرۆسە سیاسیەکانی عێراقن، بە کوردیشەوە. بەهەموتان شکستتان هێنا لەوەی دیموکراسی وپێکەوەژیان وسیستەم وئەمن وئاسایش بۆ عێراق دابین بکەن. چونکە ناکرێت ئەگەر عێراق دەستکەوتێکی هەبوو شانازی بەخۆتەوە بکەیت وبڵێیت تێکۆشانی من بەشدارە لە بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە، بەڵام کاتێ باس لەشکست دەکرێت بەلایەکی دیکەدا بسوڕێیتەوە.

# عێراق سوپەرمارکێتی کێشەکانە

عێراق لەناو کێشە قوڵەکان وەکو مەنجەڵی ساوار کوڵاندنی جارانی نەنکم دەکوڵێت؟ هەرچی کێشەیەکی سیاسی وتایەفی وگروپ ولایەنت دەوێت لەعێراق دەستدەکەوێت، عێراق سوپەرمارکێتی کێشەکانە. لەوەتەی نەخشەی سیاسی وجوگرافی ئەم دەوڵەتە دروست کراوە، پێکهاتەکانی ناوی لەململانێ وجەنگ وکارەساتدان. گرێی ئەم کێشانەش لە یەکپارچەیی ئەم دەوڵەتەیە، بۆیە هەڵوەشانەوەی یەکپارچەیی عێراق چارەسەرێکی باشی ئەم دەوڵەتە دەکات وهەر پێکهاتەیەی لەماڵی خۆی دەبێتە خاوەنی کیانی خۆی..ئەگەر سەیری تابلۆی ئێستای دەوڵەتداری عێراق بکەیت بۆت دەردەکەوێت عێراق سوپەرمارکێتێکی گەورەی کێشەو ئاڵۆزیەکانە. سونەکان و کوردەکان بەغدایان لێ تەلبەندکراوە لەروی سیاسی ومافە دەستوریەکانیان، بەراستی ناخۆشە خۆت بەکوردستانی بزانی ودەوامیشت لە بەغدا بێت، سونەکان خۆیان بەعێراقی دەزانن ولەبەغداش هاتونەتە سەرجاددە..شیعەکانیش خەریکی نەجەف وکەربەلان، نەوەکو دەوڵەتمەداری وەك ئەوەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. لای کوردەکان نەورۆز بۆنە نەتەوەیی ونیشتمانیە گرنگەکەیە، لای شیعەکان عاشوراو ئیمام عەلی وحەسەن وحوسێن وئیمام کازم بۆنە سیاسی ونیشتمانیەکەیە، لای سونەکانیش

یادەوەریەکانی دەسەڵاتداریان لەکۆشکی بەغدا بۆنە سەرەکیەکەیە. ئیدی پێم ناڵێن کوا بۆنەی نیشتمانی ونەتەوەیی عێراق.؟

سەیرەکە ئەوەیە هەموان دەزانن کە خزمەت بە عێراق ناکەن، کەچی موجامەلەیەکی بێتامی یەکپارچەیی عێراق دەکەن، لەم سوپەرمارکێتە گەورەیەی کێشەو ململانێیەدا، رۆژانە خوێن وکوشتارو تەقینەوەو توندوتیژی هەیە، سیستەم لەعێراق هەرەسی هێناوە، قۆرتی گەورە لە سیستەمی پەروەردە، تەندروستی، دارایی، کۆمەڵایەتی، ئابوری...هتد، هەیە، دەوڵەت نەك ناتوانێت دامەزراوەی کارا دروست بکات، بەڵکو ئارامی وئاسایشی گەڕەکێکی بەغدای پێ دابین ناکرێت، شەپۆلێکی توندوتیژی وتەقینەوە پایتەختی عێراق دەهەژێنێت، کەچی هەموان لەسەر ئەوە کۆکن پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەو چارەسەری دەڕوات؟ ئەرێ تەقینەوەو کوشتن کامە چارەسەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ پێدەچێت هەموان لەسەر ئەوە کۆکبن چی خراپە بە دەوڵەتداری عێراقی بکەن، هەموان لەسەر ئەوە رێککەوتون عێراق دیموکراسی نەبێت، تایەفەو گروپ و مەزهەبی بێت، ئیدی بۆچی بە ئەفسانەی یەکپارچەیی عێراق لەوە زیاتر هەڵمان دەخەڵەتێنن. کورد چی دەستدەکەوێت لەناو ئەم کێشە قوڵانەی بونیادی ئەم دەوڵەتە، تۆ بڵێی کورد پەندی لەوە وەرنەگرتبێت کە رێککەوتنامەو دەستورەکانی عێراق هەر کاتێك باسی کوردو ماف وچارەنوسی کوردستانیان کردبێت، ئەوا کارەسات وهێرش وخوێنرشتن روی لە کوردستان کردووە. بۆچی بەدیار ئەم دەوڵەتە دانیشین. بۆچی گرێی کەرکوك و مافە دەستوریەکانمان بەلایەکدا نەخەین.

## نەمانی تەوافوق
## مانای تێکچونی پرۆسەی سیاسی عێراق نیە

هەرەسهێنانی تەوافوق لە عێراق مانای هەرەسی دیموکراسی وپرۆسەی سیاسی نیە، چۆن دەکرێت ئەم دەوڵەتە بۆ ئەبەد لەسەر تەوافوق بەرێوەبچێت، لە دیموکراسی یەك رەنگ ویەك جۆر سیاسەت هەبوونی نیە، یەكێك لەجوانیەكانی دیموکراسی ئەوەیە هەمیشە قەبارەو رەنگ وجۆری سیاسەت لەکۆمەڵگا دەگۆڕێت. دیموکراسی گۆڕانە لە هاوكێشەی سیاسی بە بەردەوامی، هەڵوەرینی هەندێ جۆر سیاسەتەو لەدایك بوونی جۆری دیکەی سیاسەتە. ئێستا کوردو سونەکان نارەزایی توند لە لیستەکەی مالکی دەگرن بەوەی لەسەر ناوەرۆکی پێکهاتەی تەوافوق کارناکات، بەڵکو لیستی زۆرینەو کەمینە تاقیدەکاتەوە. ئەگەر دیموکراسیت دەوێت دەبێت ئەمجۆرە مامەڵەیەشت قبوڵ بێت، بەڵام دیوە سەرەکیەکە لەدەوڵەتداری عێراق ناکۆکی تایەفی ونەتەوەییە..بۆیە هەمیشە دیموکراسی دەبێت لەگەڵ نەتەوەو پێکهاتەو تایەفەکان بگونجێت، نەوەکو ئەوان لەگەڵ دیموکراسی بگونجێن. ئەگەر کوردو عەرەب..سونەوشیعە..مەسیحی

وتورکمان وکلدۆئاشوری ....هتد، دەیانەوێت عێراق خاوەنی سیستەمێکی سیاسی سەرکەوتوو شەفاف وگونجاو بێت، ئەوا دەبێت ئەوان بەرەو دیموکراسی بڕۆن ولەسەر دیموکراسی داواکاری وسیاسەتی خۆیان رێکبخەن، بەڵام ئێستا ئەوەی لەعێراق هەیە زۆر پێچەوانەیە، دیموکراسی دەبێت هەموان رازی بکات، بەڵام کەس دیموکراسی رازی ناکات؟ ئەگەر بمانەوێت چەمکی هاوڵاتی بوون ومەدەنی پیادەبکەین، دەبێت تەوافوقی تایەفی لەناو پرۆسەی سیاسی نەمێنێت، دەوڵەت لەمستی کۆمەڵگای مەدەنی وهاوڵاتیانی عێراق بێت، نەوەکو لە مستی تایەفەو پێکهاتەکان، ماوەی دەساڵی حوکمڕانی تایەفەکانی عێراقیش دەرکەوت کەهیچ پرۆژەو ئاوەدانی وجوانیەکیان بۆ ژیان پێ نیە بۆکۆمەڵگای عێراقی، لە2003ەوە ئەوە دە ساڵە صەدام حوسێن لە حوکم نەماوە، بەڵام دەبینین عێراق چ دۆزەخێکی گەورەیەو خوێن رۆژانە لەسەر شۆستەو شەقامەکان دەڕژێت، ئەزمونی عێراق نیشانی داین فۆرمی حوکمڕانی تایەفەگەری وپێکهاتەکان تەواو تەواو شکست خواردووە، بۆیە عێراق پێویستی بە بێلایەنی دەوڵەت ودامەزراوە نیشتمانیەکانی هەیە، ئەمەش تەنها بە حوکمڕانیەکی عەلمانی دەکرێت، عەلمانیەت بۆ دەوڵەتی عێراق زۆر گونجاوە، ئەوکاتە لەسەر سونەو شیعەو قەومچیەتی فۆرمی دەسەڵات دابەش ناکرێت، هەموان لەکێکی دەسەڵات دەخۆن، بەڵام بابەتی عەلمانیەت بۆ عێراق خۆی دنیایەك قسەو باس هەڵدەگرێت، بەتایبەت ئێستا دەبینین چۆن لەسەر ناوی عمرو عەلی لە باشوری عێراق خەڵك ئەشکەنجە دەدرێت وتەنانەت دەشکوژرێت. ئەگەر فۆرمی دەوڵەت لەعێراق بێ لایەن بێت، ئەوا ئەم دەوڵەتە ناکەوێتە زەلکاوی تایەفەگەری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نمونە سەیری سوریا بکە چۆن عێراق چۆتە ناو شەڕەکەوە، لە نەجەف وکەربەلا گەنج دەنێرن بۆ پشتگیری سیستەمی دەسەڵاتی سوریا، لەئەنبارو ناوچە سونیەکانیش گەنج دەنێرن بۆ ناو سوپای ئازادی سوریا، لێرەدا دەپرسین بۆچی گەنجی عێراق لەسوریا بێتە سوتەمەنی جەنگێکی تایفی؟ ئەگەر دەوڵەت لەعێراق بێ لایەن بکرێت، ئەوا ئەمجۆرە تێوەگلانەی عێراق لەهاوکێشە خوێناویەکانی

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نامێنێت.ئێستا دوای دە ساڵ نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق توندوتیژی وتەقینەوە رۆژ بەرۆژ لەعێراق دووبارە دەبنەوە، زەمینەی سیاسی وتایەفەگەری لەعێراق خۆراك دەبەخشێت بە فەزای گەشەکردنی گروپە توندڕەوەکانی ناو عێراق. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بێ لایەن بێت ئەم گروپە توندڕەوانە دەکەونە بەر حوکمی یاسا هاوچەرخەکانی دەوڵەت وئەم فەزایە نامێنێت کە ئەوان گەشەی تێدا بکەن. پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکانی بێ لایەنی دەوڵەت لەعێراق ئەوەیە تەوافوقی سیاسی ناو لیستەکان هەڵبوەشێتەوەو لەسەر کورسی ودەنگ وقەبارەی دیموکراسی لیستەکان دەسەڵاتی حکومەت و دەوڵەت دابەشبکرێت، ئێمەی کوردیش ئەوکاتە زیان دەکەین لە پۆستی سیادی، هەندێ ئیمتیاز، بەلام لەدیموکراسی دەبیەینەوە. ئەگەر دەوڵەت دیموکراسی وبێ لایەن نەبێت، با کورد هەر سەرۆك کۆمارو حکومەتو وەزیرو بەرێوەبەری هەبێت، ئەوا ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ بکات، هەر تەنها ناوو ناوبانگەو هیچی دیکە، وە زیانیشی هەیە چونکە دەڵێن کورد لەعێراق زۆری بۆ کراوە؟ بەڵام ئەگەر تەوافوق نەمێنێت ودیموکراسی بێتە گۆڕێ، ئەوا ئەوکاتە دەبێت مافە دیموکراسی وسیاسی ودەستوریەکان جێبەجێ بکرێن، گومانیشم نیە لەوەی ئەگەر کورد مافە سیاسی ودیموکراسی ودەستوریەکانی لەعێراق جیبەجێ بکرێت، قازانجێکی زۆر گەورە دەکات، ئەوکاتە پۆستی سیادیمان بۆچیە؟ عێراق هەتا سەر بەمجۆرە بەرێوەناچێت، یان دەبێت هەڵبوەشێتەوە؟ یان دەبێت دیموکراسی وشەفاف ودەوڵەتێکی نیشتمانی بێ لایەنی هەبێت وبۆ هەموان وەکو یەك بێت، من کە سەیری مێژووی عێراق دەکەم غەمگین دەبم ودەڵێم عێراق دەوڵەتێکی فاشیلەو لەگەڵ ئەوەم هەڵبوەشێتەوە. ئەگەر تەوافوق ئاوا پڕ زەبری کوشندە بێت، دیموکراسی نەبێت، دەوڵەت بێ لایەن نەبێت، کەواتە بڵێین چی جگەلە خۆزگەی هەڵوەشانەوەی ئەم عێراقە. هەڵوەشانەوەی تەوافوقی ناو لایەنەکانی عێراق مانای هەرەسی سیستەمی سیاسی نیە، ئەگەر بەراستی راستگۆن لەگەڵ دیموکراسی. ئەگینا چیدیکە گەلانی ناو عێراق بەداروبەردو ئاسن

وخوێندا مەدەن، فەرمون با تەوافوق بکەین چۆن عێراق لەرێگای ریفراندۆم هەڵبوەشێتەوەو نەتەوەیەکگرتوەکان وکۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەگرێی عێراق رزگاری دەبێت.

# عێراق هەڵە دەكات

بارودۆخی ناوخۆی عێراق تەقیوەتەوە، وەزعی حكومەت وپەرلەمان وسەرۆكایەتی كۆمار لەتەنگەژەو پەرش وبڵاوی دان. لیستەكانی ناو پەرلەمان ووەزیرەكانی ناو حكومەت، كێشمەكێشی سیاسی وناكۆكی گەورەی زۆر مەترسیداریان هەیە، حكومەت لەسەر لێواری روخانێكی گەورەیە؟ سونەكان لەسەر جاددەن وخۆپیشاندان بەردەوامە، كورد لەهەرێمی كوردستانەوە ئەوەی پێیبكرێت بەرامبەر حكومەتی بەغدا درێغی ناكات، چونكە شەڕەكە شەڕی سیاسی ودەستوری ونەتەوەییە. بەرامبەر ئەوەش تەقینەوەكان بەردەوامن. لەم كاتەدا بەمجۆرە شێواوی وتێكشكاویە عێراق زۆر بەزەقی قسە لەسەر ناكۆكیە ئیقلیمی وناوچەییەكان دەكات. پەیوەندی لەگەڵ توركیا خراپە، تۆمەتبارە بەوەی چەكی ئێران لەرێگای ئاسمانی ئەوەوە بۆ سوریا دەڕوات..لەگەڵ كوێت هیچ سڵاو مەرحەبایەكی باش هەست پێناكەی. عێراق توانای ململانێی سەختی هەرێمی نیە بەتایبەت لەسەر پرسی سوریا، بەڵام دەبینین بەجۆرێك قسە دەكات وەك بڵێی لەناوەوە دەوڵەتێكی زۆر تۆكمەو بێ كێشەبێت. ئەمەش وایكردووە عێراق زیاتر ببێتە گۆڕەپانێك بۆ یەكلایكردنەوەی حساباتی دەوڵەتەكانی دەوروبەری. پێویستە عێراق لەمەلەفی سوریا وەك دەوڵەت ودامەزراوەكانی دوورە پەرێزبێت، چونكە

مەلەفی سوریا هێجگار ئاڵۆزو نێودەوڵەتی وئیقلیمیە، دەوڵەتانی زلهێز ناتوانن زۆر خۆی لەقەرەبدەن بە ئاشکرایی، کەچی عێراق لەمسەرەوە دێت رای زەق لەسەر سوریا فرێدەداتە سەرمێز. پێم وایە لەسیاسەتی ئیقلیمی ورووداوەکانی ناوچەکە عێراق هەڵەی هێجگار زۆرە، لەجیاتی کێشەکانی کەمبکاتەوە، دێت کێشەی زیاتر بۆ خۆی دەخولقێنێت. بۆ نمونە دانیشتنەکەی کۆمکاری عەرەبی، عێراق لەسەر سوریا زۆر بەزەقی رای خۆی دەربڕی، ئەمەش وادەکات نەیاری زۆر لەناو کۆمکاری عەرەبی لەدژی خۆی بجوڵێنێت. بۆچونم وایە عێراق لاوازەو دەوڵەت وحکومەتەکەی لەناو دۆخێکی زۆر خراپدان. با سەیری بابەتێکی تازە بکەین وسەیری هاتنەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بکەین، جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتۆتە عێراق داوا لە عێراق دەکات ئەگەر رێگا لە فڕۆکەکانی ئێران نەگرن کە چەك دەبەنە ناو سوریا، ئەوە ناچارین خۆمان ئەمە بکەین. ئەمە مانای خراپی هەڵوێستی ئەمریکا نیشاندەدات لەسیاسەتی عێراق، بەڵام ئەگەر عێراق ژیرانە مامەڵە بکات، ئەوا ئەمکاتە وەزیر دێت داوای گرێبەست وهاوکاری وپەیوەندی دیکەت لێدەکات. هەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشنیاری ئەوەی کردووە هەڵبژاردنی پێشوەخت لەعێراق ئەنجام بدرێت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی فاشیلی عێراقە، بۆیە عێراق پێویستە هەڵوێستی بی لایەن وتەوازووع بگرێتە بەر، دەرگاکانی بەروی کێشە هەرێمیەکانی ناوچەکە دابخات، نەوەکو بیکاتەوە. عێراق لەناوەوە پێویستی بە هەنگاوی گەورەیە، بەڵام بەداخەوە عێراق لەدەرەوەی قسەی گەورە دەکات و لەناوەوەش گەڕەکێکی بەغدای پایتەختی پێناپارێزرێت، لەدەرەوە دبلۆماسیەت دەنوێنێ، لەناوەوە خەریکی شەڕە مەزهەب وعەشیرەتە، لەدەرەوە وەکو دەوڵەت رەفتار دەکات، لەناوەوەش ناتوانێت ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیانی دابین بکات، لەدەرەوە قسەی گەورەیە، لەناوەوەش کێشەی گەورەی هەیە. بۆیە رام وایە عێراق لە دبلۆماسیەت و سیاسەتەکانی پێویستە بۆ ناوەوە بگەڕێتەوە، چونکە ناتوانێت کێشەکانی بخاتە دەرەوە، بەپێچەوانەوە کێشەی دیکەی بۆ دێت.

## پرۆسەی ئازادی عێراقی دووەم

ماوەیەکی گەلێك زۆر بوو شیعەکانی عێراق تامەزرۆی دنیایەکی تازە بوون لەعێراق، سونەکانیش ماوەیەکی گەلێك زۆربوو ترسیان هەبوو لە هەڵگەڕانەوەی تەخت وبەختیان لەعێراق. کوردیش ماوەیەکی زۆر بوو داوای ئۆتۆنۆمی بۆخۆی ودیموکراسی بۆعێراق دەکرد..لەراستیدا پرۆسەی ئازادی عێراق لەچنگ صەدام حوسێن، دەرگا کلۆم دراوەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی کردەوە. سونە تەختیان نەما..شیعە گرێی بەختیان کرایەوە.. کوردیش بووە فیدراڵی بەڵام دیموکراسیەکەی بۆ عێراق ئێوە خۆش.. بەهەرحاڵ ئێستا با بێینە سەر واقعێك خەریکە خودی عێراقیەکانیش دەگەنە ئەم قەناعەتە ئەویش ئەوەیە ئەمریکیەکان هەڵەیەکی زۆر گەورەو ستراتیژیان کرد دەسەڵاتیان تەسلیم بە پێکهاتەی تایەفی کرد. عێراق بۆتە گۆمی خوێن بەهۆی توندوتیژی تایەفی. دەوڵەت بێ لایەن نیە، بۆتە داردەستی تایەفەگەری..ئەگەر عێراق دوای پرۆسەی ئازادی عێراق عەلمانی بوایە، هێزە عەلمانیەکان بەم شێوەیە پەراوێز نەبونایە، ئەوا دەوڵەت بەمجۆرە نەدەبووە هێلانەی کێشە تایەفیەکان. لانی کەم ئێستا ئەوەی لەناوچە سونیەکان هەیە رووی نەدەدا. دەوڵەت بەهۆی تایەفەگەری دەست وپێی بەستراوەو چۆتەوە ناوخۆی..بەڵام ئەگەر سیستەمێکی کراوەی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئیداری

عەلمانی هەبوایە،دەوڵەت دەیتوانی زۆر شت بکات. هەرچەندە بڕوای من وەکو کوردێك وهاوڵاتیەکی ناو دەفتەرنفوسی عێراق! ئەوەیە کە عێراق هەڵبوەشێتەوەو هەر کەسەو پشکی ڕاستەقینەی خۆی پێبدرێت. پێم وایە تەنها بەدابەشکردن لەکۆڵ بەڵاکانی عێراق دەبینەوە.

بەلام دەشکرا دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئەمریکیەکان عێراقیان ئاوا تەسلیم بە تایەفەگەری وگروپە مەزهەبیەکان نەکردباو لەزۆر کەناڵی جیاواز جیاوازەوە دەیانتوانی هاوکاری لایەنە کراوەو سیاسی وخاوەن پڕۆژەکان بکەن. دەکرا هەندێ شت بکرێت.

عەدنان پاچەچی سیاسەتمەداری عێراق بۆ نیۆرك تایمز گوتویەتی: گەنجانی عێراق زۆر هیواو ئومێدیان بە ئەمریکیەکان بوو کە عێراق بکاتە ولاتێکی پێشکەوتوو دیموکراسی. بەلام هەر زوو ئەمریکیەکان ئومێدی گەنجانی عێراقیان لەباربرد. دەوڵەتیان تەسلیم بە تایەفەگەری وگروپە داخراوەکان کرد. کەواتە ئەگەر پرۆسەی ئازادی عێراقی یەکەم رزگارکردنی عێراق بوو بێت لە چنگ دیکتاتۆریەتی صەدام وبەعس..ئەوا پرۆسەی ئازادی عێراقی دووەم پێویستە رزگاری عێراق بێت لەدەست تایەفەگەری وپێکهاتە توندڕەوەکان لەشێوەی بیرکردنەوەو سیستەمی دواکەوتوویان.

## بۆ ئەمریکا حەز دەکات هەرێم وبەغدا کێشەیان هەبێت؟

دوای هاتنی جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆعێراق، هەست بەهەندێ گۆڕانکاری دەکرێت، راگەیاندنەکان زانیاری ئەوەیان خستەڕوو کە جۆن کێری فشاری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان و بەغدا تاوەکو کێشەکانیان چارەسەر بکەن. داواشی لەهەرێم کرد بەبێ رەزامەندی بەغدا نەوت هەناردەی تورکیا نەکات، گرێبەستی نەوتی ئیمزا نەکات.. هەر دوای ئەوە کورد وەفدێکی نارده ئەمریکا بۆ رونکردنەوەی سیاسەتی کوردی لەعێراق، ئەگەر هاتنەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاریگەری بەسەر کوردەوە نەبوو بێت، ئەوا کورد وەفدی نەدەنارده ئەمریکا؟ لەگەڵ توندبوونەوەی ناکۆکی هەرێم وناوەند لەسەر زاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەعێراق زانیاری ئەوە بلاوبۆوە کە ئەمریکا هەول دەدات کێشەکانی نێوان هەردوولا چارەسەر بکات وخۆی دەبێتە ناوبژیوان..؟ بەڵام ناراستەوخۆ کورد قسەیەکی فرێداو لەمیدیاکاندا بلاوبۆوە کە کورد داوا دەکات نەتەوەیەکگرتووەکان ناوبژیوانی هەرێم وناوەند بکات. لەدوای ئەوەی جۆن کێری بۆتە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گۆڕان لەدبلۆماسیەت وسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق هەستی پێدەکرێت، بەلام ئەوەی هەستی پێ ناکرێت ئەوەیە ئەمریکا بەرامبەر قەیرانەکانی کورد زۆر رۆشن قسە ناکات، من وایدەبینم بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەمریکا حەز دەکات کێشە

لەنێوان بەغداو هەرێم هەبێت، بۆئەوەی حکومەتی بەغدا بێ منەت نەبێت ولەئێران نزیك نەبێتەوە، بۆ ئەوەی شیعەکان لەسەر کورسی دەسەڵات هەوای دەسەڵاتداریەتی یەکەمی عێراق نەیانگرێت، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق هەمیشە پێویستی بەهەوڵەکانی ئەمریکاو پشتیوانیەکانی بێت. ئەمریکا حەز دەکات کێشەی کورد زەق بێت وبەرۆکی حکومەتی ناوەندی بگرێت. ئەوکاتە لەرێگای کوردەوە لەزۆر دەروازەوە دێتە ناو پرۆسەکە، لەرێگای ئەم کێشەیەوە زۆر قسەی جدی خۆی دەکات، لەرێگای ئەم کێشەیەوە فشاری خۆی یان مامەڵەی لەگەڵ شیعەکانی عێراق دەکات. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی مالکی تۆمەتبارە بەوەی ئاسمانی عێراقی بۆ فرۆکەکانی ئێران کردۆتەوە بۆ ئەوەی هێزو چەك رەوانەی سوریا بکرێت، ئەمەش راستەوخۆ دژایەتی ئەمریکاو پشتگیری ئێران وبەشار ئەسەدو روسیایە...لەمکاتەدا ئەمریکا پێی خۆشە سونەو کورد قورگی حکومەتەکەی مالکی بگرن؟ بەڵام بەرامبەر ئەوە هەندێ حساباتی دیکە هەن، چونکە ئەمریکا نایەوێت نائارامی وکێشەکان کۆی ناوچەکە بگرێتەوە، تاوەکو دۆسیەی سوریا یەکلایی نەبێتەوە. سوریا لەمپەرە گەورەکەیە. بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ئیدارەی کێشەکان بکات تاوەکو رۆژانی داهاتوو وە رۆشن بوونەوەی وەزعی سوریا بەلایەکدا. بەڵام داهاتوو ئەمریکا حسابی خۆی لەگەڵ شیعەکانی عێراق دەکات، چونکە لەدۆسیەی سوریا ئەمریکایان زۆر ئەزیەت داوەو زۆر کۆمەکی ئێران وسوریایان کردووە، ئەمەش لای ئەورووپیەکان وئەمریکیەکان وا ئاسان تێپەڕ نابێت، بۆیە کورد لەعێراق دەبێت خۆی بۆ ئەم بابەتە ئامادە بکات، چونکە من گومانم نیە لەوەی کەوتنی ئەسەد لەسوریا گۆڕانکاری لەعێراق دروست دەکات، بەتایبەت لەسیاسەتی ئەمریکاو ئەورووپیەکان. ئەو کاتە کورد پێویستە بۆ بەرژەوەندی وکێشەو داواکاریەکانی خۆی بزانێت چ وەرەقەیەکی ئامادە کردووە.

## بەیانی عێراق تاقیکردنەوەیەکی گرنگ ئەنجام دەدات

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دەستکەوتێکی گرنگە بۆ عێراق لە هەنگاو نانی بۆ دیموکراسی. ئێمە دەبێت لە هەموو هەوڵە دیموکراسیەکان لەم عێراقە هاوکاربین. گەشەی دیموکراسی لەعێراق هێجگار گرنگە. راستە کولتوری دیموکراسی لەعێراق هەبوونی نیە. بەڵام مانای ئەوە نیە لە هەنگاونان بوەستین. ئێمە پێویستی گەورەمان بە ئەزمون کردنی دیموکراسییە. بەتایبەت لەسەر ئاستی کرداری، ئەوەی لەعێراق هەیە قسەکردنێکی تیۆریە، بەڵام ئەنجام دانی پرۆسەی هەڵبژاردن تاقیکردنەوەی کرداری دیموکراسیەو ئەزمونی باش دەبەخشێت بە سیستەمی فەرمانڕەوایی عێراق. تاوەکو لەروی کرداریەوە دیموکراسی ئەزمون بکرێت هێشتا کەمە، ئێمە لەعێراق بەدەست نەبونی دیموکراسیەوە ماڵوێرانی گەورەمان بەسەر هاتووە. دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق کاری قێزەونی زۆری تێدایە، مانای وا نیە لێی رازی بین، بەڵام ئەزمون کردنی هەڵبژاردن وبڕوا بون بە پرۆسەی دەنگدان بۆخۆی دەستکەوتە. دەشێ هەنگاو بەهەنگاویش لەسەر دەوڵەمەندکردنی دیموکراسی کاربکەین، بۆ نمونە کاری تەزویرو دەنگ کڕین وتیرۆرکردن وپارە بەخشینەوەو سزای ئابوری وسیاسی ویەکتر ناشیرین کردن وتۆمەتی ناڕەوا (سەرباری هەموو

ئەوانەش تەقینەوە لەدوای تەقینەوە) لەناو لیست وقەوارەو لایەنەکانی عێراق زۆر زۆر بەرفراوانەو هەبوونی هەیەو نکۆڵی لێ ناکرێت، بۆیە ئەزمونی دیموکراسی لەعێراق لەلیستێکی سپی دا نیە، بەلام بەردەوامی ئەنجام دانی هەڵبژاردن بۆ خۆی شتێکی زۆر دڵخۆشەو پێویستە پشتیوانی لێ بکەین.
من وەکو کوردێك بڕوام بەهەڵوەشانەوەی عێراقە، بەڵام بەیانی بۆ کوردستان عێراقێکی دیموکراسمان دراوسێ بێت باشترە، کە هەڵبژاردنی تێدا بێت، یان عێراقێکی دیکتاتۆری ؟ بێگومان بەلای منەوە دیموکراسی..
هیوادارم دیموکراسی لەعێراق وکوردستان پرۆسە لەدوای پرۆسە گەشە بکات. دەخوازم لەکوردستانیش هەڵبژاردنەکان زۆر بێوەیی وبێ پشێوی بەرێوەبچن وبەهرەمەند بین لە دیموکراسی وەك کولتور، وەك ئەخلاق، وەك سیستەم، وەك پێکەوەژیان ومتمانەو ئازادیە گشتیەکان وگەشەی کوردستان وخەونەکانی گەلێکی بەشمەینەتی وەکو کورد کە ئەنفال وکیمیابارانی دیوەو تالاوی گەورەی لەمێژودا بەقورگدا چووە.

# خیانەتی نەتەوەیەکگرتوەکان و شکستی سیاسی کورد

لەعێراق دوو حکومەت هەیە، حکومەتی ناوەندی بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژانە لەسنوری حکومەتی ناوەندی بەغدا بەزنجیرەو بەکۆمەڵ تەقینەوەو خۆکوژی روو دەدات، سەدان هاوڵاتی دەکوژرێن وبریندار دەبن. رۆژانە لە عێراق ژمارەی بێوەژنەکان ومندالانی بێ باوك زیاد دەبێت..بەڵام لەحکومەتەکەی هەرێم باری ئەمنی جێگیرەو تەقینەوە نیە. وەلێ پرسیارەکەی من لەسەر ناوچە کوردستانیە دابڕێندراوەکانە. لەوێ هەردوو حکومەت ناتوانن گیانی یەك هاوڵاتی بپارێزن. رۆژانە خەڵك دەکوژرێن، بریندار دەبن، دەڕفێندرێن، مال و خێزان وێران دەبن...هتد، ئەم خوێن ڕشتنە لەبەرچاوی رێکخراوی زەبەلاحی نەتەوەیەکگرتوەکان روودەدات؟ ئەگەر رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بیەوێت بەرپرسیاری یاسایی ونێودەوڵەتی وکاری ئەخلاقی خۆی بکات، ئەوا راستەوخۆ دەبێت بێتە ناو بابەتەکەو لەرێگای ئەنجومەنی ئاسایش وکەناڵەکانی خۆیەوە لەسەر عێراق قسەی راستەقینەی خۆی بکات. بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەوتونەتە سنوری ماددەی سەدوچل وناوچەی کوردستانین؟ پێویستە بدرێنە دەست حکومەتی هەرێم وئارامی وسەقامگیریان بۆ بگەڕێتەوە نەوەکو هەموو رۆژێ لەرێگای جەیش وگروپە چەکدارەکانەوە پۆل پۆل هاوڵاتیان بمرن وبریندارببن وکەلەپاچە ببن. لێرەدا بۆ نمونە با شتێك روون بکەینەوە لەسەر دەست وپێ سپی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان؟ لەیەك رۆژدا لەعێراق بیست و یەك تەقینەوەو

كـردەوەی خۆكـوژی روو دەدات، زیاتـر لـە دوو سـەدو پەنجا كـەس دەمرن وبریندار دەبـن، كـەچـی ئـەم رێكخـراوە نوقـەی لێوەنایـەت، كـە دەبـوو بەپەلـە كۆبوونـەوەی بكردبوایـە، ئەنجومەنـی ئاسـایش كۆبوونـەوەی بكـردبوایـە. چۆن دەكرێت لەیـەك رۆژدا بیسـت و یـەك تەقینـەوە دەوڵەتێـك بهەژێنێـت، كـەچـی ئـەم رێكخـراوە بەبـێ خۆ سـەخڵەت كـردن لەخـەو هەسـتێ وبچێت قاوەیەكـی گـەرم بخواتـەوەو بـە زەردەخەنـەوە بـۆ كەناڵـەكان قسـە بـكات وبڵێت نیگەرانیـن لـە خـراپ بوونـی دۆخـی ئەمنـی عێـراق..!!

مەهزەلـەی سـەروەری ودەوڵەتـداری عێـراق گەلێـك زۆرن، كـە لێـرەدا دەرفـەت نیـە زۆریـان بـاس بكـەین، هـەر بۆنمونـە یەكێك لـەو مەهزەلانـە ئەوەبوو كـە پێكهاتەی توركمان داوای هێزی چەكداری سـەربەخۆی خۆیان دەكەن لەناوچەی كوردسـتانی دابڕێنـدراو، ئـەم داوایـەی توركمانـەكان مانـای كۆتایـی دەوڵەت،حكومـەت، پۆلیس، یاسـایە لەعێـراق، چونكـە لەنـاو دەوڵەتـدا نابێـت عەشـیرەتێك، هۆزێـك، تیرەیـەك، پێكهاتەیـەك بێت وخاوەنی هێـزی چەكـداری خـۆی بێت، بەڵكـو سـوپا بەبێ جیاوازی خزمەتـی كـۆی پاراسـتنی كۆمەڵـگا دەكات..

بەرامبـەر بـە دووروویـی وشكسـتەكانی رێكخـراوی نەتەوەیەكگرتـوەكان، كـورد خۆشـی پڕیەتـی لـە شكسـت، لەناوچـە كوردسـتانیە دابڕێنـدراوەكان كـەمـاوەی دەیان سـاڵە توشـی تەعریب وهەمـوو خراپیەكـی ئەمنـی وسیاسـی دەبن وگیـان وموڵكیان لەبـەردەم مەترسـیدایە. كـورد خـۆی نەیتوانـی ئـازاری ئـەم ناوچانـە كۆتایـی پێبهێنێت، بەڵكـو بـە دوو ئاسـایش، بـەدوو هێـزی چەكـدار، بـەدوو سیسـتەم وپرۆگرامـی خوێنـدن، بـە دوو ئیدارەیـی ودوو حزبـی، دەسـتی گرتـووە بەسـەر دامەزراوەكانـی ناوچـە دابڕێنـدراوەكان بـە شـاری كەركوكیشـەوە، شكسـتی كـورد خـۆی هیچـی كەمتـر نیـە لـە شكسـتی دەوڵەتـی عێـراق ونەتەوەیەكگرتـوەكان.

لەئێسـتادا پێویسـتە نەتەوەیەكگرتـوەكان رۆڵـی راسـتەقینەی خـۆی بـۆ عێـراق بگێڕێـت ولەسـەر جێبەجێكردنـی دەسـتورو بنەماكانـی دەوڵەتـداری بێتـە دەنـگ، هەمـوو فشـارەكان بـەرەو رووی عێـراق بكاتـەوە، یـان دۆخـی سیاسـی وئەمنـی عێـراق چارەسـەر بـكات، یـان غیرەتـی ئـەوەی هەبێـت راشـكاوانە بـە دنیـا بڵێـت، بـە ئەنجومەنـی ئاسـایش بڵێـت، فەرمـوون ئـەم دەوڵەتـە هەڵبوەشـێننەوەو كێشـەكان چارەسـەر بكـەن. ئەگینـا گومـان كـردن لـەم رێكخـراوە راسـتەقینەیەو مانـای وایـە رودانـی هـەر كێشـەو تەقینـەوەو كوشـتنێك بەشـێكی گـەورەشـی لەئەسـتۆی ئـەم رێكخـراوە جیهانیەیـە.

## عروبە

ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ، لە ئادابی نوسین دوور نەکەومەوە، دەمەوێت چەقی بابەتەکەم لەسەر نوکتەیەك رابگرم، رۆژێك لەناو خێزانێكدا باوکەکە بایەکی لێ بەربوو، بۆ ئەوەی لە مەجلیسەکە تەریق نەبێتەوە، چەپۆکێکی کێشا بەسەری منداڵە دوانزە ساڵەکەیو شیراندی بەسەریداو پێی گوت: عەیب ناکەی لەم مەجلیسەدا هێندە بێ ئەدەبی؟ ماوەیەك تێپەڕیو دایکیشی هەمان حاڵەتی باوکی بەسەرداهات، بەهەمان شێوە چەپۆکی کێشا بەسەر مناڵەکەدا، ئیتر لە مەجلیسەکە هەر کەسێك بایەکی لێ بەربوایە ئەیکێشا بەسەری ئەم منداڵەو سەرکۆنەی دەکرد. رۆژێك میوانێکیان هاتبوو، لەکاتی گفتوگۆدا میوانەکەش بایەکی لێ بەربوو، زۆر هەستی بەشەرم کردو نەیزانی چۆن چۆنی ئەم حالەتە بشارێتەوە. منداڵەکە لەناو مەجلیسەکە هەستاپێو بەمیوانی گوت: قوربان هیچ خۆت سەغڵەت مەکە لێرە هەر کەسێك بایەکی لێ بەربێ، چەپۆکێك ئەکێشێ بەسەری منداو، من سەرکۆنە دەکات، فەرموو تۆش چەپۆکێك بەسەری مندا بکێشە. راستی ئەم روداوە لە کێشەی کورد نزیکە.. تۆ سەیرکە ئەوروپا سزای نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ، کەچی دێت گەنجی کورد لە سێدارە دەدا، لەگەڵ ئەمریکا کێشەی هەیە، یەخەی گوندەکانی بناری قەندیل دەگرێ. ئێران چەکی ئەتۆمی کێشەکەیەتی، کەچی بۆ داپۆشینی چەپۆك لەقەندیل دەدات. تورکیا لەیەکیەتی ئەوروپا وەرناگیرێ، منداڵی کورد زیندانی دەکات، کەشتیەکەی لە غەززە وەرگەڕاوە،

هەڵەکانی خۆی بە فرۆکەکانی دادەپۆشێتو گوندی کوردی خاپوور دەکات، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ رەخنەی لێ دەگرن، کەچی دێت شەڕ بەکورد دەفرۆشێت، هەر دەوڵەتێك کێشەیەکی دەبێ، یان هەڵەیەك دەکات بۆ داپۆشینی یەکسەر کێشەی کورد زەق دەکاتەوەو چەپۆك لەسەری کورد دەدات.

شانۆی سیاسی عێراقیش لەولاوە بوەستێ، ئەوەتا عەرەب لەگەڵ عەرەب، سونەی عەرەبو شیعەی عەرەب، پێکەوە ناگونجێن؟ ئەوە عەرەبەکانن حکومەتیان پێ دروست ناکرێ؟ ئەوە کوتلەو هێزو گروپی عەرەبین کەیەخەی یەکیانگرتووە، کەچی لەمسەری ئەوسەرەوە بەشار ئەسەدو شای سعودیە لێدوان لەسەر لێدوان دەدەنو دوپاتی دەکەنەوە کە ئەم حکومەتەی پێکدەهێنرێ دەبێ عروبەی عێراق بپارێزێت، خۆ من دەزانم سوریاو سعودیەو دەوڵەتانی تر مەبەستی سەرەکیان ئێرانە، بەڵام گومانم لەوە نیە کە بەئێران ناوێرنو دواجار چەپۆکەکە ئەکێشن بەسەری کورددا. کاکە حکومەت لەبەغدا کەس نیە خۆزگەی پێ بخوازێت، کێشەکە لەهەولێر نیە، لەبەغدایە.. ئەوە عەرەبو عروبەچیەکانن ئەم دەوڵەتەیان بەم دەردو نەهامەتیە بردووە. ئەوە عەرەبەکانن لەسەر شەقامەکانی بەغدا بەرامبەر یەکتر تەقینەوە دەکەن، کەچی دەیانەوێت چەپۆك لەسەری کورد بدەن. بەشار ئەسەد کە داوای عروبەی عێراقو حکومەتەکەی دەکات، ئەی ئەوە نیە نازانێت کە لە دەستوری عێراقو سیستەمەکەیدا ئەوە دوپات کراوەتەوە کە دەوڵەتی عێراق ئەندامی جامیعەی عەرەبیە. لەم کاتەدا بۆچی مەسەلەی عروبەی عێراق هاتۆتە گۆڕێ؟ ئەم پرسیارە بۆ کورد جێگای بایەخ پێدانە؟.

لەلایەکی تریشەوە جیۆ بایدن لەم سەری ئەمریکاوە دێتو کورد دەدوێنێو داوایان لێ دەکات رۆڵیان هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هیچ گومانم لەوە نیەو هەمووو ئاماژەکانیش لەوە نزیکن کە ئەمریکاش بۆ رووسوری لەم رەوشەی عێراق چەپۆك لەسەری کورد دەدات، لێرەدا دەرفەتە کوڵی دڵی خۆم برێژمو بڵێم: ئێمەی کوردیش لەوەتەی مێژوو هەیە، زۆر چرکەساتی مێژوویی گرنگو چارەنوسساز هەبوە، خۆمان گوتومانە: بەرێزان خەفەت مەخۆن فەرمون چەپۆك بکێشن بەسەری ئێمەدا، ئێمە خۆمان پینەو پەڕۆو کەلێنی ئەوانمان پڕکردۆتەوەو کەرسەی گەمەکە بوین. ئیتر با بەس بێ، با ئەم جارە ئیرادەی کورد سەر لەبەری بگۆڕێتو بڵێت: من ئیتر گەورە بوم، چیتر ئەم منداڵەی دوێنێ نیم، قبوڵ ناکەم کەس چەپۆك بکێشێ بەسەرمدا.

ئەگەرنا حاڵمان هەر ئەو حاڵە دەبێ.

# هێشتا دواهەمین سەرباز لەکوێتە!

مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، کارتێکی گرنگی دەست گروپە توندڕەوەکانی عێراقە، بۆ ئەوەی شەرعیەت بەئەنجامدانی توندوتیژیەکانیان بدەن. ماوەی دوو هەفتەیە لەناو عێراقدا کردەوەی توندوتیژی روو دەدات، کە هۆکاری سەرەکی ئەنجام دانیان بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەگەڕێننەوە. بۆ نمونە سوپای مەهدی بەپچڕ پچڕیو لەزۆر شوێنی دیاریکراو هەوڵی پەلاماردانی سەربازی دەدات بەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا، بەرپرسی رەوتی صدر لێدوانی ئاگرینیو توندوتیژی شەڕانگێز ئاراستەی سوپای ئەمریکا دەکات لەعێراقدا. ئەمریکاش نەوەکو هەر بێ دەنگ نەبووە، بەڵکو کردەوەی سەربازیشی لەبەصرە دژی ئەم گروپە چەکدارانە ئەنجام دا. لیۆن بانیتای وەزیری بەرگری ئەمریکاش راشکاوانە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان دەستەوەستان نابن لەبەرامبەر ئەم هێرشوپەلامارداناەی دەکرێنە سەر هێزەکانیان لەعێراقدا.

لێرەدا راستیەك هەیە ناکرێ فەرامۆش بکرێ ئەویش بڕیاری یەکلایکردنەوەی کشانەوەی سوپای ئەمریکایە لەعێراقو ئەمریکیەکان لەبەر رەوشی ناوخۆی وولاتەکەیانو بەڵێنەکانی ئیدارەی ئۆباما، ناشێ پاشگەزببنەوە لە کشانەوەیان لەعێراقدا، بەڵام مەینەتیەکە ئەوەیە هەندێ گروپی توندڕەو بەدروشمی نەتەوەیی توندرەو مەزهەبی دەمارگیر، شەڕی

بەرژەوەندیو بەهێزبوونی پێگەی خۆیان دەکەن بەناوی سوپای ئەمریکا. قوربانی یەکەمیش هاولاَتی عێراقیە کە خوێنی لەناو شەقامەکاندا سور دەچێتەوە، هەر بۆیە بەشێك لە سیاسیو سەرکردە عێراقیەکانیش لەناو ئەم گەمەیەدا هەوڵی خۆیان دەدەن بەلایەك دەیانەوێت ئەمریکا تورە نەکەن، بەلایەکیش دەیانەوێت سۆزی خەڵکی عێراق لەدەست نەدەن،واتە مەسەلەکە وەرەقەیەکی سیاسی زیندووە بۆ ئەوەی هەندێ حساباتو بەرژەوەندی تێدا یەکلایی بکرێتەوەو لەوێستگەکانی داهاتووشدا وەکو دەستکەوت سودی لێ ببینن، ئەوەتا تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە سوپای ئەمریکا لەعێراق نەمێنێتو بڕۆنە دەرەوەو وەسفی سوپای ئەمریکا وەکو کێشە دەکاتو دەڵێ مانەوەیان چارەسەرێك نیە، بەڵکو کێشەیە. ئیدی ڕەوشی ئەمنی عێراق خراپەو بەهەموو کێشەکان قوربانیەکەی هاولاَتی عێراقیە. سەیر ئەوەیە کشانەوەی دواهەمین سەربازی ئەمریکا زۆر بەخێرایی چەندین روداوی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ نمونە هەر دوو جێگری سەرۆك کۆمار تاریق هاشمیو خوزێعی لەفڕۆکەخانەی بەغدا رێگریان لێکراو دەستبەسەرکران، نەیانهێشت فڕۆکەکەیان بەرەو شاری سلێمانی بەرێ بکەوێت، ئەم مشتومڕە لەناو فڕۆکەخانەی بەغداد چەندین سەعاتی پێچوو. مالیکی داوای کرد متمانە لەجێگرەکەی صالح موتڵەگ وەربگیرێتەوە. لیستی عێراقیە پەرلەمانی عێراقی بایکۆت کرد. زنجیرەیەك تەقینەوە هەندێ شاری عێراقی هەژاند. سەرکردە سیاسیەکانی عێراق کەوتنە فڕێدانی لێدوانی ئاگرین لەدژی یەکتر. چەندین رووداو بەخێرایی روو دەدەن. بۆیە بەراستی گرنگە پرسیاری هەمەلایەنە بکەین دەربارەی کشانەوەی یەکجاری سوپای ئەمریکا لەعێراق، هێشتا دواهەمین سەربازی ئەمریکا هەر لە کوێتە، نەگەیشتۆتەوە ئەمریکا، بەم شێوەیە ئەم هەموو رووداوە رویاندا.

یەکێکی دیکە لە پرسەکان، تارمایی ئێرانە بەسەر عێراقەوە، دوای ئەوەی دەستکرا بەکشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراق، چاودێرە سیاسیەکانی عێراق رایانگەیاند ئەگەری زۆر زۆر هەیە دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا، بۆشاییەکی ئەمنی ولاَتەکە بگرێتەوە. بەلاَم سەرۆکی سوپای قودسی ئێران کاتێك گوتی: ئێران ئامادەیە بۆشایی ئەمنی عێراق پڕبکاتەوە، دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا. ئەوا هەم ئەمریکیەکانو هەمیش سوننەکانی

زۆر تورەو نیگەرانو راڕا کرد لەسەر هەیمەنەی ئێران، وەزیری بەرگری ئەمریکا لەعێراق بەتوندی قسەی کردو گوتی: ئەمریکا خوێنو ئارەقی خۆی تەسلیمی ئێران ناکات لەعێراقدا. ئیدی هەر زوو بینیمان چۆن پرۆسەی سیاسی عێراق بەروی چەندین قەیراندا تەقیەوە، بینیمان چۆن پێکهاتەکانی عێراق کەوتنە سەنگەرگرتن لەیەکتر. ئەوەیە عێراق کە بەزۆر لکێندراوە بەیەکترەوە. حەوزی مەلەی هەموو هێزەکانی ناوچەکەیەو هەرکەسەو لەلای خۆیەوە کەوتۆتە چنینەوەی بەرژەوەندیەکانی دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا، سەیر بکەن هێشتا دواهەمین سەرباز لە وڵاتی کوێتە، کەچی چۆن دەرزەنێك قەیران عێراقی گرتەوەو شانۆی سیاسی عێراقی پڕ کرد لە لێدوانی ئاگرینو نمایشی جیاوازو مەترسیدارانە. لەکۆتایدا ئەگەر سەیری حاڵی عێراق بکەین، ئەوا ناهەقمان نیە بڵێین کشانەوەی سوپای ئەمریکا هەر وەی، نەکشانەوەی هەر وەی!.

# کێ عێراق دەفرۆشێ؟

کێشەکانی عێراق، پڕن لەگرێ و گۆڵ و ئاڵۆزی، ئاسان نیە لەیەك گۆشە نیگاوە لە روداوەکانی ناو عێراق تێبگەیت، هەر بۆیە نەك هەر لەئاستی ناوخۆ تێگەیشتنی بەم جۆرەیە، بەڵکو لەئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هەمان شت راستە. قەرزاوی لە نوێژی هەینیدا رایگەیاند: مالیکی دەیەوێت عێراق بەسوریا بفرۆشێت. واتە ئەویش دەزانێت عێراقو سوریا لەم کاتەدا خەریکی چ گەمەیەکن، حکومەتەکەی مالیکی زۆر شتی بۆ رژێمەکەی بەشار ئەسەد کرد، بۆیە پێدەچێت سوریاش هەندێ شت بۆ ئەو بکاتەوە. قوربانی ئەم گەمەیەش سوننەکانن. بەڵام دەپرسین ئایا مالیکی یان هەر کەسێکی دیکە چۆن دەتوانێت عێراق بفرۆشێت، بۆچی دەیفرۆشێت؟ چۆن دەتوانێت بیفرۆشێت؟ بۆچی تاوەکو ئەمریکیەکان نەگەڕانەوە بۆ ئەمریکا. باسی کڕینو فرۆشتن نەدەکرا، لێرەوە بە قەرزاوی دەڵێین: ببورە عێراق نافرۆشرێت، چونکە دەمێکە فرۆشتویانە! ئەو وڵاتە دەمێکە لەناو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیو ئیقلیمیەکان کڕینو فرۆشتنی پێدەکرێ، بەڵام جەنابی قەرزاوی پێدەچێت تازە بەتازە وە ئاگا هاتبێتەوە.

قەرزاوی ئیدیعای کۆتایی پێهاتنی بەعس دەکات و رایدەگەیەنێت ئیسلام سەردەکەوێت و تەواوی وڵاتانی ناوچەکە حوکمی ئیسلامی دەبن، بەڵام بەعس ئیدی کۆتایی هات. ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتی حوکمڕانی

بەدەستەوەیە، سەیری رووداوەکانی تونسو مەغریبو میسرو لیبیا بکەن ئەم راستیە هاوار دەکات، بەڵام کێشەی ئێمە بۆ عێراق ئەوەیە ئایا ئێمە لەگەڵ کێ روبەروو بوینەتەوە، لەگەڵ دەسەڵاتێکی بەعسی وەکو سوریا، یان دەسەڵاتێکی ئیسلامی سیاسی وەکو وڵاتانی دیکەی عەرەبی لە ئێستادا، مەسەلەکە هیچیان نیە. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی تایەفیو تاکڕەوی و شکستی دەوڵەت روبەڕوین. روداوەکەی هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار، ئاوێنەی راستیەکانی ئەم عێراقەیە، مالکیو عەلەویەکانی سوریا سوننەکان دەکەنە قوربانی هاوکێشەی مانەوەی دەسەڵات لە سوریاو عێراق. بەڵام ئێمە دڵنیایین ئەم جۆرە سیناریۆو کێشە دروست کردنانە، نە فریای مالیکی دەکەون لە عێراق، نە فریای ئەسەد دەکەون لە سوریا.

باری ئەمنی عێراق هێندە خراپە هیچ جۆرە شیکردنەوەیەکی ناوێت، سەدان کەس خەڵتانی خوێن دەبن لەسەر جاددەکانی پایتەخت، تەقینەوە لەدوای تەقینەوە روو دەدات، ئەمەش هۆیەکی دیکەی شکستی پرۆسەی سیاسیو حوکمڕانی دەوڵەتو حکومەتی عێراقە. ئەمریکیەکان زەرەرمەندی ئەم دۆخەن، چونکە دەبوو دوای کشانەوەی هێزەکانیان، عێراق بەرەو باشی وئارامی و سەقامیگری و چارەسەری کێشەکانی بڕوات. بەڵام نەوەکو هەر وا دەرنەچوو، بەڵکو عێراق لەدۆخێکی هێجگار مەترسیداردایە. بەجۆرێك عێراق لەسەر لێواری هەڵوەشانەوەدایە. عێراق بۆ فرۆشتن هەراج کراوەتەوە. نەوەکو یەکەمجاری بێت بفرۆشرێت. هەر هێزێکی ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی ئەگەر زیرەك بێت و ئازا بێت، زۆری لە عێراق دەستدەکەوێت. زۆری دەباتەوە. یاریکەرەکانیش دیارن بەڵام هەموویان نین. هەندێ شتی دیکە لە ژێر پەردەوە هەیە. بەتایبەت زۆر نهێنی دیکە هەن دوای کشانەوەی ئەمریکیەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئەوەی دەگوترا گوایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، بۆشایی گەورە دروست نابێت و عێراقیەکان سەرکەوتوو دەبن لەبەڕێوەبردنی وڵات ودەتوانن ناکۆکیەکان پێکەوە چارەسەر بکەن، یان دەگوترا هێزەکانی عێراق توانای ئەوەیان پەیدا کردووە باری ئەمنی شارەکان بپارێزن، هەمووی درۆ دەرچوو. ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوەو تێگەیشتن و سیاسەتی تازە هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی. ئەوەتا عێراق پڕ پڕە لە قەیرانی گەورە. چارەسەریش پێویستی بە لێوردبونەوەو ئاگایی و زۆر حەکیمانە هەیە، کە بەرای ئێمە هەڵە نین ئەگەر هەڵوەشانەوەی عێراق

یەکێك بێت لە چارەسەرە پێشنیارکراوەکان. چونکە ئیدی بەس نەبێت کڕینو فرۆشتنی ئەم عێراقە!.

## چۆن ناکۆکیەکان یەکلایی بکەینەوە

ئەوەی ئێستا لەرەوشی عێراق بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی ناو ئەم دەوڵەتە، تەقلیدیانە درێژەیان هەیە. هەم دەسەڵاتە تازەکەی ناو ئەم دەوڵەتە، هەمیش گروپەکانی تری ناو عێراق، شێوازی ناکۆکیان لەگەڵ یەکتر تەقلیدیە،وە ئەم جۆرە ناکۆکیە زەمینە خۆش ناکات بۆ داهێنانو لەدایك بونی دنیایەکی نوێ. بەپێچەوانەوە رەوشی چەق بەستنی سیاسی، یاخود دوور کەوتنەوە لەیەکتریو لاوازی متمانە زیاتر دەکات. ئێمە دەزانین دەوڵەتی عێراق جیاوازی زۆری تێدایە، زۆرن ئەو هێزانەی ئەجێندای جیاوازیان هەیە، وەك چۆن بیروباوەڕەکانو بەرنامەکان جیاوازن، بێگومان بەرژەوەندیەکانیش جیاوازن، بۆ رێکخستنی ئەم جیاوازیانە لەسەر پرەنسیپی دیموکراسیو دیالۆگودامەزراوەیی، پێویستە سروشتی ناکۆکیەکان بخوێنینەوە. لەبەرئەوەی کاتێك قسە لەسەر هەر پێکهاتەیەکی ناو ئەم دەوڵەتە دەکرێت، هەر لایەنە لە چاوی سیاسەتەکانی خۆیەوە تەماشای دەکات، نەوەکو لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتەکە. لەلایەکی تریشەوە ناکرێت هەلومەرجی گۆڕانی دنیاو ئیقلیمیو بونی ئەمریکاو سیاسەتە تازەکان، بۆ شێوازی ناکۆکی ناو عێراق بە کاریگەر لەبەرچاو نەگرین. ئێستا وەك چۆن دەسەڵاتدارانی عێراقی دوێنێ نەماون، وەك چۆن سیستەمی

سیاسی گۆڕاوە، ئەوا دەبێت بیرکردنەوە لە ناکۆکی لەگەڵ هێزی بەرامبەریش گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە کاتێک سیستەمی تازە لە دوێنێ جیاواز بێتو یاساکانو دەستور جیاواز بن، چۆن دەکرێت چەکی دوێنێ بەکار بهێنیتەوە بۆ بردنەوەو چاوەڕێش بکەیت کە براوە دەبیت. ئێمە وەکو کورد ئێستا لە عێراقو لەگەڵ بەغدا کێشەمان لەگەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوەو وەسیلە هەیە لە یەکلایکردنەوەی ناکۆکیەکانمان. هەر کاتێک کورد پێداگیری لەسەر مافێکی خۆی بکات، ئەوا تۆمەتی ئەوەمان بۆ دروست دەکرێت کە زۆر لە بەرەی خۆمان پێمان راکێشاوە. یان کاتێک باس لە بەرێوەبردنی ئەو دەوڵەتە دەکرێت، هێندەی جەخت لە بەرژەوەندیە دەست نیشان کراوەکان دەکرێت، هێندە باس لەوە ناکرێ چۆن کۆمەڵگای عێراقی دەرباز بکەین لەم کولتورەی ئێستاو رابردووی کە توشی هەزار دەردەسەری کردووە. دەکرێت لێرەدا نمونەیەك بهێنینەوە: کاتێك هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجام درا، سەرچاوە پەیوەندی دارەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ٦٥٪ خەڵکی عێراق بەشداری کردووە لەم هەڵبژاردنە. یەکێك لە سەرچاوەکان دەربارەی ئەم رێژەیە لە بەشداربوان گوتی: ئەمە جێگای باوەڕ نیە کە ئەم رێژەیە لە خەڵکی عێراق بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان بکات، بەراستی ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەی ئەم دەوڵەتەیە. ئەمە بۆ عێراقیەکان دەکرێت وەکو رۆژێکی مێژوویی‌و خۆشی سەیری بکرێت. بۆیە کاتێك راستیەکی ئاوا دەبینین ئومێدێکمان بۆ دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەوڵی گەورە هەیە بۆ ئەوەی چیتر بە شێوازێکی تەقلیدی دواکەوتوو ناکۆك نەبین لەگەڵ یەکترو پێ بخەینە دنیایەکی تازەو سنوقی دەنگدان فێرمان دەکات، بەرگی تازە بکەینە بەرو بەو تەقلیدیەی دوێنێ روبەروی جیاوازیەکانی یەکتر نەبینەوە. چونکە کاتێك لە٦٥٪ لەم کۆمەڵگایە بەشداری دەکات لە پرۆسەیەکی دیموکراسی، ئەوا ئومێدی گۆڕانەکان بۆ دنیایەکی تازە گەورەتر دەکات، هەرچەندە دەنگدان بۆ تایەفەو مەزهەبی دینی‌و گروپی تەسك دیدەش بێت، بەڵام مادام بە کردەوە مومارەسە دەکرێت ئەوا جێگای ئومێدە. ئێستا ئەگەر سەیری روداوەکانی پارێزگاری موصڵ بکەین، دەبینین لیستی برایەتی ناکۆکی

هەیە لە سەر دارشتنەوەی دەسەڵاتی بەرێوەبردنی ئەم پارێزگایەو شێوەی دابەش کردنی دەسەڵات بەهۆی نەتیجەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە. ناکۆکی ناو موصڵ بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ناسینەوەی شێوەی ئیدارە دانی ناکۆکیەکان بەو جۆرە تەقلیدیەی کە باسمان کرد. کوردیش لەناو خۆیدا بەدەر نیە لە شێوازی ئیش کردنی دوێنێ بۆئیدارەدانی ناکۆکیەکانی ناوخۆی. چونکە ئێمەش ئەو دیموکراسیو مەدەنیەتەی کە باسی دەکەین پرە لە کەلەبەر. بەبۆچونی من ئەم قسە بەیەك گوتنەی ناو هێزە ناکۆکەکانی عێراق لەسەر هەموو خاڵو داواکاریو بۆچونەکانی یەکتر، بە نەفەسێکی تاك ڕەوانەو یەکتر تۆمەتبارکردنی بێ بنەماو بەرژەوەندپەرستی تەسکو نەخوێندنەوەی هەلومەرجەیەکەو ژیان کردنە لەسەر رابردوو نەوەکو ئێستا، ئەمەش بە رای من تەقلیدیە لە ئیدارەدانی ناکۆکی. وە ناتوانێت نەفەسی دیموکراسی درێژ بکاتەوەو جێگای مەترسیە. ئێمە لە هەرێمی کوردستانو عێراق پێویستی زۆرمان بەوەیە ئاستی هۆشیاری دیموکراسی تاکەکان بەرز بکەینەوە، پێویستمان بەوەیە دەیان بەرنامەو چالاکیو گروپمان هەبێت تایبەت بۆ کارکردن لەم بوارە، هەوڵی بەردەوام هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریو هۆشیاری دیموکراسی، ناکرێت دیموکراسی ئێمە چاوەکانی کوێر بن. رۆشنبیری دیموکراسی چاوی دیموکراسیە کە هەموو کونو کەلەبەرو کەموکورتیو بەرنامەو هێزو گۆڕانەکان وەکو خۆی دەبینێتو دەزانێت بۆ کوێو لەکوێو چۆن هەنگاو هەڵدەنێت. کاتێك رۆشنبیریو هۆشیاری دیموکراسی نەبوو، ئەوا لەکاتی هەنگاو ناندا دەکرێت قاچمان بکەوێتە چاڵێکەوە. کۆمەڵگای ئێمە زۆری پێویست بەم هەوڵو تێکۆشانە هەیە، چونکە کاتێك باس لە گۆڕینی شێوەو شێوازی ناکۆکیە تەقیلدیەکان دەکەین، ئەوا دەبێت ئاگامان لە شێوەو شێوازی تازەی ئیدارەدانی ناکۆکیوداهێنانەکانو دنیای ئەمڕۆ بێت. کورد ئەو کاتە هێز وەردەگرێت، نەوەکو هێز بدۆڕێنێ. عێراقیش لەمەترسی توندوتیژیو ئەو گومانە قوڵانە دەربازی دەبێت کە هەمومان بەرامبەری هەمانە. دواجار ژیانی تاکی ئەم کۆمەڵگایە ناکرێت چیتر بکرێتە قوربانی ناسروشتی ناکۆکیەکان. ناکرێت هێندە ئازار

بەدەست خەونی گۆڕانکاریە دیموکراسیو مەدەنیو ئازادیەکان بچێژین.
ناکرێت لەوە بەئاگا نەبین چۆن دەوروبەرو چۆن جیهان تەماشامان دەکات...
کاتێك لەوە بێ ئاگا بوین بەجێ دەمێنینو دەبێت درێژە بە ناسروشتی ناکۆکیەکان بدەینو تەقلیدی لەگەڵ یەکتر روبەرو ببینەوە.

# پێنج ساڵ لەنەمانی بەعس و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە

دوایی پێنج ساڵ لە کەوتنی بەعس، پرس گەلی زۆر دەوری عێراقی داوە، بەرادەیەك کە هێزەکانی ناو عێراق و دەرەوەی عێراقیش، رۆژ نیە رووبەرووی دەیان جۆرە پرسی تازە نەبنەوە،عێراقیەکان هیوای زۆریان هەیە ودەیانەوێت لەهەموو ئەو گرفتانە دەربازیان بێت کەرۆژانە بۆتە میوانی خوانی هەموو لایەکیان. سەرۆکی کۆماری عێراق لەوتەکەیدا لەبەردەم کەناڵەکانی راگەیاندن، ئاماژەی بە پرسێکی گەورەی ئەمڕۆی عێراقداو گوتی: لە یادەوەری پێنج ساڵەی رزگاری عێراقدا، هەوڵی جددی دەدەین، کە کوتلە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان بگەڕێنینەوەو هەموو ئەوانەی ئێستا لە دەرەوەی پرۆسەی حکومەتی نیشتمانین و لەناو پەرلەمان نین، بیانهێنینەوە ناو پرۆسەی ئاشتتیەوایی نیشتمانی. ئەمریکیەکانیش لەبەردەم تەنگەژەیەکی گەورەدان وراپۆرتی هەردوو سەرکردەی ئەمریکا لە عێراقدا( کرۆکەر..پاتریۆس) لەناو ئەمریکیەکاندا جێگای مشتومڕی زۆرە. هەندێ لە سیاسیەکانی ئەمریکا پێیان وایە کە روبەرووی شکست هاتون وتۆمەتباری یەکەمیش بەلای ئەوانەوە خودی سەرۆك بوشە. بەلام رەنگ بێت ئەوان ئەوەیان لەیادکردبێت کە چەندین ملیۆن کەس لە چنگی دیکتاتۆریەت رزگاریان بووە،

پێکهاتەکانی ناو عێراقیش لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە، بونەتە خاوەنی چەندین کێشەو گرفتی تازە لەناو وولاتەکەیاندا. لەدیکتاتۆر رزگاریان بوە بەلام لە ژیانێکی خراپی ئەمنی وکوشتن وئازاردانی رۆژانەدان. ئێستاش کە ماوەی پێنج ساڵ بەسەر ئازادی عێراقدا رەت دەبێت، باری ئەمنی لەهەموو کات خراپترە کە خودی تایەفەو مەزهەبەکانی ناو عێراقیش بەرپرسیاریەتی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان. ئەوەتا ئەیاد عەلاوی سەرۆکی یەکێك لە کوتلە گرنگەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەنگەکانی عێراق رایگەیاند: دەوڵەتی عێراق خاوەن هیچ دامەزراوەیەك نیەو یاسا سەروەر نیە ومیلیشیا بۆتە مۆتەکەی ناو دەوڵەت، میلیشیا سەرپەرشتی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکات، بۆیە عەلاوی بەخراپ وەسفی بارودۆخی عێراقی کرد. لەلایەکی تریشەوە باسی لاوازی هێزە ئەمنیەکانی عێراقی کرد و گوتی: ئەو هێزە ئەمنیانەی ناو عێراق ناتوانن کە باری ئاسایشی ناو عێراق بپارێزن وبیچەسپێنن..

یەکێك لەپرسە گرنگەکانی دەوڵەتی عێراق ئەوەیە کە بارودۆخی ناو عێراق بۆتە گەورەترین وزیندوترین کارتی ناو هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، هەموشمان دەزانین کە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی سەرۆکایەتی ئەمریکا زۆر کاریگەری وپرسی گەورەی لێ دەکەوێتەوە بۆ دەوڵەتانی دنیا بەگشتی وعێراق بەتایبەتی، هەر گۆڕانێك لە سەرۆکایەتی ئەمریکا، واتە راستەوخۆ گۆرانە لە ئەجێندای سیاسیەکانی ئەمریکا وسوپاکەیان لە عێراقدا، دەوڵەتی عێراق بەهێزترین کارتی گەمەی هەڵبژاردنی ئەمریکان، کەرەسەی هێزە رکەبەرەکانن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەکاریبهێنن. دوای پێنج ساڵ لەئازادی عێراق، وەکو کورد لە عێراقدا زۆر گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەو ماوەیە بکەین ودەردەشەی کێشەو گرفتەکانی کورد بکەین لەناو عێراقدا. گرنگترین ئەو کێشەیەش ماددەی سەد وچل وچارەنوسی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراقە، کە وا بڕیارە ئەم ساڵ کۆتایی بە گەڕانەوەی هاوردەکان وقەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان بهێنین، بتوانین کەرکوك بگەڕێنینەوە ناو سنوری هەرێمی کوردستان، سەردانی گەورە دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ بەغداد وگفتوگۆ لەسەر پرسەکان بۆخۆی گۆڕانێکی جەوهەرییە لەمەرکەزیەتی

دەوڵەتی عێراق کە بتوانین چیتر نەچینەوە ژێر باری مەرکەزیەتی توندی ناوەندو بەرکەناری هەرێمی کوردستان. گرێبەستی نەوت وبودجەو پێشمەرگە ئەو سێ رووداوە گەورەیەن کە دوای پێنج ساڵ لە پرۆسەی ئازادی عێراق جێگای هەڵوەستە کردنێکی جددی سەرکردایەتی سیاسی کوردن ونابێت کورد لەمبارەیەوە پێی وابێت، کە دوای نەمانی رژێمی دیکتاتۆریەتی بەعس، کارەکانی وئامانجەکانی گەیشتوون بە لوتکە، بەپێچەوانەوە زۆر پرسی گەورەی ماوە کە لەئایندەی عێراقدا دەبێت مامەڵەی سیاسی ونەتەوەیی وردیان لەگەڵ بکات وهەرچی توانای هەیە بیخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئەو ئامانجانە، ئەوە جگەلە داڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیژی هەمەلایەنە بۆ داڕشتنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق وئەمریکا وهاوپەیمانان وخودی هێزە سەرەکیەکانی ناو پرۆسەی دەسەڵاتداریەتی عێراقدا لەبەغداد. هەرچەندە ئێمە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، رووبەڕووی عەقڵیەتی بەعس بووینەوەو هەمومان ئەو راستیە دەزانین هێشتا کولتوری دیموکراسی نەك لاوازە بەڵکو بەداخەوە گیانی شۆڤێنی عەرەبی لەناو دەمارەکانی بەشێ لەهێزەکانی ناو عێراق زیندووە، ئەمەش خزمەت بە یەکپارچەیی عێراق وئازادی عێراق ناکات.

لەبەر ئەوەی کێشەکانی ناو عێراق گەلێك جۆری لەیەك نەچوون، بۆیە توشی تێکەڵ کردن نابین ئەگەر هەموو پرسەکان بەیەکەوە باس بکەین، بۆ نمونە ئێستا عێراق لە باشوردا لەگەڵ کێشەیەکی خوێناوی دایە، کە رووبەروبونەوەی سوپای عێراقە لەگەڵ میلیشای مەهدی، ئێمە لێرەدا بەو نەفەسە قسە ناکەین کامیان دەبێت تاوانباری یەکەم بێت وچۆن ئەم شەڕە خوێناویە بەرۆکی ئێستای دەوڵەتی عێراقی گرتووە، بەڵکو هەڵوەستە کردنێکی تراژیدیە لەسەر بەردەوام خوێن رژان لەناو شەقام وکۆڵان وشارەکانی عێراقدا، کورد لە بارەی ئەم شەڕەوە هەڵوێستی خۆی بەئاشکرا راگەیاندووە کە دەیەوێت لە عێراقدا حوکمی قانون جێگیر بێت و میلیشا نەمێنێت، ئەم جەنگەی ئێستا هەر رەهەندێکی نیە بەڵکو چەندین هۆکارو لایەنی جیاوازی هەیە، کە شایستەی پەنجە لەسەر دانانن، بۆ وێنە ئەم میلیشایەو چەکدارانە لە بەصرەدا دەستیان گرتووە بەسەر داهاتی نەوت وقاچاخچیەتی کردن بەنەوت ودەست گرتن بەسەر بیرەنەوتیەکاندا، ئەمەش

زەبرێکی کوشندە لە ئابوری دەوڵەتی عێراق دەدات، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی کەڵەکەکردنی پارەو سامانێکی زۆر بۆ ئەو میلیشیایەو بەکارهێنانی لە شەڕوکوشتارو جەنگدا، ئەوە جگەلەوەی دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەت ئێران سودی گەورە لەو نەوتە وبەفیرۆچونە وەردەگرێت، ئەم باس کردنەی ئێمە لەسەر بەکارهێنانی نەوت وقاچاخچیەتی ئەو میلیشیایە بۆ ئەوە نیە کە شەرعیەت بە دەوڵەتی عێراق بدەین کە قەتلوعامی دانیشتوانی شارەکان وچەکدارەکان بکەن، بەڵکو مەبەست تێگەیشتنە لە دۆخە دژوارەکەو رۆڵی ئەو چەکدارانە لە رێگریەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا. گرژی ئەم دواییەی نێوان سوپای مەهدی وحکومەتی مالکی، بەمانایەك لەماناکان درز بردن وناکۆکی شیعەکان دەگەیەنێت لەناو عێراقدا، شیعەکان لەروی پێکەوە کارکردنی مەزهەبیانەی خۆیان ماوەیەکە لەعێراقدا توشی ناکۆکی ودوور کەوتنەوەی جددی هاتوون، بەتایبەت لەرووی گوتاری سیاسی وپەرلەمانی و حکومەتی لەناو دەوڵەتی عێراقدا. هاوکات لەگەڵ بەردەوامی ناکۆکیەکان نارەزایەتی لەدژی ئەمریکا لەلایەن باڵی صەدرەوە کۆتایی پێ نەهاتووەو داوای کشانەوەی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانان داوایەکی دوبارەی بەردەوامە. بۆیە پێدەچێت لە رێکەوتنی نێوان ئەمریکا وعێراقدا، جارێکی دیکە ئەم داوایە توندتر بکرێتەوە، رەنگ بێت ئەو داواو بانگەوازەی نوسینگەی صەدر لە نەجەف بۆ کۆبونەوەی یەك ملیۆن کەس لە نۆی نیسان یادی کەوتنی بەعس، بۆ وەدەرنانی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانان گەواهی دەرێکی راستەقینە بێت ولەوەوە سەرچاوەی گرتبێت.

ئێستا کە یادی پێنج ساڵەی کەوتنی بەعس دەکەینەوە، ئەو ناکۆکی ودورە پەرێزیەش دەبینین لەناو خودی عێراقیەکاندا، رۆژ نیە تەنگەژەی گەورەو مەترسیدار رووبەرووی دەوڵەت وحکومەت و هێزە جیاوازەکان نەبێتەوە، لەم بارەیەوە، جۆزیف بایدن سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا رایگەیاند: " ئێستا لە عێراقدا توندوتیژی کەم بۆتەوە، بەلام عێراقیەکان لێك نزیك نەبوونەتەوە. وا دیارە عێراقیەکان ناتوانن بەم زوانە جیاوازیەکانیان وەلانێن". جیاوازیەکانی ناو هێزە سیاسیەکانی عێراق، سروشتی نین، بەڵکو توندوتیژن وناچنە ناو هیچ پێوەرێکی یەکتر قبوڵ

کردن و دیموکراسیەوە، ئەو خوێن رژانەی رۆژانە لە عێراقدا، تایەفەکان و هێزە توندڕەوەکان پلەی یەکەم لەو تاوانە وەردەگرن، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بزانین دەوڵەتانی دراوسێ وقاعیدە کەم رۆڵ نین لە رژانی بەردەوامی خوێن لە عێراقدا، جیاوازی دەتوانێت دیموکراسی بکاتە کولتوری ژیانی عێراق وئیتر دیکتاتۆریەت نەمێنێت لەناو شادەمارەکانی خوێنی سیاسی، بەڵام ئەم جیاوازیەی ئێستا ئەوە نیە کە ئێمە ئومێدی دیموکراسیمان پێی هەبێت، بەڵکو خوێن رشتن وکوشتن وتیرۆری ئێستا جیاوازی نیە شەڕی بەرژەوەندی تایەفی و لەناوبردنی مرۆڤە بەهەموو خەون وئاوات وئامانجەکانیەوە، عێراق بەم ناکۆکی ولێك هەڵوەشانەوەیە لەناو هەموو دامەزراوەکانی دا، نەك ناتوانێت خۆی بگرێتەوە وەکو دەوڵەتێکی خاوەن دامەزراوە، بەڵکو مەحکومە بەوەی فاشیلترین دەوڵەتی دنیا بێت، ئەمریکیەکان ئەوە باش دەزانن کە ئەمرۆ لە عێراقدا خوێن رشتن رۆژانە وەکو ژەمی خواردن دووبارەو دەبارە دەبێتەوە، بۆیە مانەوەی سوپای خۆیان ومارینزەکانی خۆیان!! گەورەترین مشتومڕی ناو کۆشکی سپی و هەرەمی دەسەڵاتی ئەمریکایە، لەم بارەیەوە نانسی بیلۆسی سەرۆکی کۆنگریسی ئەمریکا رایگەیاند" پێویستە هێزەکانمان لەعێراقدا بکشێنەوەو ئیتر عێراقیەکان خۆیان خەریکی بەرێوەبردنی دەوڵەتی خۆیان بن وبونیادی دەوڵەتەکە دروست بکەنەوە" . بەڵام پێ ناچێت ئەمریکا هەرگیز دەست بەرداری کشانەوەیەك بێت کە هەیمەنەی بخاتە پەراوێزەوەو دەست کورتی بکات لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئێمە چەندە دەبێت هەڵوەستە لەسەر عێراق بکەین وەکو پێگەیەکی گرنگی ئەمریکا، ئەوەندەش دەبێت لە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاگادار بین.

بەلام ئەمریکیەکان لەناوخۆیاندا پڕن لە گومان وپرسیارو رەخنەی جددی لەهاتنیان بۆ عێراق وئەو جەنگەی دژی رژێمی صەددام خسێن بەرپایان کرد، بەشێکی زۆری سیاسی یەکانیان رەخنەی کاریگەر لە ئیدارەی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی بوش دەگرن وپێیان وایە ئەمریکا لە کارەساتێکی گەورە ئالاوەو دەبێت باجی قورس بدات، مادلین ئۆلبرایت، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری(فۆکس)ی ئەڵمانی گوتی:" شەڕی ئەمریکا لەعێراق گەورەترین هەڵە بووە لەمێژوی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو کە زۆر لەشەڕی ڤێتنام خراپترە" ئۆلبرایت وەسفی

خراپی وتێکچونی باری ئابوری وڵاتەکەی کرد بەهۆی ئەم جەنگەوەو ئاماژەی بەوەدا کە رادەی بێکاری رووی لەهەڵکشانێکی خراپ کردوەو ئەمە بۆ ئەمریکا جێگای هەڵوەستەیەکی جددیە لە پاشەڕۆژدا، هەرچی کۆماریەکانن کە ئێستا لەسەر دەسەڵاتی ئەمریکادان، ئاماژە بەوە دەدەن کە بونی یەدەگی نەوتی خاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەتاییەت دەوڵەتێکی وەکو عێراق، مایەی ئەوەیە کە هەمیشە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئامادەگی هەبێت و ناکرێت دەستبەرداری ئەو ستراتیژە ببن. بۆیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمریکا دەبێت لەدەرەوە بەهێز بێت وهەردەم بەدوای هاوپەیمانی تازەوە بێت و پەیوەندیەکانی خۆی بپارێزێت لەگەڵ دۆستەکانیدا، هەرچی دیموکراتیەکانن کە ئۆلبرایت یەکێکە لەوان، هەمیشە بەوە ناسراون کە گرنگیان بەبارودۆخی ناوخۆی وڵات داوەو بەردەوام کار لەسەر باری ناوخۆ دەکەن. دەیانەوێت لەناوخۆ ئەمریکایەکی بەهێز هەبێت وپێداویستیەکانی ناوخۆ فەراهەم بکەن.

تەقینەوە یەك لەدوایەکەکانی رۆژانەی عێراق، پچڕانی بەردەوامی بیرکردنەوەی ئەمریکیەکانە لەو وڵاتەو قوڵ کردنەوەی ناکۆکی ناوخۆی ئەمریکایە، تیرۆر وکوشتنی رۆژانە، زەبری گەورەی لە پرۆژەو ئامانج وبەرنامەی ئەمریکیەکان داوە، بۆیە باری ناوخۆی ئەمریکایە لەرووی سیاسیەوە ئاڵۆزەو بەردەوام سیاسەتمەداران لەسەر جەنگی عێراق رووبەرووی فشاری گەورە دەبنەوە، راپۆرتە یەك لەدوایەکەکانی هەردوو لایەنی سەربازی وسیاسی لەلایەن سەرکردەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، فریای ئەوە ناکەون کە پینەی ئەو تەنگەژەیەی ئێستای ناو کۆشکی سپی وسەرجەم دامەزارەکانی تری ئەمریکا بکەن، ئەمریکا هەناسەی سوارەو نایەوێت چیتر بەدیار شکستە وێرانکاریەکانی رۆژانەی ناو عێراق بوەستێ وداوای گۆڕان دەکات، گۆرانێك پێش هەمووشت ئەمریکا لە دۆخی ئێستای دەرباز بکات ئەوکاتە ئەگەر دیموکراسیش ببێتە قوربانی قەیناکە!!؟؟.

عەللاوی لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی شەرق ئەوسەت گوتی: بارودۆخی ئەمنی لەژێر سفرەوەیە ودڵمان بەوە خۆش نیە کە بانگەشەی باش بونی بارودۆخی ئەمنی عێراق دەکرێت، وە رەخنەی توندی لەئەمریکا گرت وگوتی سێ هەڵەی ستراتیژی لەعێراقدا کردووە( ئۆپۆزسیۆنی

هاوپەیمانی ئەمریکا لەدوێنێ ئێستا چۆن قسە دەکات، ئایا ئەوە بۆ ئەمریکا جێگای هەڵوەستەی جددی نیە لەبارەی شکستەکانیەوە)، عەللاوی سێ هەڵە ستراتیژەکەی ئەوا ریز کرد: یەکەم هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق. دووەم دابەشکردنی تایەفیانەو سیاسیانەی دەوڵەت. سێیەم: بێدەنگی لەدەست تێوەردانەکانی دەوڵەتانی دراوسێ.

جۆرج بوش پشتگیری لە راست ودروستی بڕیاری جەنگی عێراق کردەوەوگوتی راستە مشتومڕی زۆر هەیە لەسەر جەنگی عێراق، بەلام من دەمەوێت بۆ هەموو لایەکتان روون بکەمەوە کە بڕیارێکی راستمان داوە.وە ئێمە دەتوانین ئەو جەنگە ببەینەوە و هەرواش دەبێت. بوش بە بایەخەوە قسەی لەوە دەکرد کە عێراقیەکان لەدەستی دیکتاتۆرێکی وەکو صەددام رزگاریان بووەو ئێستا خەریکن دیموکراسی بنیات دەنێنەوە. لەلایەکی تر ئێمە شەڕی قاعیدە دەکەین لەعێراقدا ومەترسی لەسەر ئاسایشی ئەمریکاو عێراق لادەبەین، هەرچەندە ئەم گوتارانەی بوش زۆر دەمێکە کەوتونەتە بەردەم رەخنەی توندەوەو زۆرێك لە رۆشنبیرو نوسەرو رۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەمریکا لەجیهاندا توشی نارەزایەتیەکی گەورە بۆتەوە. واتە کۆدەنگیەکی جیهانی لەدژی سیاسەتەکانی ئەمریکا هەیە، کەناکرێت بەهیچ پێوەرێك ئەمریکا حسابی زۆر گەورەی لەسەر نەکات، ئەمریکا توشی هەڵەی زۆر گەورە دەبێتەوە ئەگەر حساب بۆ ئەوە کۆدەنگیە گەورەیەی جیهان نەکات کەلەدژی بەرپابووە. یەکێك لەو خاڵە زۆر گرنگانەی کە دەیهێنێت زۆرترین مشتومڕی لەسەر بکرێت لەناوەوەو دەرەوەی ئەمریکا وعێراق وجیهاندا، ئەم وتەیەی بوشی سەرۆکی ئەمریکایە کە دەڵێ :" بۆ ئەمریکا وا باشترە لەعێراق رووبەرووی قاعیدە ببێتەوە لەجیاتی ئەوەی لەئەمەریکادا رووبەڕوویان ببێتەوە و جەنگ بەرێتە ناو ماڵی خۆیەوە" . واتە لەهەر شوێنێك پێویستی کرد ئەمریکا روبەرووی قاعیدە بێتەوە، بێ سێ ودوو ئەمریکا دەستی خۆی دەوەشێنێت لەو شوێنە کە مانای وایە سنوری نێو دەوڵەتی وسەربەخۆیی دەوڵەتان لەبەرامبەر هێزی ئەمریکا هیچ مانایەکی نەماوە، ئەم قسەیەی بوش ئەوە دەگەیەنێت کە بیانەوێت دەست بخەنە ناو کاروباری هەر ولاتێك، ئاسانە، چونکە هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێن رێکخستنی قاعیدە هەیە، یان هاوکاری قاعیدەت کردووە، یان ...یان.

بۆیە ئەمریکا بەم قسەیە هەرەشە لەهەموو جیهان دەکات، بەهەموان دەڵێت هەموتان دەکەمە قوربانی ئەمریکا. چونکە ئەگەر تۆ ئامادە نەبیت شەڕ بەریتە ناوماڵی خۆتەوە، ئەوا لەناو ماڵی خەڵکی تر دەیکەیت. لەناو وڵاتان ودەوڵەتانی تر ئەنجامی دەدەی. لەلایەکی ترەوە ئەم قسەی بوش، مانایەك بۆ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان ناهێڵێتەوە، چونکە ئەو دەڵێت ئێمە شەر ناخەینە ناو ماڵی خۆمان، کەواتە ماڵی کێمان پێ باش بوو لەوێ دەیکەین. روبەروبونەوەی قاعیدە ئەرکی هەموو هێزە دیموکراسی خواز وئازادیخوازانی دنیایە وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی ودواکەوتوو، بەلام نەك لەپێناوی بەرژەوەندی ئەوی تر. وە ئێمە لەوەش تێدەگەین کە کارەساتی یانزەی سێبتێمبەر برینێکی ئاسان نیە لەرۆح وجەستەی ئەمریکیەکاندا، ئەو کردوە تیرۆریستیە هاوسۆزی گەورەی لەجیهاندا بۆ ئەمریکا دروست کرد، بەلام ئایا ئێستا ئەمریکا ئەو هاوسۆزیەی لەیادەو پێی وایە ئێستا ئەم هاوسۆزیە ماوە، یاخود گومان لە مارینزەکانی ئەمریکا بۆتە گومانێکی بەردەوام لەلایەن هەموو دەوڵەتانی تری جیهانەوە. ئەوەتا لەعێراقدا مارینزەکان بەچەکەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکی جوانی ژیان دەکەن، بەراستی چەك بۆتە سومبولی ئەمریکا لەعێراق وسەربازەکانیان لەعەقڵی تایەفی توندی دواکەوتووی عەرەبی عێراق وەشاونەتەوە. لەجیاتی دیموکراسی وگەڕانەوەی باری ئەمنی وژیانی جوان بۆ عێراقیەکان، کەچی مارینزەکان بەچەکێکەوە هەمیشە رووبەروی دەموچاومان دەبنەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانمان دەردەکەونەوە. ئەمریکا زۆر بەتەنگ ناو ماڵی خۆیەتی، بەلام کاول بوونی ماڵی خەڵکی تر شتێکی ترە، کەواتە ئەگەر لەم بارەیەوە وردتر سەیری عێراق وئەمریکا بکەین، ئەوا پێویستە کورد لەعێراقدا زۆر وریا بێت لەستراتیژی ئەمریکا، چونکە بۆ ئاوەدانی ماڵی خۆی ئەگەر ماڵی کورد لەعێراق خراپ بێت ئەوا سروشتیە، چونکە وەك گوتمان جیهان بۆ ئەمریکا ئاوەلایە ئەگەر مەترسی لەسەر ماڵی خۆی پەیدا بوو. ناشکرێت حساب لەسەر راپۆرتەکانی دامەزراوە وکەسایەتیەکانی ناو ئەمریکا نەکەین، چونکە ئەوانە گوێیان لێ دەگیرێت وهەندێ جار مشتومڕی نێو دەوڵەتی وهەرێمییان لێ دەکەوێتەوە، بەداخەوە کورد پێویست بوو دامەزراوەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ستراتیژی گرنگی دروست

کردبایە بۆ ناسین وخوێندنەوە ونوسین وقسەکردنی زۆر زانستی لەسەر ئەمریکا وسیاسەتی زلهێزەکان ودەوروبەرمان، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئێمە بڕوامان بە گوێ گرتن لەیەکتری ورەخنەکانی یەکتریش نیە، چ جای توێژینەوەو رەخنەی گرنگ لە سیاسەت وهەنگاوەکانمان، لەم بارەیەوە حەز دەکەم چیرۆکی رۆشنبیرێکتان بۆ بگێڕمەوە، لەکاتی دروست بوونی تەنگەژەیەکی سیاسی لەناوچەکەدا، ئەم رۆشنبیرە هەڵدەستێ تەلەفۆن بۆ نوسینگەی یەکێك لە سەرکردە کوردەکان دەکات، دوای سێ چوار جار هەوڵدان، بەرپرسی نوسینگەکە وەڵامی تەلەفۆنەکەی دەداتەوە، ئەویش خۆی پێ دەناسێنێت ودەڵێت دەربارەی ئەو تەنگەژەیە وەکو رۆشنبیرێك ئەو پێشنیارەم هەیە بگەیەنیە بەرێزیان؟ بەرپرسی نوسینگەکە دوای ئەوەی گوێی لەقسەکانی رۆشنبیرەکە دەگرێت، کەچی بەجنێوو قسەی ناشیرین وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: تۆ بەتەمای ئێمە ئامۆژگاری بکەیت و رێگامان بۆ دابنێی؟ تۆ دەتەوێت ئێمە فێری قسەکردن وهەنگاونان بکەیت. ئەمە دەردی کوشندەی سیاسیەکانی ئێمەیە یەعنی ئەگەر رۆشنبیرێك هەندێ رەخنە وپێشنیار بگەیەنێتە سەرکردەیەك، بۆ دەبێت گوێی لێنەگیرێ، لەکاتێکدا زۆر سروشتی یە ئەگەر بەقسەشی نەکەیت وبڵێت من بەرنامەو ستراتیژی خۆم هەیە، بەلام دەبێت بزانین سیاسەت وکێشەی نەتەوایەتی لەکوردستان تەنها هی سیاسیەکان وسەرکردەکان نیە، رۆژنامەنوس ورۆشنبیر وشاعیرو مامۆستاو دکتۆر ولادێ وشارو هەموو چین وتوێژێك خاوەنی کێشەکەیەو گشت کەسێك مافی خۆیەتی، ئەرکی خۆیەتی لەپێناو کێشەکەی چی دەڵێت وچی پێشنیار دەکات وچی هەیە بۆ قسەکردن وبۆ ئایندە بینی وخوێندنەوەی رووداوەکان. بەم جۆرە عەقڵیەتە داڕشتنی بەرنامەو ستراتیژ لەگەڵ ئەمریکاو عێراق ودەوروبەر کارێکی زەحمەتەو ناتوانین ئازاد بین لە کردنەوەی عەقڵمان بەرووی کەم وکوریەکان پەنجە خستنەسەر کێشەو گرفت وهەنگاوە هەڵەکان. بۆنمونە ئێستا لەعێراق بابەتێکی زۆر گرنگ وچارەنوسساز هەیە، کەم کەناڵ ورۆژنامە وسیاسی ورۆشنبیر هەیە لەعێراقدا، یەك دنیا قسەی لەبارەوە نەکات، ئەم بابەتە هێندە گرنگە تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەش دنیایەك گومان وروانین وقسە وباسیان هەیە لەبارەیەوە، کەچی ئێمە کە زۆر گرنگە بۆ ئێمەش، کەمترین

قسەمان لەبارەیەوە کردووە، ئەویش بابەتی: مانەوەی ئەمریکاو پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق وئەمریکایە، ئەم بابەتە هێندە گرنگە لەناوچەکەدا کە تەواوی هاوکێشەکانی پێوە بەندە، بۆیە ناکرێت چەندین بەرنامەو تێڕوانین و گومانت نەبێت سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ئەمریکاو عێراق بۆ ئایندەو چۆنیەتی مانەوەو یان کشانەوەی ئەمریکا لەعێراقدا. لەم بارەیەوە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، ئاماژەی بەوەدا کە لەسەر رێکخستن وپەیوەندی نێوان ئەمریکاو عێراق لەناو پەرلەمانی عێراق، زۆرترین مشتومڕ وگفتوگۆ دروست دەبێت، کە ماوەیەکی گەلێك زۆر دەخایەنێت. ئێستا قۆناغی گفتوگۆی ئەم دوو دەوڵەتە دەستی پێکردوەو واش بڕیارە تەواوی رێککەوتنەکە لەناو پەرلەمانی عێراق، بخرێتە بەردەم ئەندامان وگفتوگۆی شەفافی لەبارەوە بکرێت. ئەم مەسەلەیە نەتەوەیەکگرتوەکانیش دەگرێتەوە دەربارەی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆمانەوەو نەمانەوەی سوپای ئەمریکا لەناو خاکی عێراقدا. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە هەندێ شتی دیاری کراوە، کە چەندین پرسیار لەگەڵ خۆی دێنێت، یەکەم ئایا لەروی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عێراقدا سودەکانی مانەوە یان رێککەوتنی نێوان ئەمریکاو عێراق چین بۆ کورد وفیدراڵیەکەی؟ یاخود گەڕانەوەو نەمانی ئەمریکا لەناوچەکە چ سودێك بەکورد وکێشەکەی دەگەیەنێت؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تر. چ گرەنتیەك بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە دەرهەق بەکورد ئەگەر ئەمریکا لەناوچەکەدا نەماو لەعێراق کشایەوە، یاخود چ گرەنتیەك لەلایەن ئەمریکیەکان هەیە بۆ کورد کاتێك لەگەڵ دەوڵەت رێك دەکەون وئیتر کوردیش وەك بەشێك لەعێراق پێگەی خۆی لاواز نابێت. دەیان پرساری پێچەوانەی یەکتر دەوری کورد وسیاسەتەکانی گرتووە، بۆیە دیقەتی کورد لە رێککەوتن وکێشەکان وبەرژەوەندیەکان دەبێت زۆر ورد بێت. بەرادەیەك لەهەموو شتێکدا ئەوە بزانێت بۆچی وایە وچی تێدایە بۆکورد. کورد زۆر خزمەتی بە دروست کردنەوەی عێراق کرد و کۆڵەگەیەکی ئەساسی ئێستای عێراقە، بەڵام ئەمە بەلای زلهێزەکانەوە گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ چۆنیەتی خۆ دەربازکردنیانە لە شکست وزیانەکانیان و وە چۆنیەتی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان. ئەوان نەوەکو تۆ بەڵکو لەسەر زۆر شتی تر ئامادەن موساوەمە بکەن بۆ بەرژەوەندی

وستراتیژیان. بۆیە ناکرێت ئێمە پێچەوانەی ستراتیژی ئەوان بین بەڵکو گرنگی لەوەدایە کێشەو ئامانج وخەون وئاواتەکانمان لەگەڵ ئەوان راستەهێل بکەین وبەهاتنەدی بەرژەوەندیان، کیانی ئێمەش لەدایك بێت، ئەوکاتە چەندەی بەرژەوەندی خۆیان دەپارێزن با بیپارێزن.

کوتلە سیاسیەکانی عێراق بە ناکۆکی نێوان خۆیان، زەرەری گەورەیان لە پرۆسەی سیاسی عێراق داوە، وایان کردووە لەبەرامبەر رێککەوتن وبەرژەوەندی ئەوانی تر لەناوچەکەدا؟ لاواز بن، ئەم ناکۆکیە بەردەوامەی کوتلە سیاسیەکان، خوێنی عێراقیەکانیشی نەزیف کردوەو ژیان بۆتە سەرابێك، ئەمەش قسەکردنێکی رەش بینانە نیە، بەڵکو رۆژانە شانۆی سیاسی عێراق ئەم جۆرە خوێن رشتنەی لێوە نمایش دەکرێت، ئێمە لەوە تێناگەین ئەوانەی کە لە تاراوگە دیموکراسی وئازادی خواز بوون، بۆچی کە گەڕانەوەو چونە سەرکورسی، بونە سەخترین تایەفەپەرست ودژە کرانەوەو ئازادیەکانی مرۆڤ لەم ولاتەدا، تۆ بڵێی ئەزمونی دیکتاتۆری بەعس بۆ ئەوانە سودێکی نەبێت. یاخود هەر لە ئەساسەوە عەقڵ و سیستەم وبیرکردنەوەی دیموکراسی وژیانی لیبراڵی و ئازادی خوازی لەلای ئەوانە چەکی سیاسی بووە، نەوەکو ستراتیژو بنەمای خەبات. رۆژانە کوتلە سیاسیە دەسەلاتدارەکانی عێراق لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە، سەردانی یەکتر دەکەن ولەبەردەم راگەیاندنەکان کۆدەبنەوە وکۆنگرەی رۆژنامەنوسی دەبەستن ودنیا دەکەنە شامی شەریف. کەچی خوێن زیاتر دەڕژێت، دنیا زیاتر دادەخرێت لەبەردەم ئازادیەکانی تاکی عێراقی، نەهامەتی وتێکچونی بارودۆخ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەم سیحری کۆبونەوەو رێککەوتنی نێوان کوتلە سیاسی ودەسەلاتدارەکان چی یە، کە ئێمە لێی تێناگەین. یاخود هێزە چەکدارە یاخیەکان ورێکخراوی قاعیدە زۆر لەوە بەهێز ترە کە کوتلە سیاسیەکان ئاماژەی پێ دەکەن. چونکە عێراق مەیدانی یەکلایی کردنەوەی کردەوەکانیان وسیاسەت وهەنگاوەکانیانە، ئێمە پێویستمان بەدوو جۆر هەنگاوی گرنگە یەکەمیان کۆتایی پێهێنانی ناکۆکی ناوخۆیی کوتلە سیاسیەکان ودووەمیان گەیشتنە رێککەوتنی یەکلایی کەرەوە بۆ قاعیدەو چەکدارە یاخیەکان، بەلام بیرمان نەچێت ئەمریکاش لەم بارەیەوە سیاسەتی نێگەتیڤی هەیە وبەشێکی زۆر کاردانەوەیە لەبەرامبەر

ئەمریکادا، بەهەرحاڵ ئایا ئێمە وەکو کورد چۆن قازانج دەکەین لەعێراق کە ئاژاوە وناکۆکی وجەنگی تێدایە، ئەی ئەگەر عێراق ئەم قەیران وکێشانەی تێپەڕاند وهێور بۆوە، ئێمە وەکو کورد چ قازانجێك دەکەین، یاخود لەبری هێمنی ئێمە خزمانی دەوروبەرمان لێ هانبدەن وبچنە ئەوێ ودژایەتی هەموو ئەزمون وقەوارەیەکی کورد بکەن، گەندەڵی وناعەدالەتی وحزبایەتی تەسکی ئێمە، نەبونی دیموکراسی بۆ ئەم پیلان ودژایەتیەی ئێمە بۆ ئەوان یارمەتی دەرێکی زۆر گەورەو بەکەڵکە. چونکە ئێمە کەموکورتیەکانمان دەبنە هۆی لەدەستدانی پشتگیری دەرەوەو بێمتمانەی ناوخۆ، بەم جۆرەش لاواز دەبین وزەرەدان لە هەر شتێکی ئێمە ئاسان دەبێت. چەندە دیموکراسی وشەفاف بین لەناوەوە متمانەیەکی گەورە بۆ کیان وئەزمونەکە دروست دەبێت، وە لەدەرەوەش پشتگیریەکان زیاتر دەبن وبەهێزیش دەبن. کەواتە ئێمە لەعێراقدا لەبەردەم دوو ئەرکی زۆر گەورەداین، یەکەم باری ناوخۆ، دووەم باری ناوعێراق و رۆڵمان لەبەهێزکردنی ماف وپێگەو ئامانجەکان، لەگەڵ دۆزینەوەو دروست کردنی پشتیوان ودۆستی گرنگ وبەهێز، بۆ ئەوەی ئەگەر پشتگیریشمان نەکەن بەڵام دژایەتیمان نەکەن، تۆ ئەگەر لایەنێك پشتگیریت نەکات، بەلام دواجار وای لێبکەیت دژایەتیت نەکات، من هەر بەسەرکەوتنی دەزانم چونکە توانیوتە دووژمنێك یان رێگرێکی پرۆسە وئامانج ومافەکانت کەم بکەیتەوە، ئێستا لەناو سیاسەتی نێو دەوڵەتی سەرقاڵی وتەنگەژەی زۆری دروست کردوە، ئێمەش وەك بەشێك لەعێراق جێگای هەڵوەستە وقسە لەسەرکردنین، هاتنی دیك چینی وورایس و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو راستیە وئەو چاوتێبڕینە باش دەسەلمێنێت، کوردیش لەنزیکەوە هەستی تەواوەتی بەم چاو تێبڕینە کردوە، بەلام بیرمان نەچێت، لەگەڵ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بەبیانوی پەکەکە بۆ بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستان، هەندێ راستی تاڵ بۆ ئێمە دەرکەوتن، ئەویش چۆنیەتی بەڵێن و قسەی هاوپەیمان ودەوڵەتانە کە ئەمڕۆ لەعێراقن، چونکە هەندێ سەرچاوەی سیاسی ئاماژەیان بەوەدا کە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا بۆچەند مەبەستێك بووە، یەکێك لەوانە نزیك بونەوەی وادەی جێبەجێ کردنی ماددەی سەدوچل وبەرزبونەوەی هەستی سەربەخۆیی کورد دوای ئەوەی کۆسۆڤۆ

سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بۆیە دەبینین تورکەکانیش زۆر راشکاوانە باسی کەرکوک دەکەن وخۆیان کردۆتە مامەخەمەی یەکەم. لەم نێوانەدا کورد مافی خۆیەتی بەحساباتی خۆیدا بچێتەوە، رۆڵی خۆی باشتر بخوێنێتەوەو بزانێت بۆچی روداوەکان بەم جۆرە دەکەونەوە، ئەوە لەلایەك. لەلایەکی تریشەوە کورد دەبێت وردتر پلان دابنێت بۆ پاراستنی کیانەکەو ئەزمونەکەی وچۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆست ودوژمن، ئێمە لەناو چوار دەورێك داین کە هیچیان بەرژەوندیان لەگەڵ ئێمەدا نایەتەوە، بەڵکو نکۆڵیشت لێ دەکەن، ئەوە کارەساتەکەیە. لێرەدا هەوڵ وماندووبونی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی کورد بۆ ئەوەی هەموو ئەگەرەکانی پەراوێزخستنی خۆی لەبەرچاوبگرێت ونەخشەی سیاسی پڕ لە لق وپۆپی خۆی هەبێت. لێرەدا قسەی رۆژنامە نوسێکی ئەمریکی بۆ ئێمە گرنگە کاتێك لە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا گوتی:"ئێمە چەند بێ وەفا بوین بەرامبەر دۆستە هەرە دڵسۆزەکەمان لەناو عێراقدا، کە لەیەکەم ودواهەمین هەنگاوی ئەمریکا هاوکارمان بوون." ئەم قسەیەی رۆژنامەنوسەکە کە مەبەستی کوردە، مانای ئاگایی ئەمریکیەکان دەگەیەنێت لەرۆڵی کورد لەعێراق لەهاوکاری ئەمریکاو دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراق، خودی ئەم جۆرە قسانە بۆ کارکردن لەسەر رای گشتی ئەمریکی بۆ ئێمە چەکی باشن، چونکە قسە ونوسین وتێروانینی خۆیانە، ئەگەر ئەوان ئاوا لە مانای بونی دڵسۆزیت بۆ خۆیان تێگەیشتون، ئەوا دەستکەوتە، چونکە گرنگە حسابی دۆستی دڵسۆزت لەسەر بکرێت. هەرچەندە بەرژەوەندیەکان کە گۆڕانیان بەسەردا هات، دۆستایەتیش دەگۆڕێت، بەلام لەو ماوەیەی کە دۆستین با بزانین چۆن سود لەدۆستایەتیەکە وەردەگرین وچۆن هەوڵ بدەین نەخشە وبەرنامەی سیاسی خۆمان ئاراستەی سەر شانۆکە بکەین وبزانین چۆن نواندن دەکەین. ئەگەر لەعێراقدا ئەمریکیەکان دەستوری ئەم وڵاتە فەرامۆش بکەن، ئەو کاتە بۆ ئێمەی کورد دۆستە دڵسۆزەکە مانایەکی نامێنێ.

بۆیە هەر کاتێك باسی روداوەکانی عێراق دەکرێت لەدوای روخانی رژێمی صەدام، ئەوا دەبێت زۆر بەئاگایانە و بە پلانەوە بزانین ئێستا روداوەکان چۆنن، ئایندە بۆ کوێمان دەبات، وا باشە چی بکەین وپێویستە دۆستەکانمان

کێ بن، عێراق چۆن بێت، رژێمی سیاسی هەنگاوی چی دەنێت. کوتلە سیاسیەکان چۆن لەئێمە دەڕوانن . ئەمریکاو هاوپەیمانەکان چۆن قسە دەکەن وچۆن گوزارشت لەرۆڵی هەریەکێك لەناو ئەو دەوڵەتە ناسروشتیەی عێراق دەکەن.

# کێ دەیەوێت بەتەنیا سێوە حەرامەکە بخوات!
# نەوەکانی ئادەم با میراتەکە بەش بکەین

ئەو کاتەی ئەمریکا ویستی دەسەڵاتی صەدام لە عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، سەرۆکی ئەمریکا لە قسەکردنێکدا گوتی: ئێمە روبەروی دیکتاتۆریەتێك دەبینەوە کە ئێستا لەجیهاندا خراپترین سیستەمی حوکمڕانی لەچنگی دایە. راگەیاندنی ئەو کاتە وێنە شەیتانیەکانی صەدام حسێنیان بەهەموو لایەکدا پەخش دەکرد، کە سەیری تیڤیت دەکرد ئەو لەسێدارەدانء کوشتنء گرتنەت دەبینی کەلەسەر دەستی بەعسیەکان جێبەجێ کراون، لەهەمان کاتدا وێنەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەء ئەنفالی کورد بەردەوام دەتبینین. ئەمە وێنە شەیتانیەکەی صەدام حسێن بوون، بەلام بەدیوێکی تردا بە فریشتە نیشاندانی ئەمریکا بوو کە هاتووە دەیەوێت جەنگی شەیتان بکاتء گەلانی عێراق لە چنگی ئەو رزگار بکات، واتە ئەمریکا فریشتەیەکەء هاتووە جەنگی شەیتان دەکات. بەڵام دوای جەنگەکەء دوای ئەوەی سیستەمی تازەی دوای صەدام بینراء هەزاران تەرم لە کوچەء کۆڵان فرێدران، هەزاران لە ناو روباری دیجلە بۆنیان کرد. هەزاران کەس ئاوارە بون، هەزاران کەس کوژرا کە نەزانرا لەسەرچی کوژرا. ئیتر عێراق بووە گۆڕستانێکی گەورەء بەردەوام لە تیڤیەکانەوە وێنەی

تەقینەوە خوێناویەکانء مردنی بەکۆمەڵمان دەبینی. واتە دەمەوێت بڵێم ئەمە دەریخست جەنگی نێوان فریشتەء شەیتان نەبوو، واتە شەیتان هێشتا لە عێراقەء عێراق ئەو دنیا جوانە نیە کە پێمان وابوو دوای کۆتایی صەدام ئیتر کۆتایی شەیتان دەبینین. ئێستا خۆ صەدامء دەسەلاتەکەی نەماوە، بەلام ئەو هەموو گەندەڵیە چیە؟ ئەم هەموو کوشتنء تەقینەوەء تیرۆرە هەر کۆتایی پێ نەهات؟ ئەو هەموو شۆڤێنیەتە هەر نەبڕا؟ بۆچی هێزە دینیەکان نەیانتوانی بەهۆی دینەوە لەناو ئەم کۆمەڵگا ئیسلامە! دنیایەکی ئارام دروست بکەن؟ بۆچی هێزە دیموکراتیەکان نەیانتوانیوە وێنەیەك لە دیموکراسی نیشان بدەن، کە هیچ نەبێت ئومێدێك ببینین. هاولاتی عێراقی هێشتا لە دۆخێکی خراپی هەژاریدایە. هێشتا زانکۆء ناوەندەکانی خوێندن پڕن لە تایەفەگەریء ناکۆکیء هێزی ناعەقلانی. ئەگەر ئەوانەی دوای صەدام هاتنء ئۆپۆزسیۆن بوون ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، شەیتانیش نەبن، ئەوا دەرکەوت فریشتە نینء راستگۆ نین لەگەلأ دروشمی پێکەوەژیان. ئێمە رۆژانە گوێ بیستی ئاشتیەوایی نیشتمانیمان گوێ لێ دەبێت، دەبینین لەم بارەیەوە لێدوانی زۆر دەدرێت، زۆر جەخت لەوە دەکرێتەوە کە هێشتا ئاشتیەوایی نیشتمانی کۆسپی زۆری لەبەردەم ماوە، بەلام دەپرسین ئەی ئێوە هەموتان دژی دیکتاتۆر لە تاراوگە نەبون، ئاواتتان ئازادیء سەربەستی نەبوو لەدەستی صەددام، هەمیشە نەتاندەگوت: ئێمە دژی دیکتاتۆریء تاك ڕەوینء ئەگەر دەسەڵات لەدەست ئێمە بێت، عێراق دەکەینە نمونەی پێکەوەژیان. ئێستا ئەم دەوڵەتە لەبەردەستی ئێوە لەهەموو کاتێك زیاتر لە بێ متمانەیەدا دەژیت. لەهەموو کاتێك زیاتر لە جەنگ نزیکە لەناوخۆیدا، ترس هەیە لە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە هەیە. دیموکراسی لە عێراقدا بە هەنگاوەکانی یەکتر قبولأ کردنء واز هێنان لە کوشتارء توندوتیژی دەست پێ دەکات، نەوەکو بە کۆنگرەء کۆنفرانس کە لەناویاندا متمانە بەیەکتر نیەء لەلای یەکیشەوە دادەنیشنء زەردەخەنەی سەر لێویان لە هەواڵەکان دەبینین. کاتێك کورد داوای مافێك بکات ناکرێت بەو مەترسیە گەورەیە لێ بڕوانرێت، شیعەش بەهەمان شێوە، سوننەش بەهەمان شێوە. بەلام لێرەدا دەکرێت پرسیار بکەین کەئایا دەکرێت هەتاهەتایە ئەم کۆمەڵگایە لەسەر ئەساسی کوردء شیعەء سوننە دابەش بکرێتء

هاوسەنگی دەسەڵاتی ئەوان،بەرژەوەندیان بپارێزرێت، یان ئەگەر دیموکراسی لەسەر ئەساسی دیموکراسی زۆرینە، کەمینە بێت، چی لەو واقیعە دەکەین، دەبێت چی بکەین جەنگی نێوان فریشتە، شەیتانمان هێندە لێ تێکەڵا نەبێت؟ ئایا دەتوانین ئەم کۆمەڵگایە بکەینە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، یاخود نەمانی ئەم چوارچێوەیە حەتمیە، ئیتر دەبێت جوگرافیای ئەم دەوڵەتە بگۆڕدرێت. ئێستا وێنەکانی شەیتان، فریشتە تێکەڵا دەبن، ئیتر ناتوانین وا بەئاسانی لەیەکتریان جیا بکەینەوە. ناتوانین بڕیار وەربگرین لەسەر ئەوەی دەکرێت کام ئەزمونە بۆ داهاتوو پێویستە، دەکرێ چۆن سود وەربگرین. ژیانی ئێمە لەناو روداوی ئاڵۆز، ترسناك دایە، پلانگێڕی ناوخۆی ئەم دەوڵەتە هی ئەوە نیە بەرامبەری کەمتەرخەم بین. هی ئەوە نیە بێ ئاگابین لێی. ئەمەش وا دەکات بڵێین چۆن بتوانین شەیتان لەم ولاتە دور بخەینەوە. چۆن بکرێ پێکەوەبژین، ئەو ناعەقلانیەتە فرێ بدەین، بێگومان من ئومێدێکی لاوازم هەیە، خۆزگە دەخوازم وەکو کوردێك لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا نەمێنمەوە، بڕیاری چارەی خۆنوسین بەدەست خۆم بێت. هەرچەندە ئێمەش لەگەڵا یەکتر زۆر دڵا رەقین، هێشتا کولتوری یەکتر جوان کردن لەناو ئێمە غیابە. بەڵام ئومێد نابێت بمرێت، بوەستین، هەنگاو نەنێین.

تا هەنوکەش وێنەکانی دوێنێ زاکیرەی عێراقیەکانی جێ نەهێشتووە، شەیتان ئەم هەوارەی چۆڵا نەکردووە، پێشناچێت وا زوو بەجێی بهێڵێت. تا ئێستا کورد لەسەر کەرکوك، خاکی رەسەنی خۆی ژیانی لێ تاڵە، خەمی زۆرە، کەسێك نیە جێگای متمانەی بێت، کەسێك نیە بڕوای پێ بکات، کەواتە فریشتەبونی ئەوانی تر لەکوێدایە، راستە ئەوان فریشتە نین، بەڵام کورد هەرگیز لەسەر بەشەیتان کردنی ئەوی دی کاری نەکردووە، بەردەوام هاواری کردوە ئاشتی. ئەمەش مۆراڵە، وەلێ دەردە بەسوێکە بۆ کورد لەناوخۆدایە، چونکە کورد لەناوخۆی دا هەمیشە وێنەی شەیتانی بۆ کوردی بەرامبەر دروست کردووە، بۆیەش خوێنی زۆرمان لەبەر رۆیوە. با پەند وەربگرین، هێندە یەکتر توشی شۆك نەکەین، هێندە ئامادە نەبین بۆ رق لێبوونەوە. ئەمڕۆ ئەزمونی عێراقیەکان بۆ ئێمە زۆر جێگای گرنگی پێدانە، چونکە پێمان دەڵێت ئەها بەشەیتان کردنی یەکتر چەندە بەسوێیە! ئەها ئەگەر رق هەبوو چۆن ئاسمان، زەوی، سێوەکانیش بۆنی خوێن دەگرن.

ئەها ژیان چەندە قورس دەبێت لەسەر شان کاتێك هەمومان بڕیارمان داوە وەکو شەیتان سەیری یەکتر بکەین. کوردء عەرەبء ئەوانی دی، ئەگەر دەیانەوێت لەم عێراقەدا پێکەوەبژین، پێش هەموو شت پێویستە دڵیان لە شەیتان پاك بکەنەوەء خەون بە تەرمی یەکترەوە نەبینن. خەونی ترسناك بە کرۆشتنی جەستەی یەکترەوە نەبینن.، وەلێ ئەم عێراقە سێوە حەرامەکەی بەهەشت نیە، تاوەکو بەخواردنی خودا لێمان توڕە بێتء ئێمەی نەوەکانی ئادەم بەر نەفرەتی خۆی بدات، بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە ئەم عێراقە سێوێکی هێجگار بەپیتء بەرەکەتەء خوا بەخشیویەتی بەم نەتەوانە، بەلام هەموان حەز دەکەن سێوەکە هەر بەتەنها بۆ خۆی بێت، هەموان دەیانەوێت ئەوانی دی لە باخەکە وەدەرنێن، دەی کەواتە چی دەبێت ئەگەر سێوەکە بەش بکەینء هەر لایەکمان لەتی خۆی بۆ خۆی. چونکە دڵنیام خوای گەورەش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی نەوەکانی ئادەم چیتر ناتوانن پێکەوە بژینء بۆن بە سێوەکەوە بکەنء ملی یەکتر بشکێنن لەسەر خواردنی سێوەکە. دەی کەواتە مەردی خودا بن، نەوەکانی ئادەم، کوردء عەرەبء تورکمانء ئاشوریء هەموو ئەوانی دی، وەرن بۆ ئەوەی چیتر ئەم سێوە بەحەرامی نەمێنێتەوە لەت لەتی بکەنء هەر لایەء بەشە میراتی خۆی بدەنێ، چونکە سەدان ساڵە لێرە خوێن دەڕژێت لەسەر ئەم سێوە حەرامە، دەی بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت، بەپێی شەرعء یاساء مێژوو جوگرافیا، وەرن ئەم سێوە حەڵاڵ بکەن. با نەوەکانی ئادەم چیتر لە سێوی حەرام نەخۆنء چیتر بەنەفرەتی شەیتان نەکەون. ئیتر لەم زەمینە کاتی حەسانەوەء تام کردنی ژیان هاتووە.

## عێراق بەدەست ئەوانی دییەوە

رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا، لە کۆنفرانسێکدا کەلە ئیسپانیا رێکخرابوو، زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوەدا کە ئەمریکا بەڵگەی تەواوو متمانەپێکراوی لەبەردەست دایە کە ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات. وە نیگەرانی خۆشی راگەیاند لەم هەژمونەی ئێران بەسەر کاروبارەکانی ناوخۆی عێراقەوە. تەنانەت رونیکردەوە کە ئەمریکا بەهەموو شێوەیەك کار بۆ ئەوە دەکات دەستی ئێران لە عێراق هێجگار کورت بکاتەوە. وە ئەگەر بۆشی بلوێ دڵنیاین دەشیبڕێ. دەشێ لەم خاڵەدا ئەمریکیەکانو بەعسیەکان سەداسەد کۆك بنو یەك تێڕوانینیان هەبێت، چونکە کاتێك گوێ لە پاشماوەی بەعسیەکانو چەکدارو قسەکەرەکانیان دەگریت، راستەوخۆ گوێت لە دنیایەك هێرش دەبێتەوە بۆ سەر ئێرانیەکان. عەرەبە بەعسیەکانو نەتەوەپەرستە توندرەوەکان چەند رقیان لە ئەمریکایە لەعێراق بڕوا بکەن هێندەش رقیان لە ئێرانە. هەمیشە یەك جۆر زاراوە بۆ ئەمریکیەکانو ئێرانیەکان بەکاردەهێنن کاتێك دەڵێن: " احتلالی ئەمریکاو احتلالی ئێران". ئەمریکیەکانیش رقیان لە ئێرانەو ناکۆکی قوڵی گەورەیان هەیە. ئێستاش ئێرانیەکان دروشمی مەرگی ئەمریکا لەپاڵ مەرگی ئیسرائیل بەرزدەکەنەوە. بەم شێوەیە لەعێراقدا هاوکێشەیەك دروست بووە کە ئەمریکاو بەعسیەکان بەهەردووکیان

رقیان لەئێرانە. ئێرانیش رقی لە هەردووکیانە. ئەمریکاش رقی دنیای لەم بەعسیە ترسناکو تەسکبینانەیە کە ئەجێندای وولاتانی دراوسێ لەعێراق پیادە دەکەنو راستەوخۆ لەبەرژەوەندی ئەمریکاو ئامانجەکانی دەدەن. دەرەنجامی ئەم واقیعە. ئەمریکای توشی پاڵەپەستۆیەکی بەردەوام کردۆتەوە، چونکە کاتێك لەشیعەکانی عێراق نزیك دەبێتەوە دەوڵەتە عەرەبیەکان فشاری زۆری دەخەنەسەر، وە ئەگەر لەسونیەکانو ئەو پاشماوانەی باسمانکردن نزیك ببێتەوە، ئەوا دنیای لێ دەکەنە هاتوهاوارو گومان کردن.
عێراق بەهەموو قەیرانو برینە سیاسیو ئیداریو ئەمنیو ئابوریو ..... هتد، کەوتۆتە نێوان بەرداشی بەرژەوەندیە ئەستورو ستراتیژەکانی وەکو ئەمریکاو ئێرانو سعودیەو وە دەوڵەتانی تری ناوچەکە. ئەمەش وایکردووە نەزانێت لەیەککاتدا روبەروی کام لایەنە ببێتەوە، لەلایەك هەوڵ دەدات هەژمونی ئێران سنورداربکات، لەلایەکی تر دەخوازێت هەرچی زووە سەربازەکانی ئەمریکا بگەڕێنەوەو داگیرکاری ئەمریکا نەمێنێت، لەلایەکی تر دەیەوێت لەدنیای دەوڵەتە عەرەبیەکان دانەبڕێ، لەگەڵ تورکیاش دۆستی نزیك بێ. بەڵام بیرمان نەچێ سیاسیو دەسەڵاتدارو هێزە عێراقیەکان، سیاسەت بەشێوەیەکی عێراقیانەو بەدەستوری هەمیشەیی ناکەنو بەئەجێندای تر ئەم دەوڵەتە بەرێوەدەبەن، ئەمەش وایکردووە دەوڵەتان زۆر بەئاسانی بێنە ناو عێراقەوە. عێراقیەکان دەیانەوێت سیستەمێکی سیاسی جیاواز دروست بکەنەوە، بەڵام دوو رێگری گەورە هەیە لەبەردەمیان، یەکەمیان لەناوخۆی وڵاتدایە، دووەمیان دەرەکی یە. هێزی زۆر هەن لەعێراق شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ دەسەڵاتو بەرێوەبردن لەچاو رابردوو نەگۆڕاوەو دەیانەوێت دەوڵەتێکی مەرکەزی توند دابمەزرێننو خەونی عروبەی خۆیانی تێدا پراکتیزەبکەن. دووەمیان بە هیچ شێوەیەك نایەوێت مۆدێلی سیستەمی سیاسی عێراق بگۆڕێتو بەرەو دیموکراسیو فرەلایەنیو مۆدێرن بڕوات، چونکە گۆڕانی عێراق رەنگدانەوەی زۆری بەسەر ئەم دەوڵەتانەوە هەیەو پاڵەپەستۆی زۆریان دەخاتە سەر. هەر بۆیە هەموو پرۆژەیەکی دیموکراسیو پێشکەوتنو مەدەنی عێراقی بە پرۆژەی داگیرکاری ئەمریکاو رۆژئاوا وەسف دەکەن. رای گشتی لەناوچەکەو خەڵکی عێراق هان دەدەن کە بەتوندی روبەروی هەر پرۆژەیەکی لەم جۆرە ببنەوە. ئەم دەوڵەتانە دروشمیان ئەوەیە کە ئەگەر لەناوچەکە نەتوانن ببن بە دەوڵەتی دیموکراسو مۆدێرن

ئـەوا دەتوانـن تێکیبـدەن.

لەگـەڵ ئامـاژەدان بـەم راسـتیەی سـەرەوە، بـەڵام ناکـرێ لەیادمـان بچـێ کـە سـەرنەکەوتنی رەوشـی سیاسـی عێـراقو جێگیرنەبونـی دیموکراسـیو ئاڵوگۆڕی دەسـەڵاتو پێکەوەژیـان، گـورزێکـی کوشـندە لـە ئەمریـکا دەدات، چونکـە عێـراق سـەنگەری ئـەو بـوو بـۆ وەسـتانەوە دژ بـە تیـرۆر. واتـە عێـراق سـەنگەری ئەمریـکایە لـە جەنگـی دژە تیرۆر. بۆیـە ئەگـەر عێراق لەسیسـتەمی سیاسـی تـازەو دیموکراسـیو ئـازادیو مۆدێـرن بونـی خـۆی شکسـت بهێنێـتو کێرڤـی دەسـەڵاتی توندڕەویو ناوەنـدی شـۆڤێنی بـەرز ببێتـەوە، ئـەوا زەرەرمەنـدی یەکـەم گـەلی عێـراقو ئەمریـکان. وە ئەوانەشـن کـە دەیانەوێت عێـراق چیتـر پـڕ نەبێـت لـە جەنـگو یەکترکوشـتن. دیموکراسـی پـڕۆژەی بەرژەوەنـدی ئەمریـکاو رۆژئاوایە لەعێـراق؟ گریمـان وابـوو! ئـێ باشـە چ مۆدێلێکـی تـر هەیـە جگەلـە دیموکراسی بتوانێت گەلانی عێراقو ناکۆکیەکانی بەشێوەیەکی ئاشـتیانە ئیـدارە بـدات. ئایـا گەڕانـەوە بـۆ رابـردوو، عێـراق لـەم گێـژاوەی ئێسـتا دەردەکات؟ یاخـود هـەوڵـی بەدیموکـراتیزەکردنـی وڵاتـو گەڕانـەوەی متمانـە ئـەم وەزیفەیـە دەگەیەنێتـە شـوێنی خـۆی؟ دەشـێ پەنـد لـە رابـردوو وەربگریـنو چیتـر بـەم لۆژیکـە تەسـکەی وێنـەی دوژمـنو هیواخوسـتن بەمەرگـی بەرامبـەر، سـەیری عێـراقو دنیـاو ناوخـۆ نەکەیـن.

# عێراق هێلانەیەك بۆ گەندەڵی

لەم ماوەیەدا لە پەرلەمانی عێراق، چەند ئەندام پەرلەمانێکی عێراقی کە ژمارەیان(١٣) پەرلەمانتارە. رێکخراوێکیان دژ بە گەندەڵی دامەزراند، هەوڵی لەم جۆرە جێگای دەست خۆشی یە بە دیوە بەرپرسیاریەتیو نیشتمانیو دڵسۆزیەکەیدا. بەڵام دیوی تری لەم جۆرە کارانە، نیشانەی ئەوەیە ئێمە لە وڵاتێك دەژین گەندەڵی چۆتە دۆخێکی زۆر ترسناكو تاقەت پروکێن. بۆیە خودی پەرلەمانتاران بەجۆرێك تەنگەتاو دەکات، ئیدی چاوەڕێ ناکەن وەزارتو رێکخراوی مەدەنیو چاودێریکەرانی وڵاتو دەزگا پەیوەندیدارەکان رووبەروی گەندەڵی ببنەوە، بەڵکو خۆیان راستەوخۆ لەچوارچێوەی رێکخراوێکدا جەنگ رادەگەیەنن لەدژی گەندەڵی. ئێمە پێش ئەوەی ئەوەش بپرسین کە ئایا ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە چیان پێ دەکرێت، ئەوا پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن دەکرێ لەیەك لایەنەوە روبەروی گەندەڵی ببینەوە، چونکە لەعێراق هەریەك شێوەو جۆرو وێنەی گەندەڵی نیە، بەڵکو لەتەواوی ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا وەکو دیاردەیەك دیارە. با سەیر بکەین رەوشی ئەمنی لەچ دۆخێکی مەترسیداردایە، ئەگەر گەندەڵی لەناو هێزە ئەمنیو سوپاییو دامەزراوەکاندا نیە، چۆن دەکرێ ئەم هەموو گروپو تاقمە لەناو عێراقدا بەم جۆرە ئاسانە سەر دەربێننو چالاکی خۆیان لەکوێ مەبەستیان بێت ئەنجام بدەن! سەیر بکەن

نەتەوەیەکگرتووەکان راپۆرت لەسەر عێراق بلاودەکاتەوە کە توندوتیژی ئاینی هەیە لەعێراق. لەکاتێك پارەیەکی زەبەلاح لەم مەسەلەیە لەعێراق سەرف دەکرێ بەناوی ئاشتیەوایی‌و پێکەوەژیان‌و مانەوەی ئاین‌و مەزهەبو گروپەکان پێکەوە، ئایا چۆن ئەم پارەو هەولانە ئاراستە دەکرێن؟ ئەمە پێویستی بە رونکردنەوەی وردو بەڵگەدارهەیە، ماوەی رابردوش بینیمان چۆن باس لە گەندەڵی دەکرا دەربارەی چوونە ماڵی خودا(حەج) ئەرێ خەڵك بۆچی دەچێ بۆ ماڵی خودا؟ بۆ ئەوەی گەندەڵی بکات؟ یان لەگەندەڵی‌و گوناه دوور کەوێتەوە. ئەرێ خوداپەرستی بەگەندەڵی دەکرێ؟ عێراق دەوڵەتێکە لەئاستی سیاسی‌و ئیداری‌و ئابوری‌و ئاینی......هتد، گەندەڵی تێیدا بلاوبۆتەوە..بۆیە شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵی هێزو ئیرادەو توانایەکی زۆری پێویستە. ئێمە شاهیدی بلاوبونەوەی راپۆرتێك بوین لەرۆژانی رابردوو، کە ولاتی عێراقی بەیەکێك لەولاتە هەرە گەندەڵەکان هەژمارکردبوو. ئیدی پاساوی ئەوە نەماوە گومانێکمان لەوێرانی ئەم ولاتە هەبێت، دەربارەی شەفافیەتو نەزاهەتی. لەعێراقدا جەنگی گەورە لە سەرچۆنیەتی پارەپەیداکردن‌و خۆ دەوڵەمەندکردنی خێرایە، کەسانێك بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، مانای یەکەمی ئەم بەرپرسیاریەتیە بۆ ئەوەیە چۆن زەبەلاح بن لەروی ئابوری‌و پارەوپولەوە.

**چارەسەر**

پەرلەمانی عێراق مشتومڕێکی گەرمی دەربارەی یاسای نەزاهەو دەستەی نەزاهە بەخۆیەوە بینی، پێدەچێت ئەم یاسایەو زۆری تریش بەهیچ شێوەیەك دەرەقەتی قەبارەی پڕ سەرەداوی گەندەڵی ناو عێراق نەیەن. رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراقی وەکو چوارەمین دەوڵەتی گەندەڵ پێناسکردووە. ئەیاد عەلاویش قسەیەکی جددی نیە بیکاتو لەوەلامدا دەڵێت ئەوەی لەپرۆسەی سیاسی‌و دەسەلاتداریەتی عێراق بەشدارە، مانای وایە لەگەندەڵیشی پشکی هەیە. سیاسی‌و سەرکردەی عێراق نیە باسی گەندەڵی نەکات، رەنگ بێت ئەم مشتومڕەی سەر دۆسیەی کارەبا لەعێراق باشترین بەڵگە بێت. ئیدی چۆن بیر لەچارەسەر بکەینەوە. کێ دەتوانێت گەندەڵی بنەبڕ یان زۆر کەم بکاتەوە. دەستەی نەزاهە؟ پەرلەمان؟ دامەزراوەکان؟ رێکخراوە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکانی تایبەت بەم بوارە؟ ویژدان؟ هەستی نیشتمانپەروەری؟

سزای توندو لێپرسینەوە؟ نەمانی ئەم سیاسیانە لەسەر کورسی حوکم؟ کێ دەتوانێت گەندەڵی لەعێراق بنەبڕبکات؟ بابڕۆین رمل لێ بدەین.

# هەڵوەشانەوەی حکومەت

سەرەتای دەستپێکردنی مشتومڕی پێکهێنانی حکومەتەکەی نوری مالیکی، زومی کامێراکانو شرۆڤەی هەواڵو زانیاریەکان لەسەر هەولێربوو، چونکە وا کەوتەوە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە هۆی لەدایکبونی حکومەتی ئێستای نوری مالیکی. ئەوکاتە چاودێرە سیاسیەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە بارزانی لە ئەیادعەلاوی رکەبەری سەرسەختی نوری مالیکی نزیکەو تاڵەبانی لە نوری مالیکی. واتە بارزانی لەسونەکان، تاڵەبانی لەشیعەکان. ئەم خوێندنەوەیە جۆرێك بوو لە پەنجەخستنەسەر رەخنەیەك دەربارەی یەك نەبونی گوتاری کوردی لە عێراقدا. دەستپێشخەریەکەی کورد زۆری نەبرد بۆ خودی کورد قەیرانی نایەوە. بەتایبەت لە ئێستادا کێشە لەنێوان بەغداو هەولێر بەزەقی سەریهەڵدایەوە. ئەو حکومەتەی لە هەولێر دروست بوو لە کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان سوپای کۆکردەوە بۆ پەلاماری کورد. ناکۆکییەکان درێژبوونەوە بۆ رادەیەك سەرۆکی هەرێم لە کۆبونەوەی لەگەڵ نوێنەرو وەزیرانی کورد لە عێراق رایگەیاند « لەمالیکی قبوڵ ناکەمو ئەوەی لەگەڵیشم نیە ئارەزووی خۆیەتی». دوابەدوای ئەو لێدوانانە حزبی دەعوەو نوری مالیکی

وەڵامیان ئەوەبوو لەگەڵ لێدوانی لەم جۆرە راهاتونو کورد خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە.

ئێستا چاودێرە سیاسیەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەوڵێکی کوردی هەیە بۆ ئەوەی کورد لە حکومەتەکەی نوری مالیکی بکشێنەوەو بەکورتی هەوڵ بۆ هەڵوەشانەوەی حکومەتی عێراق دەدەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەواڵەکان باس لە جموجۆڵی لیستی عێراقیەو ئەیاد عەلاوی دەکەن کە لەگەڵ بارزانی کۆبونەوەو گۆڕینەوەی بۆچون هەیە بەوەی ئیدی کوردو عێراقیە حکومەتێکی تازە پێکبهێنن.

لەبەغداش جەماوەرێکی زۆر کۆبۆوەو داوای پێکهێنانی ئەنجومەنێکی ئینتقالییان کرد بۆ عێراقو بەکورتی کۆکبون لەسەر هەڵوەشانەوەی حکومەتی ئێستای عێراق. عێراقیەش شەو رۆژ کار لەسەر ئەوە دەکات ئەم کابینەیە تەمەن کورت بێت. عەلی شلاهی ئەندامی ئیتیلافی دەوڵەتی یاسا رایگەیاند هیچ لایەنێکی سیاسی توانای ئەوەی نیە متمانە لەحکومەتی عێراق بسەنێتەوە. ئەمەش راستی جموجۆڵی هەڵوەشانەوەی حکومەت دەردەخات.

ئەشواق جاف، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا دەبێ هەرێم لەگەڵ بەغدا کێشە هەڵواسراوەکانی خۆیو بۆردومانی سنورەکان یەکلایی بکاتەوەو ئیدی کێشەکان چیتر دوبارە نەبنەوە، ئەمەشی خستە ئەستۆی ئەو وەفدەی بڕیار وایە سەردانی بەغدا بکات. سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان بەوەدا تاڵەبانی نیگەرانی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە دروست بونی کێشە لەنێوان هەولێرو بەغداو هەوڵ دەدات ناکۆکیەکان لەوە زیاتر درێژ نەبنەوە. چاودێرە سیاسیەکان بۆچونیان وایە کێشەی حکومەتی عێراق هەر کوردو عێراقیە نیە، بەڵکو ئەم حکومەتە بەدەست چەندین کێشەی قوڵی ناوخۆیی لەناو وڵات دەناڵێنێتو کۆکن لەسەر ئەوەی تەمەنی ئەم کابینەیە لەوادەی یاسایی خۆی تەواو نابێتو ئەگەری هەڵوەشانەوەی لەئارادایە.( دەزگای توێژینەوەی ئەمریکی کارنیگی) لەمیانەی راپۆرتێکیان لەسەر حکومەتی عێراق دەنوسێت حکومەتی عێراق لەسەر ئیتیلافو پێکهاتەیەکی لەرزۆک پێکهاتووەو ئەم حکومەتە هەڵدەوەشێتەوە. کوتلە سیاسیەکان خەریکی

ململانێی دەسەڵاتو کۆنە حسابن لەگەڵ یەکتر، عێراقیش خۆی لەلایەکی ترەوە هێندە پەڕپوتە بۆنی زەلکاوی روبارە پیسبوەکانی گرتووە. هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەوەی چۆن خراپە ئاوا بەسەر ئەم دەوڵەتەدا بێن، ئەمەش راستی ئەوەیە دەوڵەتی عێراق ناسروشتیو بێ بناغەیەو دەستکردی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمە. ئیدی ئەمە قسەیەکە هەزاران جارو لەهەزاران جێگای دیکە نوسراوە. بۆیە تکایە بیرلەوە مەکەنەوە بەزۆر گەلانی عێراق پێکەوەبنوسێنن، بەڵکو چۆنتان دروست کرد، وەرن وەکو خۆی لێبکەنەوە. ئەوە ماوەی دوو ساڵە ئێمە بوینەتە مەخسەرەی ئەو حکومەتە چونکە هەر خەریکی کێشەو ململانێی ناوخۆی خۆیەتی. هەر خەریکی ئەوەیە کوتلەکانو هێزە سیاسیەکان رازی بکات. لەکوێی دنیا شتی واهەیە، تۆ رۆژانە لەبری ئەوەی کاربکەیت هەرخەریکی ململانێ بیت. رۆژانە حکومەتی عێراق بڕیار دەردەکات تەنانەت ئیمزا لەسەر پڕۆژەش دەکات، بەڵام لەروی کرداریەوە هێندە پەڕپوتە کەس نیە دڵی بۆی نەسوتێ. ئیدی ئێمە لەبری چارەسەری کێشەکانی بەردەم ئەم حکومەتە، دەنگۆی ئەوەمان گوێ لێیە حکومەت هەڵدەوەشێتەوە، دوو ساڵ بوو خەریك بون تاوەکو دروستیان کرد. دوو ساڵیش خەریکی هەڵوەشانەوەی بن. ئینجا وادەی هەڵبژاردن دێتەوەو وەرنەوە سەر خاڵی سەرەتا. تەمەنی عێراقیەکانیشو ژیانو ئاواتەکانیشیان ئێوە خۆش.

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردی وانەکانی ئەمجارە باش تێبگات، بەراستی کاتی ئەوە هاتووە بیر لە مافی چارەی خۆنوسین بکرێتەوە، نەوەکو جارێکی دیکە هەموو تواناکانمان بخەینەوە گەڕ بۆ ئەوەی کابینەیەکی دیکەی حکومەتی عێراق دروست بکەینەوەو ئینجا دوای ماوەیەك بکەوینە شەڕ لەگەڵیو بڵێین بەڵێنەکانی بەرامبەر کورد جێبەجێنەکردووە. بەخوا مادام مالکی نەیکرد، ئەوا ئەوانیدیش لەو باشترنین. تکایە وەهمی عێراق چیەتی بەسیەتیو چاو لەو هەموو گۆڕانکاریە بکەن چۆن سەراپای ناوچەکەو دنیای گرتۆتەوە. کاتی ئەوەهاتووە کورد بەجۆرێکی دیکە سیاسەت بکات. ئەگەرنا پێویست ناکات دوارۆژ کەس تۆمەتباربکەین بەڵکو خۆمان تۆمەتباری یەکەم دەبین. ئەمە راستیەو شەرم لەکەس

ناکات، ئەمە مێژووە وەکو خۆی دەکەوێتە بەردەم قۆناغەکان. ئینجا ئەوەی ئێستا پێمان دەکرێت بابیکەین. تاوەکو کات لەوەزیاتر نەڕۆیشتووە.

## حکومەت لەبەغدا دروست دەکرێ

بەڕێزان یەکێك لەو گرێ کوێرانەی کە خەڵکی عێراق زۆری پێوە ماندووە ئەوەیە کە حکومەتی داهاتوی عێراق لەکوێ دروست دەکرێ؟ بەڵام خۆشبەختانە جەنابی مالیکی ئاسودەیی خستە دڵمانەوەو زانیاریەکی گەورەی بۆ خەڵکی عێراق ئاشکراکردو فەرموی: حکومەتی عێراق لە بەغدا دروست دەکرێ نەوەکو لە پایتەختی هیچ وڵاتێکی تر.

باش بوو دواجار زانیمان کە لەوانەیە حکومەت دروست بکرێ، ئەم قسەیەی جەنابی مالیکی لەوە دایە کە رەدی ئەوە بداتەوە کە گوایە عێراق خاوەن بڕیاری خۆیەتیو ئەجێندای دەرەوەی وڵات رۆڵی سەرەکی نیە لە پێکهێنانی کابینەی ئەم جارە. بەڵام راستی ئەم بابەتە پێچەوانەکەی راستە. چونکە ئەوە دەوڵەتانی دەرەوەو ناوچەکەن کە نایەڵن حکومەت تەشکیل بکرێ، ئەوە ئەجێندای دەرەوەیە هێزە سیاسیەکان هەڵدەسوڕێنێ، ئەوە زەبری دەوڵەتانە عێراقی کردۆتە پەندی ناوچەکەو کەس نیە سەری لەم گێژاوە سیاسیو ئیداریەی عێراق دەربچێت. سەیر لەوەدایە ئەو هێزانەی کە هەمیشە فشار دروست دەکەن لەناوخۆدا کە نابێ عێراقیەکان ئەجێندای دەرەوە بێننە ناوەوە، کەچی خۆیان راستەوخۆو ناراستەوخۆ پەیوەستن بەدەرەوەی عێراقەوە. کێ لەهەموو کەس عێراقی ترە ئەوا لە هەموان زیاتر سەردانی دەرەوەی عێراق دەکاتو دەستی دەرەکی دەگرێ لەوەی کە بیانکێشێتە ناو بارودۆخی

وڵاتەوە. دەیان بەرنامەی جیاواز لە پایتەختی وڵاتانی دەرەوە بۆ دروست کردنی حکومەت دەخرێتە بەردەم هێزە عێراقیەکان، تەنانەت فەرمان دەکەنو دەڵێن ئێمە ئاوا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی داهاتوو دەکەین!. لەکاتێکدا خەڵکی عێراق ملیۆنان کەسیان هاتنە سەر صندوقی دەنگدان بۆ ئەوەبوو کە سەروەری عێراق بگەڕێتەوە دەست خۆی، بڕیارو هەنگاوەکانی بکەوێتەوە دەست خۆی، خەڵکی عێراق بۆ ئەوە دەنگی داوە کە وڵاتەکەی رێکبخرێتەوەو سیستەمی سیاسی شەرعیەتی لە گەلو خودی عێراقیەکانەوە وەربگرێ. بەڵام بەداخەوە ئەم هەموو سەفاو مەڕوایەی بۆدەوڵەتانو ناوچەکەو جیهانی هێزە عێراقیەکان دەیکەن ئەو پەیامەی لێ دەخوێنرێتەوە کە شەرعیەتی حکومەت لە هەڵبژاردنی گەلی عێراق نیە بەڵکو لە دەرەوەی عێراق مۆری لێ دەدرێت. ئێستا ئاکامەکانی هەڵبژاردن خراوونە روو، هێزو لیستە براوەکان دیارن، ئیتر چ پێویست بە دەرەوەی عێراق دەکات بەم تۆخیە. واتە شەرعیەتی تەداخولاتی دەرەوە لە شەرعیەتی هەڵبژاردنی گەل زیاترە. ئەمەش مانای وایە ئەم عێراقە دەوڵەتێکی سروشتی نیەو راستی ئەوە دەسەلمێنێ کە داهاتووی ئەم دەوڵەتە جێگیر نابێت. سەرۆك وەزیران ئاماژە بەوە دەدا کە حکومەت لە بەغدا پێکدەهێنرێ. لێرەدا دەکرێ بڵێین تۆ بڵێی عێراقیەکان لە ئەجێندای دەرەوە دوورکەوتبنەوەو بڕیاریان دابێ کە لەناوخۆیاندا رێکبکەون. ئایا مالیکی ئەمە قسەی خۆیەتیو تەنها بۆ رۆژنامەکان دەیکات، یاخود پڕۆژەیەکی لەم جۆرە هەیەو لە یەکتر نزیك بونەوە دروست بووە. هەڵبژاردن بۆ ئەوەبوو کە گرفتی بێ متمانەیی تەنك بکاتەوە، کەچی ئێستا دەرکەوت کە ئەم گرفتە زۆر ئەستورە، بۆیەش رێگا بۆ هاتنە ناوەوەی ئەجێندای دەرەوە ئاوا خۆشە. ئەمڕۆ عێراق پێویستی بەوە نیە کێ سەرۆك وەزیرانو سەرۆك کۆمارە، بەڵکو پێویستی بە حکومەتو دامودەزگاو بەڕێوەبردنە. بەڵام لای لیستو هێزەکان خەمی گەورە دەسەڵاتو کورسیە. ئێمەی کوردیش لەناو ئەم هەموو ئاڵۆزیە بەشێکین لە یاریەکەو هەر جارە لیستێك بەناوی دۆستایەتیو هاوپەیمانی لە ژێر لێوەوە قسەی خۆیان دەکەن. گێژاوی ئێستای عێراقو گرێی پێکهێنانی حکومەت بۆ تەنها لایەك مایەی سەرئێشەو زەرەر نیە، بەڵکو ئەوەی لەم عێراقە بژی پشکێکی بەردەکەوێت. ئەگەر عێراقیەکان لەسەر رێزگرتن لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەوەندە سورن، ئەگەر عێراقیەکان لەسەر رێزگرتن لەدەستوری

وڵات ئەوەنـدە جددیـن، ئەگـەر عێراقیـەکان لەسـەر سـەروەری وڵات ئەوەنـدە دڵسـۆزن، کەواتـە بۆچـی وەسـتاونو حکومـەت پێکناهێنـنو رێکناکـەونو ناکۆکـی دەسـەڵات بـە سیاسـیانەو عێراقیانـە چارەسـەر ناکـەن؟ کەواتـە بۆچـی خەڵکـی عێـراق ئەوەنـدە مانـدوو دەکـەن. سـەرکەوتنی مێژوییـی بـۆ ئـەو هێزانـە دەگەڕێتـەوە کـە رێـز لـە ئیـرادەی دەنگـدەری عێراقـی دەگرنوئامادەن گرێیەکـە لـەوە زیاتـر ئاڵـۆز نەکـەن. مـادام لەسـەر ئـەوە هەمـوو لایـەك کـۆکـن کـە ئـەم حکومەتـە بەهـاوکاری هەمـوو هێـزەکانو لیسـتەکان دروسـت دەکـرێ، کەواتـە بۆچـی ئامـادە نیـن گرێیەکـە بکەنـەوە. لەراسـتیدا کار لەسـەر ئەوەیـە یەکتـر پەراوێـز بکـەنو نوێنەرایەتـی ئەجێنـدای تایبەتـی خۆیـان بکـەنو ئـەوی تـر لەخۆیـان رازی بکـەن. واتـە دەمەوێـت بڵێـم: ئـەو هێـزو لیسـتە عێراقیانـە دەیانەوێـت گەلـی عێـراق لەخۆیـان رازی بکـەن، یاخـود دەیانەوێـت ئەجێنـدای دەوڵەتانـی دەرەوە جێبەجـێ بکـەن. ئەگـەر ئەجێنـدای دەرەوە جێبەجـێ ناکـەن، ئـەدی بۆچـی عێـراق لـەم گێژاوەدایە. بەڕێـز مالیکـی ببـورە حکومـەت لەبەغداش دروسـت بکـرێ ئـەوا دڵنیابـە کراسـی خەڵکـی تـری لەبەردەکـرێ.

# کام حکومەت؟

تەقینەوەکەی ٢٠٠٩/٨/١٩، لەڕاستیدا هەمومانی ڕاچڵەکاند، چەندە بەهۆی خوێناوی یەکەی‌و مەرگی ئەو هەموو هاوڵاتیە عێراقیە ڕاچڵەکین، هێندەش دەربارەی دامودەزگاو ئەمنیەتی ئەم حکومەتە تووشی ڕاچڵەکین بووین. ماوەیەك پێش ئێستا بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی عێراق دووپاتیان کردەوە کە بەسەر تیرۆرو توندوتیژی خوێناوی سەرکەوتوین‌و کاتی گەڕانەوەی ئەمریکیەکان دەتوانین خۆمان ئاسایشی خۆمان بپارێزین. بەڵام ئەم هەموو تەقینەوە یەك لەدواییەکانە، نەك هەر ئەو پڕوپاگەندەیەیی بەدرۆ خستەوە، بەڵکو ئەو ڕاستیەشی سەلماند کە ئەوەی دەربارەی بەهێزی حکومەتی عێراقی‌و دامودەزگاکانی دەگوترا، ڕاست نەبوون. حکومەتی عێراق لاوازە لەروی پاراستنی ئاسایشەوە، ئەمەش نیشانەی لاوازی دامودەزگاکانی‌و بەهێزی قاعیدەو هێزە تیرۆریستەکانە. لەناو ڕووداوەکانی ئەم تەقینەوانەدا پەیامێکی ئاشکرا هەیە لەلایەن قاعیدەو هێزو گروپە تیرۆریستەکان کە بە هەموو لایەك دەڵێن لەعێراق مەیدانەکەمان چۆڵ نەکردووەو بەم توندی‌و هێزەوە هەر هەین‌و ئامادەین، فەرمون ئەوەش بەڵگە واتە تەقینەوەکەی (٢٠٠٩/٨/١٩)، ئەم تەقینەوەیە بێگومان بەڵگەیە لەسەر هێزی ئەوان، لێرەدا لەبری ئەوەی حکومەت چۆك دا بداتو ورەی هاوڵاتیانی دابەزێنێت، ئەوا پێویستە دامودەزگاکانی خۆی زۆر باش ڕێك بخاتەوەو ورد پلانە ئەمنیەکانی

جێبەجێ بکات. لەهەمووشی گرنگتر وازهێنانە لەو پڕوپاگەندانەی کە ئاسایشی حکومەت وەك پاڵەوان دەربخەینو قاعیدەو لایەنو گروپەکانی تر بەشکست خواردوو وەسف بکەی. جێگای خۆیەتی حکومەت واز لەفەلسەفەی قسە فڕێدانو هەڕەشەکردن بهێنێتو بەدوای ئەو رێگا چارەسەریانەدا بڕوات کە ئاسایشو هێمنی بەرقەرار دەکەن لەناو ئەم عێراقەدا. هەرچەندە دەبێ هەندێ ئەرکی قورس هەیە وەکو خۆی بیخوێنینەوە، بۆ نمونە وتەبێژی حکومەتی عێراق گوتی: لەناو دەزگای هەواڵگری حکومەتدا خەڵکانێك هەن بڕوایان بەم حکومەتەو عێراقی نوێ نیە. بۆیە گرنگە بپرسین کام حکومەت؟ حکومەتێك لەناوخۆیدا ئەم گومانە گەورەیە لەیەکتر هەبێت! ئەو بێ بڕواییو بێ متمانەییە هەبێت، ئاسان نیە لەسەر پێی خۆی بوەستێ. بەهێز بێ. هێمن بێ. ئەوەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر هەموو پێك هاتەکانی حکومەت.

یەکێکی تر لەخاڵە گرنگەکان دەکەوێتە لای ئێمە، واتە ناکرێ کورد خراپی ئەمنو ژیانو حکومەتی عێراق لەبەغدا بخاتە ئەستۆی عەرەبەوە، چونکە کورد بەهێزێکی زۆرەوە لەم حکومەتەدا بەشدارە. بۆ نمونە لەتەقینەوەکەی ٨/١٩دا کاتێك هاولاتیەکی بەغدا هێرشی دەکردە سەر دامودەزگاکانی حکومەتو دەیگوت: کام حکومەتو کام ئاسایش؟ ئەوا نابێ ئێمە لە هەولێرەوە بڵێین ئەها ئێمە ئاسایشمان پاراستووە، بەلام حکومەتی بەغدا ناتوانێت. چونکە بیرمان نەچێ جێگری سەرۆکی ئەم حکومەتە کوردە! وەزیری دەرەوە کوردە، لەگەڵ چەندین وەزیرو بەرپرسی تر کە هەمویان کوردن. کاتێك سەرۆکی حکومەت سەرکەوتوو نیە لەپلانەکانی پاراستنی ئاسایشو ژیانی هاولاتیان، ئەوا هاولاتی عێراقیو شارێکی وەکو بەغدا حەقی شەرعی خۆیەتی بڵێ: زەحمەت نەبێ جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت ئەی کوا پلانو هەوڵو مەوقیعی تۆ بۆ پاراستنی ئاسایشو ژیانی ئەم خەڵکە؟ ئیحراجی مالیکی وەکو سەرۆکی حکومەت هێندەی ئیحراجی جێگرەکانیە. بۆیە ئەم واقیعە رووی لە کوردیشە. چونکە لەم حکومەتەدا بەشدارین بەکاریگەریەوە.

ئێستا سەرباری ئەم گرفتانەی کە بەرۆکی حکومەتی عێراقیان گرتووە، وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیك بۆتەوەو حکومەتیش یەکێکە لەشانۆی نمایشی هێزەکان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەمەش یەکجاری

لاوازی کردووە، لەبری ئەوەی ئاگای لەکاروبارەکانی خۆی بێت، پێکهێنانی لیستی هەڵبژاردن لەلایەن حزبوهێزو گروپەکانی ناو عێراق ئەولەویاتی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی دەوڵەتی عێراقە، بەداخەوە ئەمەش لەسەر حسابی ئەولەویەتی کاری هاوبەشە بۆ ئەوەی چیتر خوێنی خەڵك نەرژێت، ئێمەی کوردیش لەناو ئەم عێراقە لەناو ململانێیەکی هەروا ئاسان نین‌و پێویست دەکات درزە سلبیەکان پڕ بکرێنەوەو گوتاری کوردی رێك بخرێت، بەڵام نابێ لەسەر حسابی دیموکراسی‌و پرۆژەی جیاوازو بیروڕای جوداو یەکتر ناشیرین کردن بێت. سروشتی یە لەناو خۆی کوردستان تێڕوانینی جیاواز دەربارەی حکومەتی عێراق‌و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەبێت، بەڵام سروشتی نیە بەرپرسیاریەتیەکان وەکو خۆی لەبەرچاو نەگیرێن‌و ئەرکە مێژویەکان فەرامۆش بکرێن. لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا چەندە گرنگە کورد شەڕی کورسی بکات، شەڕی ژمارە بکات لەنەخشەی سیاسی داهاتووی عێراق، ئەوەندەش گرنگە ئاگای لەهەناسەکانی دیموکراسی بێت، چونکە ئێستا بەئاشکرا هەندێ هێزی عێراقی دژایەتی توندی خۆیان بۆ فیدراڵی‌و ئەو هەستە دیموکراسیە دەربڕیوەو بڕوایان بەمەرکەزی توند هەیە، ئەگەر ئەو هێزانە بێنە سەرکورسی دەسەڵات لەرێگای هەڵبژاردنەوە، کورد لەروی کیشەی نەتەوایەتی‌و مافەکانیەوە تەنگو چەڵەمەی زۆری دێتە رێگا، هەر پاشەکشەیەکی دیموکراسی لەعێراقدا هەنگاوێکی گەڕانەوەی کوردە بۆ دواوە. بە پێچەوانەش راستە. کورد لەم حکومەتەدا گرنگە پرسیاری یەکەمی ئەوە بێت کام حکومەت؟ نەوەکو ئیمتیازاتی تری بەشداری کردن‌و خۆ خستنە بەردەم بەرپرسیاریەتی مێژویی‌و سیاسی‌و نەتەوەیی....هتد، ئەمڕۆ تەقینەوەو خوێن رشتن گەڕاوەتەوە عێراق بەشێوەیەکی رۆژانە، حکومەتیش هەڕەشە دەکات، هاوار دەکاتو هەمیشە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت، لەلایەك لەشەقامەکان خوێن دەڕژێت، لەلایەکی تر لەراپۆرتێکی سیاسی دا دەربارەی دەوڵەتە شکست خواردووەکان عێراق ژمارە(٦) ی ئەو دەوڵەتانەیە لەروی شکستەوە. لەولایتریشەوە کەس ئاگای لە کەس نیە لەبەرپێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان‌و دروستکردنی لیستەکان، ئا لەناو هەموو ئەو ململانێ‌و بارودۆخەدا ئێمەش هاتووین دەپرسین کام حکومەت؟

# کارەباو فەتوا

لەم رۆژانە، شتێکی تر لە عێراقدا روو دەدات، شەقامی عێراقی وێنەیەکی تری هەیە. دوای حەوت ساڵ لەنەمانی رژێمی صەددام، خەڵك جیاوازتر کۆدەبێتەوە. ئەویش دەبینین چۆن شارەکانی عێراق خۆپیشاندان بۆ نەبونی کارەبا ئەنجام دەدەن. ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی زۆر گرنگە، چونکە هاولاتی عێراقی راستەوخۆ لەسەر کێشەی خزمەتگوزاریو ژیانی خۆیو لەپێناو خۆی خۆپیشاندان دەکات. چیتر لەسەر فەتوای مەرجەعی ئاینیو تایەفی نارژێتە سەر جاددەو ئەم دروشمانە بەرز بکاتەوە کە مەرجەعو تایەفەگەری خواستیەتی. چیتر لەسەر فەتوای سیاسەیەکان نایەتە سەر جاددە..بەفەتوای یەکیەتی زانایانی دینیو پیاوانی دەسەلاتدار نایەتە دەرو کۆبوونەوەی فراوان بکات. بەڵکو دەبینین لەسەر نەبونی کارەبای ماڵەکەی شەقامی پڕ کردووە. لەبەرامبەر فەتوای مەرجەع، کارەبای داناوە. لەبری ناکۆکی سیاسیو جەنگی تایەفی، هەمویان یەك دەنگ بوونەو هاوار دەکەن کارەبا. بە بۆچونی من ئەگەر هێزە ئاینیو سیاسیو تایەفیەکانی عێراق لەم نارەزایەتیەی خەڵك تێ نەگەن، ئەوا لە بێ ئاگایی دا سیاسەت دەکەن، چونکە ئەم رێپێوانە جەماوەریەی شارەکانی عێراقی لەسەر نەبونی کارەبا گرتۆتەوە، ئەو راستیە دەردەخات کە ئیتر کارەباو ئاوو پڕۆژەی خزمەتگوزاری هیچی کەمتر نیە لە مەرجەعو تایەفەو یەکیەتیەکانی تر!!. ئیتر خەڵك نایەوێت گوێی لە دەنگی فەتواکانو دروشمی سیاسیەکانو هاشوهوشی نەتەوەپەرستە شۆڤێنیەکان بێت...خەڵك

دەیەوێت مناڵەکانی گەرمایان نەبێتو بەم هاوینە لەم بیابانو شارەگەرمانەی عێراق هەڵنەقرچێو نەبرژێ. لەلایەکی تریشەوە راستیەکی تر ئاشکرا بوو، کە کارەباو ئاوو ژیانو بەردەوامی خزمەتگوزاری، بەکاریگەرترو بەهێزترە لە هاشوهوشی هێزو کەسایەتیو لایەنە سیاسیو دینیو تایەفیەکان، لە دروست کردنو ئاراستەکردنو هێنانە سەرجاددەی رایگشتی عێراقیو هاولاتیان بە گشتی. دیارە ئێمە مەرگی فەتواو دەسەڵاتو لایەنە سیاسیەکان راناگەیەنین، ئەوان ئێستاش دەتوانن خەڵك لەسەر شەقامەکان کۆبکەنەوە، بەڵام مانای ئەوەش نیە کە ئیتر هاولاتی عێراقی هەر فەتوای ئەوان دەناسێو دەبینێ، هەر بەفەتوای ئەوان دێتە سەر جاددە. ئەوەتا بینیمان بەنەبونی کارەباش هاتە سەر جاددە، ئەوەش گۆڕانێکی گرنگە.
هاولاتی عێراق، بەناکۆکیو جەبری هێزە تایەفیو سیاسیو دینیەکان دابەش دابەش بووە. لەهەمویان زەقتر بۆنمونە دابەش دابەشبوونی سوننەو شیعەیە. بەڵام ئەوەتا بینیمان سوننەو شیعەکان پێکەوە هاوار دەکەن کارەبا. دڵنیام ئەگەر ئەم هۆشیاری یە مەدەنیە، شارستانیە، لای هاولاتی عێراقی بەردەوام بێت، ئەوا لەداهاتوو دەبینین کە دروشمە ئاینیو سیاسیو فەرهەنگیەکانیشیان دەبێتە یەك، یاخود لەیەکتر نزیك دەبنەوە، یان ئەگەر هیچ نەبێ بۆشایی ئەم دابەش دابەشکاریە بچوكو تەسك دەبێتەوە. مەسەلەی نەبونی کارەبا بەجۆرێك عێراقی هەژاندووە کە خودی وەزیری پەیوەندی داری لەپۆستەکەی دورخستەوەو راگەیاندنی ناوخۆو دەرەکی پێوەیە سەرقاڵ کردووە. خودی ئەمریکیەکان لەسەر نەبونی کارەبا لێدوانی تایبەتیاندا. تەنانەت لەسەر ئاستی سەرۆك کۆمارو وەزیرانو پەرلەمان هەرای گەورەی نایەوە. راگەیاندنی عەرەبی ناویان لەم بابەتە ناوە" راپەڕینی کارەبا". بەڵێ ئەمە رووداوێکی گرنگە لەعێراق روو دەدات، پێویستە درك بە گۆڕانی ئاراستەی بینینی هاولاتی عێراق بکەین، ئەم عێراقەی کە لای من بەهۆی خوێن رشتنی بەردەوامو ناکۆکی بێ مانای دەسەلات، زۆر بێ مانایەو حەزم دەکرد هەرێمەکەم بەشێکی نەبوایە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی ترەو منیش وەکو هاولاتی بەصرەو بابلو ناصریەو موصڵ لەبەرامبەر نەبونی کارەبا زۆر بێ خەم نیم. منیش ئاەوناڵەی بێ کارەبایی زۆری پێ کردووم، بۆیە ئەمڕۆ عێراق بەکوردو سوننەو شیعەو مەسیحیو یەزیدیو.....هتد، یەك دروشمو یەك گوتارو لافیتەی بەرزکردۆتەوە کە لێی نوسراوە" کارەبا". ئەرێ پیاوانی دەسەڵاتدارو ئاینو مەرجەعو فەتواو عەلمانیو دیموکراسیخوازو شۆڤێنیە نەتەوەپەرستەکان هەموتان لەوە تێ دەگەن؟؟.

# کێشەکانی بەغدا

پرۆسەی سیاسی عێراق قەیرانو ململانێی تازەی تێکەوتووە، بەجۆرێک خەریکە هەندێ گەشەکردنی رابردووی ئەم پرۆسەیە بێتەوە خاڵی سفر. رەنگ بێت یەکێک لەو کێشانەی جارێکی دیکە بەرۆکی عێراقی گرتەوە، خراپی بەغدا بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پابەندبون بە پێکەوەژیانی سیاسیو دەستوریو یاسایی لە وڵاتدا. مەترسی کورد لە رەفتاری تاکڕەوی حکومەتی بەغدا تازە نیەو ریشەیەکی دووری مێژوویی هەیە. ئێستا دەبینین هەردوولا توندو بە گرژی لەسەر پەیوەندیەکانیان قسە دەکەن، کورد خۆی ئامادەکردوە گەڕێکی تر لە دانیشتنو دیالۆگو چون بۆ بەغدا دەستپێبکات. بۆ ئەوەی لەوە زیاتر کێشەکان ئاڵۆز نەکرێن. بەڵام ئەوەی هەمیشە جێگای نیگەرانیو مەترسی کوردە لایەنی بەرامبەرە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە کوردی دەدا. چونکە بەڵێن دان بەکورد زۆر کۆنەو دووبارەیە. سەرکردایەتی سیاسی کورد لە دۆخەکە بە گومانو دوودڵە. چاوەڕێ ناکرێت ئەمەش بەئاسانی بە دانیشتنێکو دوان چارەسەربکرێن. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد ئاگای لە وەرەقەکانی سەرمێزی بەغدا بێت، ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خەریکە روو دەدەن. ئاگاداری ئەو پاڵەپەستۆ ئیقلیمیە بێت لەسەر

هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئێرانو تورکیا، ئەم دوو دەوڵەتە لە بەغداش کارتی خۆیان بەکاردەهێنن. لەوەش گرنگتر خودی حکومەتی عێراقە کە پێویستە کورد لەوەزیاتر دەست بە باڵیەوە نەگرێ. بەڵکو لەسەر چارەسەرکردنی هەنوکەییو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ئەم کابینەیە کارتەکانی خۆی تاقی بکاتەوە.

وەکو چۆن لە زۆر جێگای تردا گوتومانە، کێشەکە ئەوەیە عەقڵیەتێکی نادیموکراتی ترسناك لەناو بەغدا دەیەوێت کۆی ریشاڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، بەراستیش هیچ لەگەڵ ئەم عەقڵیەتە نادیموکراتیە ناکرێ، چونکە ئەوان چەمکی قەومی تەسكو شۆڤێنی بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵە، زۆر خۆشیشیان لە کورد نایەت. ئێستا خودی نوری مالکی بەدوای جێگا پێیەکانی ئەواندا سیاسەت دەکات، ئەوەتا کورد مالیکی بەوە تاوانبار دەکەن رێگای تاکرەوی گرتۆتەبەر. پرسیار ئەوەیە دوای هەشت ساڵ لەم مۆدێلە سیاسیو بەرێوەبردنو حکومەتەی ئێستای عێراق، کورد بۆچی هێشتا ئومێدی پێی ماوە. بۆچی کورد ئیدی ستراتیژو بەرنامەو ئاراستەی خەباتی نەتەوایەتی خۆی لەعێراق ناگۆرێت، کاکە دە فەرموو سەیر بکەن چۆن حکومەتی عێراق بەدیار تۆپبارانو بۆمبارانی ئێرانو تورکیا وەستاوەو سەیریان دەکاتو هیچ شتێك بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان ناکات. ئێستا حکومەتی عێراق فریای هەرێم نەکەوێتو بەرگری لێنەکات، ئەدی کەی دێتو هەڵوێستی دەبێت.

کوردیش لە کابینەکەی حکومەتی عێراق جێگاو مەکانی گەورەی هەیە، لەسەر ئەدای کوردەکانی بەغداش پێویستە راشکاوترو ئاشکراتر قسە بکەین، مانای نیە نەتوانرێت دۆسیە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا یەکلایینەکرێنەوە..؟ مانای نیە ئەوان بەم شێوەیە لەگەڵ نەوتو پێشمەرگەو کەرکوكو سنوری هەرێم مامەڵە دەکەن، نوێنەرە بەشداربوەکانی کورد چۆن سەیری ئەمانە دەکەن، چین ئەم گەمانەی لەناو گۆرەپانی عێراقدا دەیکەن. تکایە چیتر کات مەکوژن، ئەگەر هیچتان پێ ناکرێ فەرمون وەرن پێمان بڵێن لەوە زیاترمان پێ ناکرێ، ئەگەر شتیشتان پێ دەکرێ، ئەدی چاوەرێی چی دەکەن، وەزع لەوە ناسکتر نابێ. هاوڵاتی بڵاوی کردەوە نوری مالیکی گوتویەتی کاتی ئەوە هاتووە دەستی هەندێ سەرکردەی کورد لەبەغدا ببرین. کوردەکان لە بەغدا میوانن. زۆر باشە فەرمون ئەی

ئەو سەرکردانەی بەشانوباڵی عێراقی نویدا هەڵتان دەدا، ئەوەتا نزیکترین کەسێك بەحساب لەکورد مالیکی بوو، چۆن دوای دروستکردنەوەی عێراق پێمان دەڵێ میوانن لەبەغدا؟ یان هەڕەشەی دەستبڕین دەکات، ئەرێ خۆ صەدام حسێنیش هەروا قسەی دەکرد. بۆچی لەم هەموو عێراقچیەتیە تێرنابن.. ئیدی بەس نەبێت پابەندبون بەشەکراوی دەوڵەتێك کە هیچ داهاتویەکی مسۆگەری بۆ کورد پێ نیە، بەڵکو ئەگەر بۆی بلوێ ئەوەی هەشمانە لێمان دەسەنێتەوە. ئیدی پێویستە ئەم رایەی ئێمە بەهەند وەربگرن کە دەڵێین بەغدا جێگای چارەسەری کێشەکان نیە، بەغدا خۆی مەکۆی کێشەکانە. راستە پێشووتر رای پێچەوانەمان دەربڕیوە گوتومانە چارەسەر لەبەغدایەو دەبێت لەوێوە مەکۆی خۆمان بەهێزبکەین. بەڵام لەکێشەی ئەمجارەی هەرێمو بەغدا دەرکەوت کورد شکستی هێناوە لەوەی بەغدا بکاتە مەکۆی چارەسەر. بۆیە هەنوکە بەغدا مەکۆی کێشەکانە.

## ئەم وشەیە مەترسیدارە

ئۆباما، بڕیاری کشانەوەی سەربازەکانی لەوادەی خۆی جێبەجێ کرد، کەیەکێك بوو لەو بەڵێنانەی لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بە خەڵکی ئەمریکای دابوو، ئەم کشانەوەیە لەئاستی جیهانیو ئیقلیمیو ناوخۆی عێراق مشتومڕی زۆری نایەوە. چونکە تەقینەوەو خوێن رشتن نەك نەوەستاوە بەڵکو زێدەتر بووەو شەپۆلێکی ترسناك سەریهەڵداوەتەوە، ئەم دەنگدانەوەیە بەتایبەت لەسەر هێزو ئامادەگی هێزە عێراقیەکان لە پاراستنی ئاسایشو ئارامی دەوڵەتی عێراق مشتومڕی زۆری لەسەرە. ئەوەی لای من زۆر جێگای ئەسەفەو ترسیشە، مەسەلەیەکی زەقە دەربارەی رەخنەگرتن لە ئۆباما، کە من نایشارمەوە لەم وتارەم لایەنگیری ئۆباماو ئەم سیاسەتەی دەکەم. بۆچی؟! واتە بەرگری لە پلانێکی ئۆباما نەوەکو بەرگری لە ئەمریکا، ئەمەیان شتێکی ترە) چونکە هیچ لۆژیکی تێدا نیە لەبەرئەوەی سوپاو پۆلیسی عێراق نالەبارەو بەتوانا نیە، یان دامەزراوەی سەربازی پتەو نیە، مەسەلەی پاشەکشەی سەربازەکانی ئەمریکا دوابخرێ، عێراق حەوت ساڵە خەریکی رێکخستنی دەزگای سەربازیو پۆلیسی خۆیەتی، بەڵام کە نەیتوانیوە خۆی بەهێز بکات لەبەر یەکتر کوشتنو تایەفەگەریو جەنگی ناوخۆیی، ئەوا ئۆباما چی بکات؟ خۆ ئۆباما نەهاتووە رەوشی ئەمنی عێراقی بەم جۆرە تێکوپێکبدات، یان جەنگی ئەمریکاو عێراق ئەم

دۆخەی رەخساندووە، کوشتن لەعێراق بەردەوامە، تەنانەت مانگی رەمەزانو جەژنی رەمەزانیش دێت، بەرۆژون بەڵام یەکتریش دەکوژن، ئەی ئێوە مادام ئەمریکاو ئۆباما بە کافر دادەنێنو رقی گەورەتان لە داگیرکەری سەربازی ئەوانە، ئەی بۆچی یەکتری دەکوژن، خۆ هەر دوو لاتان( بکوژو کوژراو) ئیسلامنو پێکەوە لەناو مزگەوت نوێژ دەکەن، پێکەوەش موزایەدەی تەواو لەسەر خاکی رافیدەین دەکەنو موژدەی گەورە گەورە فڕێدەدەنە بەردەم هاوڵاتیانی عێراق، لەبەرئەوە ناکرێ ئۆباما چاوەڕێی ئەوە بکات هەر کاتێکو هەر زەمانێك کوشتن لەم عێراقە نەما، ئینجا سەربازەکانی بکشێنێتەوە. ئەو بۆیە سەربازەکانی دەباتەوە بۆ وڵاتەکەی بۆ ئەوەی کۆتایی بەجەنگی عێراق بهێنێت. بۆ ئەوەی داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەوڵاتی عێراق نەهێڵێت، ئەوەتا خۆی دەڵێت: کۆتاییمان هێنا بە پرۆسەی ئازادی عێراقو ئیتر عێراقیەکان خۆیان حوکمرانی وڵاتی خۆیان دەکەنو تەواو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرین. ئێ دەفەرموو سەروەری خۆت رێکبخەوەو واز لەم کوشتو کوشتارە بهێنە، واز لەم هەموو جەهالەتە نامرۆڤانەیە بهێنە کە لەلولەی تفەنگەوە دەیبینی.

وشەیەکی مەترسیدار لەناوخۆی عێراقیەکان، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە کە دەڵێن باری سەربازیو سوپای عێراق هێشتا ئەوەندە بەهێز نیە کە دوای کشانەوەی ئەمریکا ئاسایشی وڵات بپارێزێت، یان دەڵێن ئێمە لەکشانەوەی ئەمریکا ترسمان نیە، چونکە هێزەکانمان هێزی پاراستنی ئاسایشی عێراقیان هەیە. تۆ سەیری ئەم حالەتە زۆر ترسناکە بکە، دەوڵەتێك لەچاوی لولەی تفەنگەوە دەڕوانێتە پاراستنی ئەمنو ئاسایش. خۆ صەدام حسێنیش بە تفەنگ عێراقی راگرتبوو ئاسایشی بەرقەرار کردبوو. ئەگەر بۆ روبەروبونەوەی تیرۆرو کوشتنو کوشتارو گەڕانەوەی ئاسایش تەنها پشت بە سوپاو هێزی چەکدار ببەسترێ، ئەوە هەر زوو دیموکراسی کەلەپچە دەکرێ، ژیان دەکەوێتەوە باوەشی جەنگ، دۆخی ژیانی دیکتاتۆرانە دەگەڕێتەوە، دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکتر کوشتنو قەتلوعام. بۆیە مەترسی دارە حکومەتی عێراق لەروانگەی سوپاو چەکەوە بیر لە پاراستنی ئاسایش و ژیانی هێمنی خەڵك بکاتەوە. خەون بینین بە دوبارە بنیادنانەوەی سوپایەکی بەهێز، جێگای مەترسیە، چونکە دیوی راستەقینەی ئەم خەون بینینە بۆ گەڕانەوەی ئاشتیو سەقامگیری ئێستای عێراق نیە، بۆ ئەوە نیە

تەنیا شەڕی قاعیدەو گروپە تیرۆریستەکانی پێ بکرێ، بەڵکو مەترسیە راستەقینەکە ئەوەیە ئەم سوپایە لە ململانێی ناوخۆی عێراق دەستی بەخوێن سور بکرێ، با سەیری رابردوی عێراق بکەین، ئایا شتی لەم جۆرە روینەداوە؟ بێگومان نەك جارێك چەند جار روویداوە، مەگەر نەمانبینی بەعسیەکان چۆن سوپایان لەدژی نەیاری رژێمەکەی ناوخۆیان بەچ شێوەیەك کردە دڕندە، لەبەرئەوەی سیاسیو سەرکردەو لایەنە عێراقیەکان بەر لەهەموو کەس پێویستە خۆیان بۆ جۆرە ترسێکی لەم جۆرە ئامادە بکەن، بەیانی ئەوان دەکەونە بەر پەلامارەکەو سەری ئەوان دەگرێتەوە، بەهەمان شێوەش خەڵکی دیموکراسی خوازو ئاشتیخوازی ئەم عێراقە ئەرکیانە رۆحی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم عێراقە پتەو بکەن، هەوڵ بدەن کولتوری دیموکراسی لەناو سیستەمی ئەم دەوڵەتە رەگی خۆی دابکوتێ، چونکە ترس لە ئایندەی ئەم عێراقە بۆ هەمومان وەکو یەکەو یەخەی گشتمان دەگرێتەوە. ئەم کاتەش مێژوو دوبارە دەبێتەوەو دەبێ چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی بەهێزی وەکو ئەمریکا بکەین بێتو سیستەمی دەسەڵاتی عێراق بگۆڕێتو داگیری بکات، ئەمەش مانای وایە لەدەرەوەی جیهانی شارستانیو دیموکراسیو مەدەنیەتو بێ جەنگی دەژین. دەبینە گاڵتەجاری دروشمەکانی خۆشمان کە زۆر لافو گەزافی پێوە لێ دەدەین.

# کوردی عێراق

کورد لەعێراقدا هەمیشە بەدوای شوناسی نەتەوەیی کوردی خۆیدا دەگەڕێتو گەڕاوە، هەموو ئەو خەباتەی کردویەتی بۆ ئەوە بوە لەناو بۆتەی ئەم دەوڵەتە نەتوێتەوەو کوردبونی خۆی لەدەست نەدات، لەوەتەی ئەم دەوڵەتە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروست بووە کورد لەشۆڕشو راپەرین نەوەستاوە، تاوەکو ئەم ساتەی ئێستا کە کیانێکی هەیە لەکوردستانەکەیو لە بەشەکەی تری عێراقیش بەشدارە لە فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتە، بەلام بەرگری کورد لە شوناسەکەیو مانەوەکەی هەروا ئاسان بەسەر کورددا تێنەپەڕیوە، بەڵکو دەیانوسەدان تراژیدیای گەورەی بەسەردا هاتووە کە سەرجەمی مرۆڤایەتی دەشێ وەکو سمبولی ئازادی گەلێك سەیری بکات.. بۆ نمونە کیمیابارانو ئەنفالو وێران کردنی نیشتمانەکەی، ئەوە جگەلە کێشەی کەرکوكو ناوچەکانی تری کوردی کە لەهەرێم دوورنو خەباتی کورد بەردەوامە بۆ گەڕانەوەیان. لێرەدا پێویستە شتێك دەربارەی کورد لە عێراقدا بڵێین لە هەلومەرجی ئێستادا، راستە ئەمڕۆ سەرۆك کۆمارو چەندین وەزارەتو شوێنی بڕیاری سەرەکی ئەم دەوڵەتە کوردن. بەڵام وەکو شوناس ئێمە هێشتا لەبەردەم هەڕەشەکاندایین، ئەوەتا بە گوێرەی دەستور زمانی کوردی دووەم زمانە، لەکوردستانەکەی عەرەبی کاری پێ دەکرێتو سەیری دادگاکانی کوردستان بکە دەبینیت ئەم هەموو نوسراوە بەزمانی عەرەبین نەوەکو کوردی، واتە کورد شان بەشانی زمانەکەی خۆی، زمانی

عەرەبیش بەکاردەهێنێت. بەڵام لەناو عەرەبەکانو ناوچەکانی تری عێراق هەر زمانی عەرەبیەو بەس، ڕەنگ بێت ئەگەر لەبەصرە یان نەجەفو موصڵو بەغداد داوای ئەوە بکەیت کە لەپاڵ زمانی عەرەبی دەبێت زمانی کوردی بخوێندرێت.؟ ئەوا لەوانەیە سەرت پان بکەنو سەدان بەڵگەشت بۆ بهێننەوە کە نابێت زمانی کوردی باسی لێوە بکرێت، بەراستی کوردی عێراق، هێشتا هیچ دڵنیایەکی جێگای باوەڕیان نیە کەخۆیان بەعێراقی بزاننو شوناسی خۆیان تەسلیم بە دامودەزگاکانو سیستەمی ئەم وڵاتە بکەن، بێگومان دروست بونی ئەو هەستەو ئەو باوەڕە لەلای تاکی کوردی نەك کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو هێجگار زەحمەتەو ڕاشم وایە کە هەرگیز ناتوانرێت شوناسی عێراقی بوون جێگای شوناسی کورد بوون بگرێتەوە، ئەگەر نەك سەرۆك کۆمارو بەڵکو هەموو بەغداد ئێمە بەڕێوەی بەرین بەهەموو حکومەتەکەشیەوە. بۆیە کورد لە عێراق ئاسان نیە دوای ئەو هەموو جەنگە خوێناویەی لەگەڵ ئەم دەوڵەتە بەدرێژایی تەمەنی ئەم دەوڵەتە ئەنجامی داوە، شوناسی کوردبونی خۆی بە ئاسانی تەسلیم بە شوناسی عێراقی بوون بکات. بۆ وێنە با سەیری بزووتنەوەی ریفراندۆم بکەین، دەبینین کە ڕێژەیەکی هێجگار کاریگەر کە پێم وایە لە ٩٨٪ بوو(ساڵی ٢٠٠٥)، کورد دەنگی بەسەربەخۆیی دا نەوەکو مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە کوردی عێراق، ناوێکی بێ ناوەڕۆکەو ئێمە کوردی کوردستانین نەوەکو عێراق. بەڵام مانەوەمان لە ناو ئەم دەوڵەتەدا بە چەسپاندنی فیدراڵیو هەبونی کیانێکی کوردی، ئەو هێزەی پێ بەخشیوین کە بەرگری توند لە شوناسی کوردبونی خۆمان بکەین. بتوانین دەنگی خۆمان بگەیەنینە جیهانی دەرەوە بەوەی کە گەلێکی جیاواز لە عەرەب لەناو عێراق دەژیو بەخواستی خۆی بێت لەم دەوڵەتە ناژیو مافی خۆیەتی چارەنوسی خۆی دیاری بکات. ئێستا کورد لە عێراقدا دەسەڵاتی بەدەستەو ناشێت بڵێین پەراوێز خراوە، بەڵام تاچەندە ئەم دەسەڵاتە بۆ بەهێزکردنی شوناسی کوردبونە، ئەوە پرسیارە سەرەکیەکەیە. واتە ئێمە مافی خۆمانە وەکو تاکێك بپرسین ئایا ئەو دەسەڵاتەی هەمانە تاچەندە خزمەت بە بەهێزبونی شوناسی کوردبونمان دەکاتو تاچەندە دەتوانین بەجیهانی دەرەوەی بسەلمێنین، کە بەڵێ نەتەوەیەکی بەهێزو زیندوینو دەتوانین خۆمان خاوەنی قەوارەی جیای خۆمان بین، من برایەتی

کوردو عەرەبم تەنها لەناو شیعرودروشمەکاندا بینیوە، لەئەرزی واقعدا شتێکی وام بە کردەوە نەبینیوە. بەڵکو ئێستا لەهەموو کات زیاتر گومان هەیە لەکوردو لە خەباتو هەوڵەکانیو رۆژ نیە نەمانکەن بە عەمیلی ئەم لاو ئەو لا. بەڵێ کوردی عێراق لەناو هاوکێشەیەکی هەستیاردایە لەم دەوڵەتە، ئەگەر کەموکورتیو گەندەڵیو پرۆسەی سیاسی خۆی بەهێز نەکات، ژیانو نەخشەی سیاسیو ئیداری خۆی بەهێز نەکات، نەتوانێت سیاسەتێکی دروست پیادە بکات، ئەوا لەوانەیە روبەروی کارەساتێك بینەوە کە بڵێین تێکچونی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٤ لەچاو ئەم شکستە هەر هیچ نیە. بۆیە ئازایەتی لەوەدایە چۆن بتوانین کوردستان بەهێز بکەینو بەدنیا بڵێین لە شوێنەکانی تری عێراق فعلەن جیاوازین. کاتێك رۆژنامەنوسێکی ئەمریکی هاتبوو بۆ عێراق، لەبەغداوە بەچەندین پارێزگای تردا گەشتی کردبوو، دوایی هاتبووە کوردستان، دوای گەڕانەوەی نوسیبوی کە چومە کوردستان وام هەست کرد چومەتە دەوڵەتێکی ترو عێراقێکی تر. ئێمە نابێت بوەستینو بڵێین ئیتر قسەی ئەم رۆژنامەنوسە یان ئەو رایە بەسمانەو ئەی ئەوە نیە چەندە گۆڕاوینو پێشکەوتوین، نەخێر. وەستانو کەمتەرخەمی وا دەکات ئەم جارە دوابکەوینو خەڵکی تر لەم دەوڵەتەدا پێشمان بکەوێتەوە...هەر بۆنمونە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیامێکی پێداین کە لەناوچەکانی تر ئەم دەوڵەتە پێشکەوتنو گۆڕانو بەرەو پێش چون هەیە، لەهەموشی گرنگتر قبوڵ کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بوو، کە بەراستی خاڵێکی پۆزەتیڤە. واتە ئێمە نابێ بوەستین، وەستانی ئێمەو کەموکورتی دیموکراسیمان کیانەکەمان بێ پشتوپەنا دەهێڵێتەوە. ئەو سۆزەی دەرهەق بە ئێمە هەیە کەمی دەکاتەوە، ئەمەش وامان لێ دەکات باجێکی قورس بدەین. کوردی عێراق لەبەردەم ئەو گۆڕانو هاوکێشەو دۆخە هەستیارەدایە، بەڵام مانای وانیە لەئاستی ناوخۆ ئەم جۆرە دۆخە، بەهیچ شێوەیەك تەنازول لە ئازادی تاکو دیموکراسیو گەشەسەندنی کۆمەڵو کرانەوە بکەین. ئەوەیان هاوکێشەیەکە ناشێ دەستکاری بکرێت. ئەگەر عێراق بڕیارە شوناسێك بێت بۆ هەموو خەڵکەکەی ناوی، ئەوا ئێمەش توشی ئەو گرفتە دەرونیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیە نابین، هەرچەندە کەسەیری رابردوی ئەم دەوڵەتە دەکەین زۆر رەش بین دەبینو دنیایەك تراژیدیا دەبینین. بەڵام کاتێك لەناو عێراقدا هەوڵ بدرێ شوناسی

ئەوی تر بەسەر بەرامبەردا فەرز بکرێت، ئەوا کارەساتەکە دەست پێ دەکاتەوە. دەستوری عێراق چەتری ژیانی هەموان بێت، مەرەکەبی سەرکاغەز نەبێت، هێزەکان نەیانەوێت لە دیدگای شوناسی خۆیانەوە جێبەجێی بکەن، ئەوا دەشێ ئاسۆکە بە گەشی سەیری بکەین، بەڵام ئەمە نەبێت، مانای وایە کارەسات بەر دەرگای ماڵی جێ نەهێشتوین. هەروا ئاسان نیە کاتێك روناکبیرە جدیەکانی کورد دەڵێن کە ئەنفال کۆتایی پێ نەهاتووەو لە پێشمانەوەیە لە دوامانەوە نیە. ئەمە هەست کردنە بە ناسینی ناسروشتی شوناسی ئەم دەوڵەتەو واقعی فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتە، بۆیە ئەو روناکبیرانە ترسیان هەیە. کورد لەعێراقدا ئەزمونی زۆریان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە هەیە، شایستەی ئەوەیە بۆ پلانەکانی داهاتوو سودی لێ وەربگرین، بزانین چۆن وانەکانی رابردوو بۆ نەخشەی داهاتوو دەکەینە پێوەری جێبەجێ کردن، چۆن بۆ داهاتوو هەنگاوی سیاسیو نەتەوەییو مەدەنی خۆمان دەهاوێژین. گرنگە رابردووی ئەم دەوڵەتەو ئێستای بەوردی لەبەرچاو بگرینو جوان شرۆڤەی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین بۆ داهاتوو چۆن پلان دادەنێین، کوردی عێراق ناوێکەو بەرگێك نیە تا هەتایە، بەڵام جارێش دیار نیە کەی دەبینە خاوەن شوناسێکی تر. خاوەن ئەزمونێکی تر..دواجار حەز دەکەم قسەی کوردێك بگێڕمەوە، کاتێك گوتی: لە سوید دەگەڕامەوە بۆ کوردستان، فەرمانبەرەکەی کە پەساپۆرتەکەو ناسنامەو شتەکانی لێ وەرگرتم، گوتی: تۆ خەڵکی کوێی؟ منیش گوتم: کوردستان. بەڵام فەرمانبەرەکە گوتی: راست ناکەی، ئەوەتا لە ناسنامەکەت نوسراوە کە عێراقی، منیش گوتم : عێراقی نیم کوردم. دواجار فەرمانبەرەکە تێگەیشتو داوای لێ بوردنی کرد، پێی گوتم: بمبورە ئەزانم ئێوەی کورد بەخواستی خۆتان نیە لەعیراقدا دەژین، هیوای ئازادیتان بۆ دەخوازم. بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا شوناسی داهاتووی ئەم دەوڵەتە دەتوانێت متمانەی ئەوەمان لا دروست بکات ئومێدمان بە عێراقی بون هەبێت؟. یاخود بترسین لە داهاتوومانو سەرکەوتنی دیموکراسیو دەستوری پێکەوەژیانێکی ئازادانە.

# مانشێتەکان هێمنمان دەکەنەوە

گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان، تەنیا لەناوخۆیدا کێشەی سەرەکیو جەوهەری نیە، بەڵکو لەگەڵ بەغداو دەوڵەتی عێراقیش، کێشەی زۆر جەوهەریو سەرەکی هەیە. بۆیە دەبینین دڵەڕاوکێی کورد بەرامبەر ساردو سڕی نێوان هەولێرو بەغدا لە بەرزبونەوەدایە. هەمیشە مانشێتەکانی ناو میدیای کوردی جەختیان لەوە دەکردەوە کە بەغدا خۆی لە دەستورو مافە بنەڕەتیەکانی کورد دەدزێتەوە، بەتایبەت کاتێك وەفدێکی تورکی یان ئێرانی سەردانی بەغدای دەکرد، یان بەپێچەوانەوە کاتێك وەفدێك لە بەغدا بەرەو ئەنکەرەو تاران دەڕۆیشت، ئەوا مەترسی کوردو دڵەراوکێیەکەی زۆر بەرزدەبۆوە. چونکە ئێمە لەمێژوودا حکایەتەکان دەزانین!. مانشێتی ناو میدیای کوردی پڕیەتی لەو جۆرە گوتارە کە ئاماژەمان پێکرد. هەمیشە باس لەوە دەکرا کە حکومەتەکەی مالیکی لەبەرامبەر دەستورو هەڵوێستی کورد نێگەتیڤە. بەڵام ئێستا مانشێتەکانی میدیای کورد لەوەتەی مالیکی هاتۆتە هەرێم، بەرەو هێمنیمان دەبەنو وای رادەگەیەنن کە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم رۆشنە. هەرچەندە هاتنی مالیکی بۆ کوردستان قسەی زۆر هەڵدەگرێ لەم کاتەدا، چونکە ئەو پیاوە هەتا نەچووە ئەمریکاو جۆ بایدنو گیتس نەهاتن، زۆر بەلایەوە

گرنگ نەبوو بێتە کوردستان، لەلایەکی تریشەوە هەتا بۆنی نزیك بونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی نەکرد، زۆر بایەخی بەم دۆسیەیە نەدەدا..
ئێستا دەشێ بپرسین ئایا مالیکی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی هاتووە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، یان هاتووە دوای ئەوەی مسۆگەرە نامێنێت لە پۆستەکەی دڵی کورد ئاشت کاتەوەو سۆزمان بۆ لای خۆی راکێشێت وەکو ئەوەی هیچی دەربارە نەکردبین. مانشێتەکان بەئارامی باسی ئەوە دەکەن کە مالیکیو حکومەتەکەی جددیە لەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بەرەو یەکلایی بونەوە بەرێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە بزانین راستیەکە لای مانشێتەکان نیە، مانشێتەکان تەنها زانیاریو هەواڵەکەیان لایە، راستیەکە لای خودی ناوەرۆکی کۆبونەوەکانو رێککەوتننامەکانە، لای نیەتی راستەقینەی سیاسەتو دڵی ئەوانە، بەکورتی راستیەك کە هێمنمان دەکاتەوە لای بەرژەوەندیەکانە، چونکە بەرەو گۆڕانی نەخشەی دەسەڵاتی سیاسیو حکومەتی عێراق دەڕۆینو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هێندەی نەماوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ مالیکی بەرەو هاوپەیمانی تازەی کوردو سۆزی تازەی کورددا بگەڕێت، لەوانەیە مالیکی بۆ ئەوە هاتبێت ئەگەر کورد نەشکاتە دۆستی داهاتووی سیاسی خۆی ئەوا لانی کەم دژایەتیشی نەکات. ئێمە ناکرێ لەو راستیە خۆمان بدزینەوە کە کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەتەنها سەردانێك چارەسەر ناکرێ، بەڵکو پلانو بڕیارو جێبەجێ کردنی دەوێت، کاتێك کورد چاوەڕوانی لە مالیکی هەیە کە گرفتەکانی چارەسەر بێت، کەچی ئەو رایگەیاند کە لەپەرلەمانی داهاتوو هاوپەیمانی نێوان کوردو شیعە بەهێزتر دەبێت. ئەو بەدوای هاوپەیمانیدا دەگەڕێت نەوەکو چارەسەری گرفتەکان، بۆیە بەهەڵە ناچین ئەگەر بڵێین مالیکی هاتۆتە هەرێم بە مەبەستی هاوپەیمانی تازەو رێککەوتنی تازە، کوردیش لەهەرێم چاوەڕێی چارەسەری گرفتەکانیەتی.
لەم لاوەش ئەمریکا رایدەگەیەنێت کە نایەوێت عێراق بەگرفتی گەورەوە جێ بهێڵێت. ئێمە سیاسەت بۆ ئەمریکا دەکەین چونکە ئەگەر گوشاری ئەوان بێت کە دەبێ هەولێرو بەغدا هێمن ببنەوە، کەواتە ئێمە خۆمان نین. بەڵکو ئەمریکا لە عێراق هەموو شتێکەو ئەوەی دەشگوترێت دەربارەی رۆڵمانو پێگەمان دوورە لەراستیەوە، ئەوکاتەی ئەمریکا پێویستی بەو دۆخە تازەیە هەبێت، ئەوا مانای وایە لەناو بازنەیەکی بەرژەوەندی تەسکی

ئەمریکیدا تەواوی عێراق دەخولێتەوە. ئەمەش لەسەر حسابی خەونی کوردە لەناو نیشتمانەکەی لە هەرێمی کوردستان. هاتنی مالیکی بۆ کوردستان مانشێتی راگەیاندنی کوردیە، پێدەچێت هەموان بە جۆرێک لەجۆرەکان جەخت لەوە بکەنەوە کە رەوشەکە بەرەو ئارامی دەڕوات، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە خوایە ئەجێندایەکی دوور لە کوردیو عێراقی لەپشت ئەو هێمنیەوە نەبێت، ئەجێندایەك کە هەردوو لا بۆ خۆی ئاراستە بکاتو بڵێ فەرمون بەو شێوەیە لەیەکتر نزیك ببنەوەو ئێستا ئەوا پێکەوە بن. ئەوە مەترسیەو بەیانی ئەگەر ئەو بەرژەوەندیە گۆڕا ئەوا دەڵێت: ئەوە هانێ پلانێکو لەیەکتر دوور بکەونەوەو پێویستە هێمن نەبن لەگەڵ یەکتر. دەخوازم ئەم تێڕوانینەم راست دەرنەچێتو داهاتوو دڵخۆشکەرو هێمن بێتو تاسەر بێت. مانشێتەکان باس لە هێمنی بارودۆخ دەکەنو ئێمەش هێشتا لە چاوەڕوانیداین.

# موعجیزەیەك بۆ عێراق

عەلـلاوی گـرێ سـەرەکیەکەی گەمەکەیـە، چونکـە لیسـتەکەی لـە هەڵبژاردنـەکان سـەرکەوتووەو بەکوردی بردویەتیـەوە. بـەڵام کـەس نایەوێت حکومەتـی بداتـە دەسـت. تەنانـەت ئـەوە خەریکـن دەشـیکوژن، بەراسـتی سـەیرە لەبری ئـەوەی پۆسـتی سـەرۆك وەزیـران وەربگرێت، کەچی خەریك بوو کفنودفنـی بکـەن. لەهەمـان کاتدادەبینیـن کـە چۆن شـیعەکان هەرگیز لەو بڕوایە نەبون توشـی گرێیەکـی لـەم جۆرە بن، لەبەرئـەوەی زۆرینـەی عێراق ئەوانـن، حکومـەت بەدەسـت ئـەوان بـوو، وە مالیکـیو هاوڕێکانـی زۆر بـە لەخـۆ دڵنیایـەوە هاتنـە نـاو پرۆسـەی هەڵبـژاردنو گومانـی ئەوەیـان نەدەکـرد پرۆسـەکە دوای راگەیاندنـی ئاکامەکانـی دەنگدانـی هاوڵاتیانـی عێـراق، بـەم جـۆرە بکـەوێتـەوە. بەجۆرێـك کـە دەسـتوری عێراقیـش توانـای چارەسـەری نیـەو هـەر لایەنـە بەگوێـرەی بەرژەوەنـدی خـۆی هانـا بـۆ دەسـتور دەبـات، بۆیـە ئـەوە دەبینیـن بەهەمـوو لایـەك خەریکـە گرێیەکـە هـەر تونـد دەکـرێ نەوەکـو خـاوی بکەنـەوە، لەراسـتیدا هـۆکاری سـەرەکی قەیرانـی دەسـەڵاتو پێکهێنانـی حکومـەت، نەبونـی بـڕوا بونـە بـە ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵاتو لەهەمـان کاتـدا تێکچونـی بەرژەوەندیـەکان، چونکـە لـە زۆر لاوە گـۆڕان دروسـت دەبێـت کاتێـك عەلـلاوی حکومـەت پێکبهێنێـت، لەپێـش هەمویانـەوە روانینـی لیسـتەکەیەتی دەربـارەی ئێـران، دەربـارەی مـاددەی ١٤٠و کـەرکـوك لەگـەڵ

هەرێمی کوردستان...ئەمەو زۆر شتی تر. بۆیە رێگریەکانی بەردەم عەلـلاوی تەنها لەناوخۆی عێراق دا نین، بەڵکو لەدەرەوەی عێراقیشەوە رێگری زۆر هەن. بەمەش زیاتر گەمەکە ئاڵۆز دەبێتو ناتوانین ئاسان گرێ کوێرەکە بکەینەوە. بەم شێوەیەش دیموکراتیزەکردنی عێراق دەچێتە سەر رێگایەکی پڕ درکو داڵی ناهەموار، زیاتر دەمامکی ئەو هێزانەش ئاشکرا دەبێت کە نەك هەر بڕوایان بە دەنگدانو دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نیە بەڵکو هەست دەکەن کە ئەم دۆخەیان بە ملدا هاتووەو هەمیشە چاوەڕێی دەرفەتێك یان بۆشاییەك دەکەن کە لێی دەرباز بن، سیاسەتو بەرنامەی خۆیان بخەنە جێگایو دیموکراسی وەکو سفرەیەکی خاڵبوویەوە بپێچنەوەو بەهەموان بڵێن ئەو سفرەیە هەر خاڵی بوو، برسیەتیمان بۆ ژیانو ئازادی تێر ناکات، ئەمەش پەلمان دەگرێ بۆ ناو دەقەکانی ئەوانو لەوێوە بڕوانینە سیاسەتو دەوڵەتو کۆمەڵگاو حکومەت. کێشەکانیش دەمێننەوە یان زۆر دەبن، ئەوا گرنگ نیە، بەڵکو شتی تر هەیە کە ئەوان بەکێشەی دەزانن وەك چۆن ئاماژەمان پێدا.

وە یەکێکی تر لە گرفتەکان کە داهاتوو دێتە رێگای حکومەتی عێراق ئەوەیە کە ئەو حکومەتە هەر لەسەرەتاوە توشی قەیرانی گەورە ببێتەوە، وەکو چۆن ئێستا لەگەڵ قەیرانی زۆر گەورە دەگوزەرێنێت، بۆنمونە ئەگەر عەلـلاوی کابینەی حکومەت دروست بکات، ئەوا لیستە شیعەکان نایەڵن سەرودڵی زۆر ئاسودە بێت، لەو لاشەوە کورد داوای گرەنتی خۆی دەکات، بەهەمان شێوە دەشکەوێتە ناو پرۆسەیەکی بەرژەوەندگەراییو هێزی ئیقلیمی، ئەمەش وادەکات عەللاویوکابینەکەی زۆر ئاسان نەتوانن ئامانجەکانی خۆیان بەدیبهێنن کە لە دروشمەکانی لیستەکەو بەرنامەکەیان زۆر جەختیان لە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆیان دەکردەوە. سەرباری ئەوەش حکومەتی داهاتوو لەگەڵ گۆڕانێکی گەورە روبەرو دەبێتەوە ئەویش کشانەوەی سوپای ئەمریکایە، بەراستی حکومەتی عێراق دەبێت زۆر بەوردیو لێپرسراویەتیەوە خۆی بۆ دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا ئامادە بکات، چونکە زۆرن ئەو بۆچونانەی کە ئاماژە بەوەدەدەن بەهۆی کشانەوەی سوپای ئەمریکا بۆشایی دروست دەبێتو زیرەکیو متمانەییو هێزی حکومەتی عێراق لەوە دەردەکەوێت کەنەیەڵێت ئەم بۆشاییانە مەترسی گەورە دروست بکەنو ببنە دەسکەلای هێزی نەیاری پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراق. عەلـلاوی بۆخۆی زۆر

چاك ئەوە دەزانێتو مالیكیش لەناو بڕیارەكاندایە لە ئەنجومەنی وەزیرانو ئاگایی تەواوی لەبەروارەكان هەیە.
یەكێك لە پەرلەمانتارە عێراقیەكان بەبێزاریەوە گوتی:» پرۆسەكە وایلێهاتووە موعجیزەی دەوێت بتوانین بگەینە رێككەوتن بۆ پێكهێنانی حكومەت».
بەڵێ حكومەت گرێیەكی توند قوڕگی گرتووەو هەموشیان توندی دەكەن نەوەكو خاوی بكەنەوەوبیر لە تەنازول بكەنەوە لەپێناو هیچ نا تەنها وەكو رێزێك لەدەنگدەری عێراقی. ئەگەر موعجیزەیەك پێویست بێت بۆ دروست كردنی حكومەت، كەواتە چەند موعجیزەی ترمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەو حكومەتە بكەوێتە سەر پێی خۆیو بتوانێت كارەكانی بەرێوەبەرێت.
پرۆسەی سیاسەت لە وڵاتێكدا وایلێبێت چاوەڕێی موعجیزەیەك بكەین بۆ ئەوەی كارەكانی بڕواتو گرفتەكانی نەمێنێت، دەبێ چی لێ چاوەڕوان بكەین كە داهاتوو سەركەوتن بەدیبهێنێتو بەسەر كێشەكانی دا زاڵ بێت. حكومەت پێویستی بە موعجیزە هەبێت، ئیتر با واز لە سیاسەت بهێنینو بۆ هەر كێشەیەك هانا بۆ بەختو فاڵ ببەین. بۆ نمونە با فاڵێك بكەین، یان بچینە سەر گۆڕی پیاوچاكێك و بپاڕێینەوە كە عەللاوی لە كەللەی شەیتان بێتە خوارو تەنازول لە پۆستی سەرۆك وەزیران بكات بۆ زۆرینەی شیعەكان.
بەهەمان شێوە كوردو ئەوانی تریش بیر لەوە بكەنەوە چۆن لەرێگای رملێكەوە سیاسەت لەگەڵ بەغداد بكەنو جێگای مافەكانی خۆیان بكەنەوە. بەراستی هۆی دروست بونی كۆمیدیای لەم جۆرە لە سیاسەتو حوكمڕانی لە عێراق بۆ لاوازی بونیادی ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە كە هەمیشە دەستی دەرەوەی خۆی رۆڵی بەهێزی هەبووە لە ئاراستەكردنی رووداوەكانی ناوخۆی، ئێستا خراپتریش لەوە ئەوەیە كە داگیركراوەو هێزێكی زەبەلاحی وەكو ئەمریكاشی هاتۆتە پاڵ، بەڵێ عێراق ئەو دەوڵەتەیە كە دەبوو هەر لەسەرەتاوە بەم تەشكیلەیە دروست نەكرابوایەو ئەو هەموو گرێیەی نەبوایە، چۆن دەكرێ ئەم میللەتە بەدرێژایی ژیانی هەروا لەناو سیاسەتو حوكمڕانی بێتو بۆنی جەنگی ناوخۆو تایەفەگەریو داگیركاری بەرۆكی بەرنەدات، وە كوردیش لەناو ئەم خەریتە ناسروشتیە لە دڵەراوكێی بەردەوامو ململانێی نەتەوەیی خۆی دا بێت، دە كەواتە دەی خودایە منیش داوای موعجیزەیەك دەكەم، كە موعجیزەیەك بێتو ئەم عێراقە هەڵوەشێنێتەوە.

## عێراق بازنەی ململانێ تازەکان

دەوڵەتی عێراق، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئەگەر لەدەرەوە کێشەی نەبووبێت، ئەوا سەدی دەر سەد لەناوخۆیدا خاوەن کێشە بووە، بەتایبەت کێشەی نەتەوەی کورد، هەر لەگەڵ دروست بونی ئەم دەوڵەتە تاوەکو ئەم چرکە ساتەش بەردەوامە، کوردیش هەرگیز نەیتوانیوە لەگەڵ رووداوەکانو پێشچونەکانی ناوچەکەدا بلوێو بڕواتو پێشکەوێت، چونکە هەمیشە کۆسپێك لەبەردەمی بووە کە عێراقە. ماوەی هەشتا ساڵە کورد لە کێشە دایە، دەیان رووداوی سیاسیو مێژوی گەورە لەم عێراقدا رویانداو ئێستا بونەتە مێژو، کەچی کێشەی کورد هەر چارەسەر نەکرا، ئێمە لەم بارەیەوە زۆرمان بینیو زۆریشمان بیستوە. بەلام ئەو گوتارەی مایەی دوبارە کردنەوەیە، ئەوەیە کە هەمیشە کێشە بەردەوامەو ململانێکان دوبارە دەبنەوە. ئێستاش ئەوەتا دەبینین کە کێشەی کورد بەردەوامە، تێ نەگەیشتن لە مێژوو ئەوەیە، هیچی تر نیە؟ چونکە مانایەکی نیە هیچ ئەزمونێك لە روخانی صەدام وەرنەگیردرێت، بیرکردنەوەکان نەگۆڕێن، کاتێك سیستەم دەگۆڕێت، ئەوە مانایەکی نیە بیرکردنەوەش نەگۆڕێت، ئەوە هاوکێشە نەگریسەکەیە لەوەی کە ئێمە بەردەوام دوبارە دەیبینینەوەو ئەنجامەکەی هەر کوشتنی منداڵو نەخوێندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکە. یەکێك لە شۆڤێنیەکان لە عەرەبی عێراق لەیەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی تیڤیدا گوتی: کورد نابێت

باسی گرفت بکات لە عێراقی تازەدا، چونکە ئەوەتا سەرۆک کۆمار کوردە، کوردەکان چی تریان دەوێت جگەلەوەی ئێستا ئەوان سەرۆکی عێراقن. من بەو هەناسەدانە سیاسیە نیگەرانم، لەبەرئەوەی بونی پۆستو دەسەڵات لە عێراق بەدەست کوردەوە بەقەدەر ئەوە گرنگ نیە کە ببینم شێوەی بیرکردنەوەی شۆڤێنیەک بگۆڕێت. بە تێگەیشتنی من گۆڕانی شێوەی بیرکردنەوەی شۆڤێنی عەرەبێکی عێراق، گرنگترە لەو دەسەڵاتو پۆستانەی کە لە دەوڵەتی عێراقدا دەدرێت بەکورد. من چی لە پۆست بکەم کە تۆ هەر بەچاوی نەتەوەی پلە دوو سەیرم بکەیت، وەلێ کوردیش هاوکاری سەرەکی دروست کردنی وێنەی خراپە لەسەر خۆی، بونی ئەم حکومەتە حزبیەو ناکۆکی کورد لەناوخۆیدا، گەندەڵیو چەندین گرفتی تری کوردستان، زۆر کۆمەکی شۆڤێنیەتی ناو عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی پشتو پەنای کورد کەم بکەنەوەو وێنەکانی کورد ناشایستە نیشانی دنیا بدرێت، ئەم دنیایەی کە ئێستا بۆتە گوندێکی بچوکو ئاسان نیە شتەکان بشاردرێنەوە.

کورد لە عێراقدا لەناوەوەی ململانێکان دایە، دەتوانم بڵێم ململانێی زۆر گرنگ لەسەر خودی کوردە لە عێراقدا، لەوەتەی حکومەتی بەعسیش روخاوە، ئیتر قسە کردنیش لەسەر ئیدارەی کوردیو ئەزمونەکەی لە کوردستان، بۆتە خاڵێکی هەرە سەرەکی لە ململانێو نەخشەی سیاسی تازەی عێراق دوای بەعس. کەس نایەوێت یاخود هەر تێناگات لە چۆنیەتی داواکانی کورد بەتایبەت داواکردنە فیدڕاڵیەکەی، دروست کردنەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدڕاڵی، گەورەترین کێشەی تازەی دەوڵەتی عێراقە، ئایا عێراق دەیەوێت چۆن بمێنێتەوە؟ دەوڵەتێک بێت لەسەر بنەمای تەوافوق بەڕێوەبچێت؟ دەوڵەتێک بێت گشت نەتەوەو تایەفەکان پەلکێشی ناوەند بکاتەوەو ناوەندگیری بەهێز ئەم دەوڵەتە بەڕێوە ببات؟ دەوڵەتێک بێت بەرەو دابەش بون لە ئایندە بڕوانێت؟ ئێستا وەکو کوردو تەنانەت هەموو عێراقیەک مافی رەوای خۆیەتی پرسیار بکات، ئایا دوای نەمانی سیستەمی حوکمرانی بەعس، عێراق دەیەوێت چۆن نەخشەی سیاسی خۆی رێکبخاتەوە، بەداخەوە کێرڤی شۆڤێنیەت لە عێراقدا بەرز بۆتەوە، ململانێی سەختی تایەفەو مەزهەبەکان عێراقی توشی چەق بەستنێکی ترسناک کردۆتەوە، عێراق خەریکە دوو رێگای دەکەوێتە بەردەم بۆ ئەوەی پێیدا بڕوات بەرەو

ئاینده، یەکێکیان بەهێزبونەوەی عەقڵیەتی پاشماوەی ناوەندگیری تاکڕەوی کە دەتوانم بڵێم شۆڤێنی لەبەرگی نیشتمانیو پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، دوەمیان بەهێزی هێزی مەزهەبیو تایەفی لەبەرگی دینی یە، ئەوانە دەیانەوێت دیموکراسی سیستەمێك بێت، خزمەت بە ئەجێندای دینیو مەزهەبی ئەوان بکات، دیموکراسی گرەوێك بێت تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پێ ببەنەوە. ئەمانە هەردووکیان بە نسبەت عێراقێکی بەهێزو مافی کوردو مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا، زۆر ترسناكو کارەسات بارن. چونکە کورد دەتوانێت بە دیموکراسیەکی راستەقینەو بە فیدراڵیو متمانە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو سیستەمی کرانەوەو دووبارە نەبونەوەی تراژیدیای دوێنێ، لە عێراقدا بژی، بێ کێشە بێتو ئیتر ململانێ خوێناویەکانی توش نەبێتەوە. بەداخەوە هەناسەی دیموکراسی لەناو قەفەسێکی تەنگەوە دێتو هێزە شۆڤێنیو هێزە مەزهەبیەکان بەم جۆرە کارکردنەی ئێستایان ناتوانن متمانەی کورد مسۆگەر بکەن بۆ ئەوەی ئاسودە بێت بە پێکەوە ژیانو مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا. لە ئێستادا کورد کەوتۆتە ناو ململانێیەکی گەرمو زۆر مەترسی دارەوە، ئەویش شەڕکردنیەتی لە پێناوی جێبەجێ کردن یاخود مانەوەی دەستوری ئێستای عێراقە، ئەوەی لە عێراق بێتو رۆژانە ئاگاداری روداوەکانو لێدوانو گرفتەکان بێت، زۆر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە ئەوانەی دژایەتی دەستوری نوسراوی عێراق دەکەنو دەیانەوێت کار بەو دەستورە نەکرێت، هەموار بکرێت، زۆر برگەو ماددەی بگۆڕدرێت، زۆر زیاترن لەو هێزانەی کەدەیانەوێت کە ئەم دەستورە جێبەجێ بکرێتو فەرامۆش نەکرێت، کورد یەکێکە لەو پێکهاتە سەرەکیانەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا بە هەموو هێزێکیەوە پشتگیری لەدەستوری عێراق دەکاتو لەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەکانیەتی، تا ئەو رادەیەی کورد مەرجی مانەوەو پابەندبونی بە دەوڵەتی عێراقەوە بەم دەستورە گرێ داوەو هەمیشە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە رێز لە دەستوری عێراق بگیردرێتو وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام نەیارەکانی دەستور ئەوانەی بە شێوەی دارشتنو ماناکانی ئەم دەستورە رازی نین، ئێستا لە عێراقدا بەهێزن، نانەوەی گرفتی گەورە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و دەسەڵاتی هەرێمەکانو زۆر شتی تری ناو ئەم دەستورە، ئەو راستیە دەردەخات. دەتوانم ئەوەش بڵێم کاتێك دژایەتی هێزەکانی تری عێراقو خۆ

دزینەوەیانو گۆڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر بە ماددەی ١٤٠، دەبینین دەگەینە ئەو راستەیەی کە دژایەتی کردنی دەستوری عێراق، هەر تەنیا لەناوخۆی عێراقدا نیە، بەڵکو هێزو دەسەڵاتی ئیقلیمیو دەرەوەی عێراقیش هەن، زۆر بە جێبەجێ کردنی ئەم دەستورە سەغڵەتنو بەهەر نرخێك بووە مەبەستیانە عێراق لەسەر ئەم دەستورە نەڕوات بەرێوە، بۆیە دەبینین کۆمەکی زۆری ئەو عێراقیانە دەکەن کە لەناو عێراقدا دژایەتی دەستور دەکەن.
بیرمان نەچێت کورد لەبەردەم جۆرە پلانو عەقڵیەتێکی تری ترسناك دایە، کە بەردەوامو بە پلانەوە کارەکانی خۆی دەرهەق بەکورد جێبەجێ دەکات، ئەویش هەوڵدانە بۆ ئەوەی شەڕی کورد لەگەڵ کورد دروست بکەن، یاخود بڵێم ناکۆکی کورد لەگەڵ کورد گەورە بکرێتو هان بدرێتو درێژبکرێتەوە، ئەگەر ئەمەش سەری نەگرت، هەوڵەکان بەجۆرێکی تر دەکەونەوە گەڕ ئەویش دروست کردنی شەڕ لە نێوان کوردو تورکمان، ئەوەی ئێستا لە کەرکوك هەیە لەناو تێگەیشتنی تورکمانەکانی نەیاری کورد زۆر بە رۆشنی ئەم گوتارە دەدۆزینەوەو دەبینین کەچۆن هەوڵی ناکۆکی جەنگ دەدرێت لە نێوان کوردو تورکماندا، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لەم مەسەلەیە کۆبکەینەوە، روداوەکانی دوای روخانی بەعس لە کەرکوکو هەڵوێستی بەرەیەکی وەکو بەرەی تورکمانیو ئەو ئەجێندایەی لەپشتی ئەم بەرەیەو ئەم گوتارانەی ئەوانیش هەیانە، بەسیەتی بۆ ئەوەی باش لەمەسەلەکە تێ بگەینو زانیاری زۆرمان دەست بکەوێت. هەوڵی تری زۆریش هەیە بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ عەرەب بکەوێتە جەنگەوەو ناکۆکی هێند گەورە دروست بن، کە مەودای گفتوگۆی نێوان کوردو عەرەب بێ کاریگەر بکەن، بێگومان ئێستاش، دڵنیام داهاتوش، هەوڵی دروست کردنی ناکۆکیو جەنگی نێوان کوردو عەرەب ئەگەرێکی زۆر زیندوەو هەمیشە بەپلانی ورد کاری بۆ دەکرێت، بەتایبەت لەسەر ئەوەی چۆن لە عێراقدا پێکەوە بژینو چۆن داهاتو نەوتو سیستەمی سیاسیو یەکتر قبوڵ کردنو زۆر شتی تر....هتد، پێناسە بکەنەوەو رێك بکەون، گرفتو ناکۆکی زۆر زەقو ئاشکرا لە نێوان کوردو عەرەبدا هەیە.
روداوەکانی کەرکوك زۆر بە راشکاوانە پێمان دەڵێت نیەتی عەرەب چیەو هەڵوێستی کورد چیە. یەکێك لەسەرکردە سیاسیەکانی کورد لەیەکێك لە دانیشتەکانی خۆیدا، گوتبوی: خوێن رشتنێکی ترمان لە بەردەم دا ماوە.

عێراق بازنەی ململانێ تازەکانی ناو هێزە عێراقیەکانە، بازنەی ناو ململانێ تازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، بازنەی ململانێ تازەکانی ناو خودی ئەمریکاو دەسەڵاتو نفوزەکەیەتی، یەکیەتی ئەوروپاش لەناو بازنەکەدایەو چەقی ململانێی تازە لە عێراقەوە دەستی پێکردووە، مەگەر دوای هاتنی ئۆباما یاخود مەککین ئیتر عێراق پێ بنێتە قۆناغێکی ترەوەو ئەجێندای ترو ململانێی ترو تەنگەژەی تر یەخەی بگرن، یاخود کورد خۆی چ حسابێکی کردوە بۆ خۆی دوای ئەوەی روداوەکانو ئاراستەی ناکۆکیەکانی ناو عێراق گۆڕانی تازە بەخۆیانەوە دەبیننو مەسەلەکان بەرەو ئاقارێکی تر دەڕۆن، کورد خۆی گرفتی ناوخۆی هەیە، کێشەی سیاسیو دەسەڵاتو خزمەتگوزاریو ئیداریو متمانەی هێزە سیاسیەکانی خۆی هەیە لەگەڵ شەقامی کوردیدا، بۆیە جێگای مەترسیە کورد بە گرفتەکانی خۆیەوە بڕواتەوە ناو دنیایەکی تری تازە لە ململانێ، بەتایبەت ئەمڕۆ دنیایەك ئەجێندای بەهێزی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق شەڕیانە، کە بەراستی کورد پێویستی بەپلانو هێزو بیرکردنەوەی ورد هەیە،بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاو لەگەڵ هەمەلایەنیو بەهێزی ئەو ئەجێندا نێودەوڵەتیانە بنێتو نەکەوێت.

ئەو گەشتە دبلۆماسیانەی کە ئەمڕۆ کورد بەرەو دەوڵەتانی ئیقلیمیوئەمریکاو ئەوروپا دەستی پێ کردووە، مانای تێگەیشتنی کوردە لەو بارودۆخەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کورد ترسی هەیە لە گۆڕانەکانی ناو عێراقو ئەو گۆڕانانەشی کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سەبارەت بە عێراق دەیگرێتە خۆی، جێگای خۆیەتی کورد ئەم ترسەی هەبێت، چونکە بێ دەنگ بونی کورد لەم بارودۆخە، دورکەوتنەوەیەتی لە چۆنیەتی گۆڕانەکانو ئاگادار بونی لە هەستی ئەو گۆڕانە، لەلایەکی تریشەوە هیچ سودێکی نیە کورد وریای ئەو روداوانەی ناوچەکەو جیهان نەبێت کە خەریکە سەریان دەرهێناوە دەربارەی عێراق، بەتایبەتی گەشتی عەرەبەکان بۆ دەوڵەتانی ناوچەکەو گەشتی تورکمانیش بۆ دەرەوەی عێراق، جێگای خۆیەتی کورد هەڵوێستەیان لەسەر بکاتو بەوردی تێبینی سەردانەکانیان بکات، ئایا ئەو گۆڕانانە چین کە عێراق چاوەڕێی دەکات، بەتایبەت دوای گۆڕانی سەرۆك لە کۆشکی سپیو هاتنی سەرۆکی تازە، روسیا قسەی خۆی هەیە، چین قسەی خۆی هەیە، فەرەنسا قسەی خۆی هەیە، بەریتانیا قسەی خۆی هەیە، ئێرانو تورکیاو سوریاش ئەوە دەیانبینین چۆن

قسە دەکەن، کەواتە دەبێت کوردیش لەم بارودۆخەدا قسەی خۆی هەبێت، ئەوەتا دەرکەوت هەموو ئەوانە لەسەر ماددەی ١٤٠ئەو قسانەیان نیە کە کوردو خەباتە رەواکەی پێویستی پێیەتی. ئەمەش ترسێك دەخاتە دڵمانەوە کەئایا جارێکی تر گورکان خواردوو ناکرێین. یەکێك لەنوسەرە رۆژئاوایەکان دەڵێت: «هەمیشە زلهێزەکانو دەوڵەتانی ناوچەکە کوردیان وەکو کارتێك لە بەر بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، هەر کاتێکیش کاریان بە کورد نەماوە، ئەوا پشتیان کردۆتەوە کوردو هەرچی لێی هاتوە بەلای ئەوانەوە کێشە نەبووە»، ئەمە قسەی ئێمە نیە، بەڵکو ئەمە قسەی نوسەرێکی خۆیانە، بۆیە کورد هەرچەندە ورد هەنگاو بنێتو زوتر خۆی رێکبخاتەوە، زۆرتر پێداگیریو گەشتی دبلۆماسی بکات، هێشتا کەمە. با نمونەیەك بهێنینەوە، بۆ نمونە سەیری ئەوە بکەو بەوردی تەماشای بکە، کاتێك کورد لە لایەنێك یاخود دەوڵەتێك یاخود هێزێکی کاریگەر نزیك دەبێتەوە، چەندین هەوڵ دەکەونە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم نزیك بونەوەیە تێك بدەنو چەندین لەمپەر دروست بکەن بۆ ئەوەی کورد لەم لایەنە دیاری کراوە نزیك نەبێتەوەو پەیوەندیەکان بە ئاراستەیەکی باش بەرێوە نەچن. ئەمە نمونەیەکی زیندوە بۆ ئەوەی بزانین دەبێت کورد چۆن سەیری دۆستەکانیو هەنگاوەکانیو ئامۆژەکان بکات. روداوەکانی ئێستای ناو عێراقو دروست کردنی کێشەکان بۆ کورد لەگەڵ ئەوانی تر حەقیقەتی ئەم نمونەیە دەسەلمێنن. کاتێك دەوڵەتێك بە شێوەیەکی ئیجابی دەرهەق بەکورد تەنانەت لێدوانێکی نارەسمیش بڵاوبکاتەوە، ئەوا نەیارەکانی کورد دەکەونە هەڵپە تەنها بۆ ئەوەی سەرجەم ئەم هەڵوێستانە بێ دەنگ بکەنو وێنەکانی کورد بشێوێنن. ئێستاش لە عێراقدا هەنگاوی ئاشکراو نهێنی هەن کە پلان بۆ بچوك کردنەوەی کوردو دەسەڵاتو ئەزمونی دادەنێن، لە هەموشی سەیرتر ئەوەیە کە هەوڵ دەدەن جۆری پەیوەندیەکانی کوردیش لەگەڵ دەرەوە قەتیس بکەنو دەست بگرن بەسەر چۆنیەتی رەفتاری کوردی لەگەڵ دۆستەکانی لەدەرەوەی عێراقدا، ئێمە زۆرمان لەم بارەیەوە گوێ لێبووە، بەلام کەممان سەبارەت بەهاوکاری کوردو کێشەکەی گوێ لێ بووە، ئایا ئەمە بۆخۆی حەقیقەتی ناسینی ئەوان نیە بۆ ئەوەی کورد هەم وێنەکانی خۆیو هەمیش ئەوانی تر وەکو خۆی بناسێت، شیاوی پرسیارە ئەگەر لە دۆستەکانو هاوپەیمانو هێزەکانی ناو عێراق پرسیار

بکەین، کە ئایا بۆچی هێندە خۆشحاڵن بەوەی کە خەریکە سوپای عێراق بەهێز دەکرێتەوە، بۆچی هێندە پێداگیری لەسەر بەهێزکردنەوەی وسوپای عێراق دەکرێت، تۆ بڵێی دیموکراسیەتو فیدراڵیەتو مەدەنیەتی ناو عێراقو نەخشە سیاسیەکەی، چ زەرورەتێکی گەورەی بەوەیە لەم کاتەداو لەم قۆناغەدا، سوپای عێراق بەهێز بکرێتەوە. بەراستی ئێمە بەهەموو شێوەیەك حەقمان هەیە پرسیار لە سوپای عێراق بکەین، هەموو جۆرە گومانێکی لێ بکەین، تەنانەت ئەگەر رەفتاری ئەم سوپایە لە رابردوو بهێنینەوە بەرچاومان، ئەوا حەقیشمانە بە سوپای خۆشمانی نەزانین. کورد ئەزمونی خوێناویو ئەنفالو کیمیابارانی هەیە لەگەل سوپای عێراق، کورد بەدەستی سوپای عێراقەوە جینۆسایدکراوە، بۆیە گرنگە کورد مەترسی خۆی لەبەرامبەر بەهێزبونەوەی سوپای عێراق، راشکاوانە بە ئەمریکاو بەریتانیاو ناوەند بڵێت، تەنانەت مەرجی خۆشی هەبێت، دەریش کەوت بونی کورد لەناو هەیکەلی ئەم سوپایە مایەی گرەنتی نیە، چونکە جوڵاندنی سوپا لە خانەقین لەم دوایەدا، راستی ئەوەی دەرخست کە سوپا بۆ کورد گرەنتیەکی نیە. یان بڵێم سوپا بۆ کورد نیەو پاراستنی یەك پارچەیی عێراقو سەروەریەکەی لەلایەن سوپاوە تەمومژاویو بێ مەترسی نیە بۆ کوردو ئایندەی کێشەکەی لە عێراقدا. ئێمە بینیمان لەناو ململانێ تازەکانی ناو عێراقدا سوپاش بەکارهاتو بوە بەشێك لە یەکلایی کردنەوەی کێشەو ململانێیەکان، بۆیە هەمیشە ئەگەری بەکارهێنانی سوپا هەیە بۆ ئەوەی ململانێی بەرامبەر کوردی پێ یەکلایی بکرێتەوە، ئەوکاتەش بێگومان خوێن دەرژێتەوەو بای بای لەدیموکراسی بکەین...شەڕی کوردو سوپا مانای شەڕی کوردو ناوەند، ئەو ناوەندەی سەغڵەتە بە دروست بونی هەرێمە فیدراڵیەکانو دەیەوێت جڵەوی عێراق هەمووی بەدەست خۆیەوە بێت، ئەمەیە نەگۆڕانی عەقڵیەتو جێ نەهێشتنی مێژوو، ئەمەیە هاوکێشە سەختەکە بۆ کورد لە ململانێکانی هەنوکەی عێراقو داهاتوەکەی، بێگومان ئەمەش سەختە چونکە یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لەگەڵ عەقڵیەتی سوپاسالاری گۆش کراو بە حکایەتەکانی جەنگ، بە بێ خوێن ناکرێت، کاتێکیش خوێن رژایەوە، تۆ بڵێی عێراق چی بەسەر بێت، کورد لە کوێدا خۆی بگرێتەوەو کێن ئەوانەی مافی رەوای کورد پێشێل ناکەنو بەرگری لەوە دەکەن لە هەموو لایەکەوە جارێکی تر دەرگاکان دانەخرێنو دەبابەکان بە ئاڵای جۆراجۆری

ئەوانی تریشەوە نەیەنەوە ناو هەرێمەکەمان، بۆ دوبارە بونەوەی جەنگو خوێن ڕشتن لە عێراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاساییە بەرگری لەم پێشبینیە بکەین، چونکە تۆ ماددەی ١٤٠ قبوڵ نەبێت، شۆڤێنیانە بیر بکەیتەوە، بڕوات بە دیموکراسی نەبێتو کار لەسەر نەتەوەبونو مەزهەبو تایەفە بکەیت، بڕوات بە دەستوری ئێستا نەبێت، بڕوات بەوە نەبێت هەردووکمان پلە یەکین، ئەی کەواتە بێجگە لە جەنگ دەبێت چیتر روو بدات، کە کورد قەت خوازیاری جەنگ نیەو نایەوێت ببێتە تەرەفی هیچ جەنگێک کە هەم لە ناوچەکەو هەمیش لە عێراقدا روبدات، ئایا کورد دەتوانێت خەباتی ئاشتیانەی درێژە پێ بداتو گەشە بە چاکسازی ناوخۆی بدات، خۆی رێک بخاتو کەلێنەکانی ناوخۆی پڕ بکاتەوە، یان جەنگێک دێتو بەر دەرگای ماڵی لێ دەگرێت.

## کوێ پایتەختی عێراقە؟

بێنە بەرچاوی خۆت، لەکوردستان لیستە براوەکان هەر یەکێکیان سەردانی وڵاتێکی دراوسێ بکاتء بەرنامەیەکء ئەجێندایەکی تایبەت بێنێتەوە؟ هەر لیستەء لەماڵی خۆی دانیشێء بە هەوای وڵاتێکی دەرەوە قسە بکات؟ ئەو کاتە بێنە بەرچاوی خۆت چی بەسەر هەولێری قوڕ بەسەر دێت؟. ئێستا بەغدادی خێر لەخۆ نەدیو هەمان شتە؟ هەڵە نیم ئەگەر بڵێم ئێستا بەغدا شتێکی باشی ماوە ئەویش ئەوەیە کە فەقیرە بەلای سیاسەت دا ناچێ؟ سەیرە سیاسەتی هەموو دنیاء دەوڵەتانی ناوچەکە پەیوەستە بە بەغدادء سیستەمی سیاسیء دەسەڵاتداریەتی ئەو وڵاتە! کەچی بەغداد هیچ سیاسەتی تێدا ناکرێ؟ ئاخر خۆ هیچی بەدەست نیە، ئەگەر شتێکیش بڵێ ئەوا لە واشنتۆنەوە، لە تارانەوە، لە ئەنقەرەوە، لە ریازەوە، لە قاهیرەوە، تەنانەت لە مۆزەمبیقء سۆماڵء پیرۆء لیتوانیاشەوە، وەلامی دەدرێتەوەء بۆی نیە قسە بکات؟ بۆی نیە دەم لە سیاسەت وەربدات، بۆی نیە بڕیار بدات. تۆ سەیر کە لەوەتەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق راگەیەنراوە، بەغداد چۆڵ بووە، لیستەکانء هێزء سەرکردەکان هەمویان لە سعودیەء ئێرانء تورکیاء میصر دێنء دەچن. بەراستی ئێستا نازانی عێراق لە کوێیەوە بەرێوەدەبرێ، لە ریازەوە یان لە تارانء واشنتۆنەوە؟ ئەوان عێراق بەرێوەدەبەنء کوردی

فەقیریش ناوێرێ شتێك بڵێ داروبەرد لێی دەكەنە هاتوهاوارء تاوانباری دەكەن كە یەكپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسیەوە. تۆ بڵێی قسە هەبێ لە یەك پارچەیی عێراق بێ تامترء بێ ماناتر؟ ئاخر عێراقیێك هیچی بەدەست نەبێء پایتەختەكەی چۆڵأء هۆڵأ بووەء سیاسەتی لێ ناكرێء بڕیارەكانی لە دەوروبەرء وڵاتانەوە بۆ دەردەچێ، تۆ بڵێی سەروەریء یەك پارچەییەكەی لەكوێوە بێت. بۆ نەگبەتیء ماڵأ وێرانی كوردیش، كورد چاوی بڕیوەتە پۆستء پایە گرنگەكانی ئەم وڵاتە، ئاخر ئەی كورد پۆستێكت بۆچیە لەوڵاتێكدا كە دەوڵەتانی تر رازی بن ئەگەر بێتء وەریبگری؟.
عەرەبەكانی دەوروبەر كە هیچ خۆشیان لە ئامادەگی ئێران نایە لە عێراق، ورگی خۆیان دڕاند ئەوەندەی دژی بونی ئێران گوشار بخەنە سەر هێزە عێراقیەكانء بەراستی هێزەكانء پێكهاتەكانی عێراقیان هاڕیوە. لەولاشەوە ئێران وەكو سێبەرێكی تۆخ بەشەوء بەرۆژ بەدوای هێزء پێكهاتەكانی عێراقەوەیەء ئاگای لەهەموو هەناسەكانی بەغدایە. ئەنقەرەش خۆی بە خاوەنی ماڵأ دەزانێتء قسەی زۆر لەخۆی گەورەتر دەكات لەسەر عێراقء پێكهاتەكانی ناو عێراق. ئەوان حەقیانە چونكە عێراق خۆی ئەوەی لە شانء شەوكەتی دەوەشێتەوە.
لەكاتێكدا بۆنی خوێنء دەنگی تەقینەوە بەهێزەكان شەقامەكانی بەغدای گرتۆتەوە، ترسء دڵەراوكێ ماڵەكانی داگیركردووە. كەچی هێزەكان خەمی ئەوەیانە كام پۆستء كام ئیمتیازە بەدەست بێنن. خەمی عێراق هێندەی لەناوەوەیە هێندە لە دەرەوە نیە، هەتاوەكو عێراقیەكان نەگەنە ئەو قەناعەتەی كە دەبێ برینەكانءناكۆكیەكان لەناوەوە چارەسەر بكرێن، ئەوا وەزعی عێراق لەوە باشتر نابێ. ئەو دەوڵەتەی هەمیشە پشت بە دەرەوە ببەستێت هەرگیز بێ گرفتء كێشەی گەورەء قوڵأ نابێت، نمونەش عێراق. گرفتەكانی عێراق لەدەرەوە چارەسەر ناكرێن، چونكە لە ٢٠٠٣ەوە بینیمان رۆژ بەرۆژ چۆن رەوشی عێراق مەترسی لەسەرەء جێگیر نەبووە. كەواتە كێشەكان لەبەغداوە چارەسەر دەكرێن نەوەكو لەشوێنێكی تر، ئەمەش بە مانای ئەوە نیە كە بڵێین عێراق دەرگاكانی خۆی دابخاتء وڵاتێك بێ بەسەر خۆیدا دابخرێ، نەخێر. ئەمڕۆ مۆدێلی ئەوە نەماوە، كە وڵاتێك بەسەر خۆیدا دابخرێ. بەڵام ئەوەی عێراقیش كارەساتە كە ئاو خواردنەوەكەشی بە بڕیاری خۆی نەبێ. ئێمەی كوردیش لەبەردەم ئەجێندای جیاوازدا دەبێ زۆر بەئاگا بین، نەوەكو خودی بەغدا بۆ ئێمە بكەنە تەڵەیەكی دانراو؟.

## عێراق جێگای گومانە

لە ساتی ئێستادا ناکۆکی لە نێوان سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا هەیە، کاتێك مالکی گوتی: پێویستە کار بە سیستەمی زۆرینەو کەمینە بکەین‌و سیاسەتی تەوافوقی لە دەسەڵات دابەش کردن نەمێنێت. ئەوا تاڵەبانی لەوەڵامدا گوتی: هێشتا عێراق پرۆسەی ئاشتیەوایی نیشتمانی تێنەپەڕاندوەو سەرکەوتوو نەبوە لە ئاشتیەوایی نیشتمانی، بۆیە پێویستە دابەش کردنی دەسەڵاتی عێراق لەسەر تەوافوق بێت. بێگومان ئەمە جیاوازیەکی ئاشکراو بە کەلەبەرە لەنێوان هەردوو سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران. نکۆڵیش لەوە ناکرێت توندوتیژی تایەفی‌و هێزەکانی ناو عێراق کێرڤی بەرزبۆتەوەو گومان لە پێکەوەبون‌و ئاشتیەوایی‌و رێککەوتنەکان دەکرێت. کە مەترسی ئەوە دەکرێت عێراق جارێکی تر بکەوێتەوە ناو گێژاوێکی سیاسی پڕ ناکۆکی‌و تەنگەژە. لەم بارەیەوە ئەگەر تەماشای هەندێ رووداوی ئێستا بکەین دەبینین ئاڵۆزیەکان‌و تەنگەژەکان دەرکەوتونەتەوە، بۆ نمونە هەوڵی لێ پێچینەوەی عەدنان دلێمی، کە راگەیاندنەکان رایانگەیاند عێراقی بەجێ هێشتووە. کاتێك لێ پێچینەوە لەگەڵ کارەکتەرێکی وەکو عەدنان دلێمی بکرێت،

مانای وایە عێراق لەبەردەم پرۆسەی سیاسی تازە دایە..دەست پێکردن بەم هەوڵە لەلایەن پەرلەمانی عێراقو بەردەوامی پرۆسەی لێ پێچینەوە، رەنگ بێت ماوەیەکی کورت نەخایەنێتو سەر بگاتە هەموو پێکهاتەکانی تری دەسەڵاتداریەتی عێراق. کەواتە داهاتوو عێراق دەبێتە شانۆی سەرهەڵدانو لەدایك بونی رووداوو پرۆسەی سیاسی تازەو هەمەلایەنەو جێگای گومان. کە دەکرێت لە ئێستاوە حسابیان لەسەر بکرێت. گومان کردنیش لە هەنگاوە سیاسیەکانی ناو عێراق زۆر شەرعیە لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، چونکە رادەی متمانە بەیەکتر ئاشکرایە کە چەندە لاوازە، لەهەموش جێگای مەترسی تر، دوبارە بونەوەی پلانو جەنگی نا دیموکراسیو نا قانونیە کە لەناواخنی بیرکردنەوەی ئەو هێزانەی عێراق بەرێوە دەبەن جێگای دەوڵەمەندی خۆی هەیە.

ئێستا گۆڕانکاریەکانیش خێرانو زوو دەگەنە سەر شانۆی نمایشەکە، بەڵام ئەوەی پەلەی ناوێت ئەوەیە چۆن ئەو گۆڕانکاریانە وەربگرین. چونکە گومان هەیە لە ئاراستەکردنی ئەو گۆڕانکاریانە. بۆیە دەبینین ناکۆکی ناو هێزە دەسەڵاتدارەکانی عێراق سەری هەڵداوەو کوردەکانو شیعەکانو سوننەکان لێدوانەکانیان ناکۆکە لەگەڵ یەکتر، راستە ئەو ناکۆکیانە تازە نینو نامۆ نین، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیە ئەوەیە کە ئێستا زۆر گەرمو راستەوخۆیە لە ناو راگەیاندنەکانو پرسەکاندا. کەواتە عێراق جێگای گومانەو دەبێت بزانین ئەم دەوڵەتە بەرەو کوێ مل دەنێت، چی پێویستە بۆ ئەوەی کولتوری سیاسی لەروی دیموکراسی ئەم دەوڵەتە دەوڵەمەند بکەینو بزانین کە پێکەوە ژیانێك هەیە، کە جێگای مەترسی نیە. ئایا ئەوە پێویستی بە کارکردنێکی زۆرنیە؟ بێگومان زۆر پێویستی بەکارکردن هەیە، بەڵام چۆن بکرێتو کێ دەیکات؟ ئەوە گومانەکەیە، وەك چۆن خودی دەوڵەتەکە خۆی جێگای گومانە.

تەقینەوەکان وامان لێ دەکات، کە گومانی خراپ لەسەر بەرەو پێشەوەچونی پرۆسەی سیاسی ئەم وڵاتە بکەین، ئەوەتا دەبینین چۆن خوێن رشتن بەرۆکی خەڵکی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە. رۆژانە هەواڵی تەقینەوەکان دەمانخاتە بەردەم ترسو دڵەراوکێ کە هێشتا هێزی مرۆڤ کوشتن لە هێزی ئازادی مرۆڤ بە هێز ترە. لەگەڵ دەنگی هەر تەقینەوەیەك لە عێراقدا، سیاسیەکانو دەسەڵاتدارەکان دێنە بەردەم راگەیاندنەکانو پێ لەسەر ئاشتیەوایی

نیشتمانی دادەگرن. ئەو کاتە دەنگی تەقینەوەکان دێت هەستی ئاشتی نیشتمانی دێتەوە بیری دەسەڵاتدارانی عێراق، بەلام کاتەکانی تر خەریکە یەکتر دەکەنە دەرەوە لەم وڵاتەو وەکو نەیارێکی دوژمنکارانە دەڕواننە یەکتر. ئەمەش ئەو هاوکێشەیەیە کە لەکاتی تەقینەوەکان دەردەکەوێت، هەرچەندە ناکرێ هەموو شتێك رەد بکەینەوە، کە ئەمڕۆ لەم دەوڵەتەدا تاقی دەکرێتەوە، بەڵام کاتێك سەیری ئەو دڕەندەییە دەکەین لە یەکتر کوشتنو تەقینەوەو ماڵ وێران کردنەی ناو عێراق، ئەوا ناچارین بیر لە دۆزەخ بکەینەوەو هەتا رادەیەکی زۆر گومانو ترس داگیرمان بکات لە ژیان بەسەربردن لە عێراق. بۆیە گومان کردن لە عێراق، دەشێت ئەو هێزە بێت کە ورەمان پێ بدات بۆ ئەوەی توند بەرگری لە مافی مرۆڤو ئازادیو جوانیەکانی خەونی داهێنانو دنیایەکی ئارام بکەین. چونکە ئازادیو مافی مرۆڤو جوانیەکان دەتوانن ئەم دەوڵەتە پتەو بەهێز بهێڵنەوە، ئەگینا چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە لەرزۆك دەبێتو ناکرێت داوام لێ بکەیت لەناو شوناسی ئەم دەوڵەتەدا بژیم. ئەوکاتە خۆم مافی خۆمە بڕیار لە مافی چارەنوسی خۆم بدەم. چونکە ژیان لەناو دۆزەخی خوێن رشتن تاکەیو من بۆچی بەدیار ئەو هەموو ژیانە پڕ گومانو دڵەڕاوکێیە بوەستم.

## ئەرێ کاتی ریفراندۆم نیە؟

عێراق تەنها وەکو جوگرافیا ماوە دابەش بێت، ئەگینا لەسەر ئاستەکانی دیکە دەوڵەتێکی یەکپارچە نیە، عەرەب وکورد دوو شوناسی جیاوازو ئامانجی ستراتیژی جیاوازیان هەیە. شیعەو سوننە نەك هەر جیاوازن بەڵکو درێغی ناکەن لەیەکتر کوشتن!. فەرهەنگی عێراقی زۆر دابەشکراو پارچە پارچەیە، ئەدەب لەبەصرەو هەولێرو بەغدا زۆری فەرقە؟ مۆسیقاو هونەرو سینەماش هەر فەرقی زۆرە. لەئاستی سیاسیش ئەوا عێراق نەك بۆتە سێ پارچەی جودا، بەڵکو زیاد لەدە پارچەشە. سیاسەتی کوردی شتێکە، تەواو جودایە لە پرۆژەی قەومیە عەرەبیە سونیەکان، وەك چۆن جوداشە لە شیعە تایەفەخوازیەکان. عێراق یەك تابلۆی نیە، لەکەربەلا و نەجەف شین وعاشوراو شەڕە زنجیرە. کورد خەریکی نەورۆزو سەیرانی بەهارە، سونە شمشێری عروبەیان بەدەستەوەیە، ئاخر عاشوراو نەورۆزو شمشێری عروبەیی کوێیان لەیەك دەچێت؟ بۆیە عێراق تەنها وەکو جوگرافیا یەك پارچەیە. حکومەتی، دامەزراوەی سوپای، دامەزراوەکانی دەوڵەت، پۆلیس، جلوبەرگی فەرمی فەرمانبەران، ئاهەنگ وبۆنەکان، هەموو شتێك لەم عێراقە زۆر جیاوازن. ئەوانەی لەسەرەوە باسیان دەکەین لەوانەیە خەڵکێك رەخنەی

زۆرمـان لێبگرێت، بەوەی بڵێت فەرەنساو ئەمریکاو سویسراو بەریتانیاش پڕ پڕن لە نەتەوەو پێکهاتەو ئاینزاو تایەفە و هەزار نەوعە بۆنەی سەیر سەیریش لەم وڵاتانە ساڵانە بەڕێوەدەچێت، منیش دەڵێم وایە بۆچونەکانتان راستە، بەڵام لەم وڵاتانە جیاواز لەعێراق ئەوەیە، سەرجەمیان بەهەموو جیاوازیەکانیەوە شوناسە گەورەکەیان ئارەزوومەندانە قبوڵەو بۆ هەموو لایەك وەکو یەکە، واتە شوناسی ئەمریکی بوون بۆ ئەمریکیەکی بەڕەچەڵەك مەکسیکی و بەریتانی وعەرەبی و جولەکە وەکو یەکە. هەمویان ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەیەکن کە ناوی ئەمریکایە. بەڵام عێراق نەك هەر شوناسێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو کێشەی گەورەی لەسەر شەرعیەتی هەبونیشی هەیە، ئەوەتا کورد ماوەی هەشتا ساڵە خوێن دەڕێژێت بۆ ئەوەی کوردستانی بێت نەوەکو عێراقی بێت.

ئێستا دوای ئەم هەموو گۆڕانکاریەی بەسەر ناوچەکەو عێراقدا هاتووە، دەبینین ئەم دەوڵەتە لەچ زەلکاوێکی قوڵ دایە، نەك بەکورد، ئەمریکاو ئەوروپاش دۆشداماون نازانن چ سیغەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی عێراقی پێ سەقامگیر بکەن ووەکو وڵاتێك بکەوێتەوە سەرپێی خۆی، بەڵام دەبینین رۆژانە پرۆژەکان فەشەل دەهێنن، بۆیە کورد ناتوانێت عێراق دروست بکاتەوە وهەموو پێکهاتەکانی ناو ئەم دەوڵەتە بگونجێنێت وکێشە قوڵەکان چارەسەر بکات. تەنانەت گوێشی لێناگیرێ. ئیدی لێرەوە کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان ودەزگا پەیوەندیدارەکان وشارەزایان وکوردستانیان بیر لەوە بکەنەوە داوا لەنەتەوەیەکگرتوەکان بکرێت، بێت و ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ کام پرۆژە دا ئەوە پەسەند بکرێت، بەتایبەت ئەگەر خەڵکی کوردستان داوای سەربەخۆیی کرد ئەوا پێیوستە نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری پێوەربگرێت. بەراستی دابەشکردنی عێراق بۆتە ئەمری واقیع وکاتی ئەوە هاتووە سنورە جوگرافیەکەش کۆتایی پێبهێنرێت. نەتەوەیەکگرتوەکان لەراپۆرتی ساڵانەی خۆی وەکو دەوڵەتێك مەترسیدار بۆ مافەکانی مرۆڤ عێراق دەناسێنێت، رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیش وەکو یەکێك لەهەرە گەندەڵترین دەوڵەتی دنیا وەسفی عێراق دەکات، رێکخراوی لێبوردن وئاشتی وتۆپی پێ ونەستەلە خواردن و کۆکاکۆلاش لە عێراق نارازین وکەس نیە دانی خێرو دامەزراوەیی بەم عێراقەدا بنێت، بۆیە زۆر گرنگە

بپرسین ئێمە عاشقی کوێی ئەم دەوڵەتە بوینەو نەتەوەیەکگرتوەکان بەدیار چیەوە دانیشتووە، بۆچی لایەك لەکوردو داوا شەرعی ومێژوویی ورەواکەی ناکرێتەوە. من دڵنیام پێش هەموو لایەك نەتەوەیەکگرتوەکان خۆی دەحەسێتەوە کە دەوڵەتێکی ناسروشتی پڕ کێشەی ئاوای لەکۆڵ دەبێتەوە، دەرودراوسێش قازانج دەکەن و لە مەترسیەکانی گۆڕەپانی ئاوەڵای عێراق وەدوور دەکەونەوە، چونکە عێراق لەوێستگەی مێژویدا تەڵەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووەو زوو یەك یەکە لەدەوڵەتە هەرێمیەکان قاچێکیان پێوەبووە، ئەمەش سوچی کەسمان نیە، بەڵکو چی بکەین چۆنیەتی دروستکردنی ئەم دەوڵەتە خۆی وای رەخساندووە زۆر لەبار بێت بۆ بابەتی لەم چەشنە. کورد وەرەقەی باشی لەبەردەستەو ئیدی پێویستە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتوەکان وزلهێزەکان ودۆست وخەڵکانی بەویژدان دەستبکات بەچالاکی لەپێناوی ئەوەی ببینە خاوەنی ئالای خۆمان لەناو ئالا فەرمیەکانی ناو بڕیاری سیاسی ودەوڵەتی لەنەخشەی جیهاندا.

## ژیان بۆتە شانۆی سیاسیەکان

بەهاری عەرەبی گورزێکی زۆر گەورەی لەپشتیوانیکردنی سونەکانی عێراق وەشاند، چونکە دەوڵەتەکانی سوننە مەزهەب وعەرەبی خاوەن شوناسی عەرەبیانە(بەحسابی عەرەب خۆی)، لەبەر روداوەکانی میسرو تونس ویەمەن ولیبیاو سوریاو رەوشی ناوخۆی سعودیە ئاگایان لە ململانێیەکانی ناو عێراق وەکو پێویست نەماوە، بەڵام لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراق، جاریکی دیکە روداوەکانی ناو عێراق دەوڵەتانی عەرەبی هێنایەوە سەر خەتی ململانێیەکانی ناوخۆی ئەم دەوڵەتە. بەڵام پێدەچێت کەسێک نەبێت فریای سونەکان بکەوێت، لەبەرئەوەی خودی رەفتاری سیاسیانەی سوننەکان لەگەڵ هاتنی ئەمریکیەکان بۆ عێراق زۆر رەتکردنەوانەو دووره پەرێزانەبوو. لەیەککاتدا سونەکان دژایەتی سەرسەختی هەبونی ئەمریکایان دەکرد لەناو عێراق، بەخوێن وئاسن و ئاگر لەجەنگن لەگەڵ شیعەکان وهیچ جۆرە پەیوەندیەکی راستگۆیانەی نیشتمانی لەگەڵ شیعەکان نیانە. لەگەڵ کورد ململانێی عروبەیی ودژواری خاك ونەتەوە دەکەن، کەرکوك ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکەی کوردستان دەکەوێتە سنوری سونەکان لەعێراقدا، ئەوان رێگری گەورەی هاتنەوەی خاکی کوردستانن. تاکە

وڵاتێك ئامێزی کراوەی بۆ سونەکان گرتبۆوە تورکیابوو. دوای ئەوەی تورکیا ڕێگای نەدا ئەمریکاو هاوپەیمانان لەتورکیاوە بەرەی باکور بکەنەوەو پەلاماری عێراق بدەن، هاوسۆزی گەورەیان لەلایەن سونەکانەوە بۆ دروست بوو. ئینجا لەبەرئەوەی کێکی دەسەڵات شیعەکان بریان، تورکیا زانی ئەمانە هاوسۆزی ئێرانن، بۆیە تاکە دەروازەی هاتنی بۆ عێراق سونەکان بوون، چونکە لەگەڵ کوردیش ئاگامان لێیەتی ڕەفتاری چۆنە، تەنانەت ئامادە نیە هەبونی کوردیش قبوڵ بکات، ئەوەشی دەشیکات ناچاری خەبات وگۆڕانی زەمانەیە. وەختێك دەمانبینی چۆن سونەکان لەیەککاتدا لەگەڵ ئەمریکیەکان وکورد وشیعەکان لەبەرەیەکی توندی ململانێدا بوون. بەڵام دوای ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە٧-٣-٢٠١٠ لەعێراق بەڕێوەچوو، لیستی عێراقیە زۆربەی هەرە زۆری سونەکانی بەهەموو بیرکردنەوەو هێز ولایەنە ناکۆك وجیاوازەکان لەخۆی کۆکردەوەو توانیان هەڵبژاردنەکان ببەنەوە. ئەوەی خەونی سونەکانی تێکشکاند یەکگرتنی لیستی دەوڵەتی یاسا مالیکی شیعەو لیستەکەی حەکیمی شیعە بوو، پێکەوە هاوپەیمانیان کردو بەرێژەیەکی زۆر لەناو پەرلەمان پێش لیستی عێراقیە کەوتنەوە. حکومەت لەدەستی شیعە مایەوە. جارێکی دیکە ناکۆکی سونەوشیعە عێراقی ئاگردا. لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئەمریکا سونەکان کەوتنە بەر پەلامارێکی سەختی سیاسی، لەتەنگەژەیەکی زۆر گەورە ئالان، کە لەتۆمەتبارکردنی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار بە کردەوەی تیرۆریستی دەستپێکرد. بینیمان ئەمجارە سونەکان زۆر شتیان گۆڕانی بەسەرداهات، وەکو گەڕانەوەی بەکۆمەڵیان بۆ لای کوردو خودی تاریق هاشمی هاتە کوردستان ولەوێ مایەوە، ئینجا لیستی عێراقیە رویان لە کوردستان کردو تەنانەت کۆبونەوەی لیستەکەشیان هەر لەکوردستان بەڕێوەبرد. ئەمجارە سونە لێدوانی ئەوەی دەدا کە کشانەوەی سوپای ئەمریکا مەترسی بۆ ئەوان دروست کردوە، یان وەکو هاوپەیمان و دۆست ناسینی کورد بەردەوام قسە دەکەن. هەموو ئەمانە گۆڕانن لە جۆری بیرکردنەوەی ئەم هێزە سیاسیە سونیانە، بۆیە کورد لەم ناوەدا پێویستی بەوەیە ئاگای لەهاوکێشەکانی داهاتووی عێراق وناوچەکە بێت، چونکە هەر یەکلاییبونەوەیەك لە سوریا، سەرەکە دەگاتە سەر ئێران، ئەوکاتە هێزێك دەکەوێتەوە سونەکانی عێراق وکێشەکان لەعێراقەوە روو لەناوخۆی

ئێران دەکەن، بیرمان نەچێت روداوەکانی هەنوکەی عێراق سێبەری ئێرانی بەسەرەوەیە. کاتێکیش دەوڵەتانی وەکو میسرو تونس ولیبیاو سوریاو یەمەن ئارامی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ سەرشەقامەکانیان ئەوا فشاری خۆیان لەسەر رەوشی عێراق دەبێت، چونکە هەمیشە سونەکان ئومێدی گەورەیان لەناو عێراق بە پشتیوانی دەوڵەتانی عەرەبی بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتی هەشتاساڵەیان لەعێراق لەساڵی ٢٠٠٣ کۆتایی پێهات. ئیدی ئەوەیە راستی عێراق، کە هەمیشە ململانێی دەسەڵات وسیاسیەکان وخوێن بووە، نەوەکو شوێنێك بۆ ژیانێکی ئاسودەو ئارام وبێ جەنگ. سیاسیەکان دێن وهەر جارە وسیناریۆیەکی تازەیان ئامادەکردوە بۆ ئەوەی هەموان خافڵگیر بکەن وئاگامان لەم هەموو ئازارە نەمێنێت کە دەرگاوپەنجەرەی ماڵەکانی عێراقی گرتووە. ئەوەیە سروشتی دەوڵەتێك ئارەزوومەندانە دروست نەبووبێت.

# ترسان لەکورد

یەکێك لە جەنەڕاڵە خانەنشین کراوەکانی دەوڵەتی تورك، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: « لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ داڕشتنەوەی رۆژهەلاتی ناوەراستو گۆڕینی سنورەکان. دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یە لە باکوری عێراق، هەر بۆیەش ئەمریکاو ئیسرائیل دەیانەوێت سەرەتا عێراق دابەش بکەن بۆ سێ هەرێمی جیاواز». قسەی ئەم جەنەڕاڵە بەمانای ئاگادارکردنەوەی تورکیایە لەمەترسی دروست بونی دەوڵەتی کوردیو هەوڵدانە بۆ ئەوەی ئەگەر لەبەرنامەو سیاسەتی ئەمریکاو ئیسرائیل شتێکی ئاوا هەبێت، ئەوا پەکی بخەن. جەنەڕاڵی تورك دەڵێت: کاتێك ئەمریکاو ئیسرائیل ئەم دەوڵەتەیان دروست کرد! ئەوا نەوتو ئاوی ناوچەکە دەخەنە ژێردەستی کورد. وە ئاماژە بەوە دەدات کە بڕی(٥٠) ملیار بەرمیل نەوتی ناوچەکە دەخاتە ژێر دەسەلاتی ئەم دەوڵەتە کوردیە. ئەمە نیشاندانی ترسێکی قوڵە بەرامبەر کوردو رقێکە لەنەتەوەیەك کە دەیەوێت لەمێژوو دانەبڕێت، نەتوێتەوە ببێت بەخاوەنی کیانێكو لەنیشتمانی خۆی بژی. جەنەڕاڵی تورك لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم دەوڵەتە کوردی یە، خاکی ئەوان دەگرێتەوەو دواجار دەست بەسەر هەردوو روباری دیجلەو فوراتدا دادەگرێت، واتە ئێمەی کورد لەتورکیا خاکمان نیەو لەوێ

ناژینو تەنها گەلێك هەیە كە گەلی توركە.، دواجار مەبەست چیە لە بەكارهێنانی دەستەواژەی دەست بەسەردا گرتنی هەر دوو روباری دیجلەو فورات! ئایا كورد ئەوەندە جێگای مەترسی ناوچەكەیە! بۆچی ئەو هەموو ترسە دەربارەی كورد. بۆ تێگەیشتن لە دروست بونی ئەم ترسە، سروشتی ناسینی سیاسەتو دەوڵەتو بیركردنەوەی ئەم دەوڵەتانە بۆ ئێمە گرنگە، بەبێ دیراسەكردنو خوێندنەوەی راستو دروست، ناتوانین گرێ كوێرەكانی دروست بونی ئەم ترسە بزانین، بۆ ئەم مەبەستە قسەیەكی روناكبیر(بەختیار عەلی) كۆمەكمان دەكات، كە لەیەكێك لەگفتوگۆكانیدا دەڵێت:» ئەخلاقیاتی دەوڵەتی تورك نیشانەیەكی گەورەی نوشوستی پرۆژەی مۆدێرنەیە لەناوچەكەدا. مۆدێرنەی ئەتاتوركی وەك مۆدێرنەی شاهەنشاهیو مۆدێرنەی بەعس، بەرۆحێكی ناسیۆنالیستانەی زۆر توندڕەووە، هاتە مەیدانەوە، لەسەد ساڵی رابردودا، هاوشان لەگەڵ لاوازبونی دەوڵەتی عوسمانی، لەخۆرهەڵاتی ئێمەدا جگەلەم رۆحە ناسیۆنالیستە توندڕەوە هیچ یاریكەرو بكەرێكی دی لەم ناوچەیەدا كاری نەكردووە.».

بێگومان لەگەڵ توندرەویەكی ناسیۆنالیستی توركو فارسوعەرەب، بوینەتە خاوەن چیرۆكو بەسەرهاتی تراژیدی. مێژووی خوێناوی ئێمە لەم جۆرە توندڕەویە بەدوور نیە، بەڵام ئێمە لەناوخۆی خۆشماندا پڕ لەحكایەتی خۆخۆریو ترسانین لەیەكتر كە دەكرێ لەجێگایەكی تردا لەبارەی ترس لەخۆمان قسەی لەبارەوە بكەین. ئێستا ئێمە لەهەرێمی كوردستانو پارچەكانی تری كوردستانیش لەگەڵ گرێ كوێرەی ترسی توركو فارسو عەرەب لە ململانێیەكی هێجگار سەختو ئاڵۆزو بێ ماناداین، لەسەردەمی كرانەوەی جیهانو ئەم هەموو گۆڕانەی روویانداوە، كەچی دەبینین عەقڵیەتی رەدكردنەوەی كورد وەكو شوناسو بونێكی جیاواز لەئەوان، زاڵە بەسەر هەوڵەكانی تردا. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، بەرەشبینی قسە لەسەر بارودۆخی ژیانی كوردو هەنگاوەكانی بكەین، ئەوەش دەبینین كە سەرۆكی كۆماری توركیا ئیعتراف بەهەبونی كێشەی كورد دەكاتو رایدەگەیەنێت بەئاشتی یانە چارەسەری دەكەینو ئەوەتا فراكسیۆنێكی كوردی لەپەرلەمانی تورك هەیە، بەلام ئەم ترسە هێشتا بونێكی گەورەو زاڵی هەیەو ئێمە ترسمان

هەیە لەوەی ئەم ترسەی ئەوان لەکورد لەدروستبونی دەرفەتێك، بە پرۆسەی خوێناویو سەربازیو پەلاماری کێشەی کورد بتەقێتەوە، کوردیش خاوەنی هێزێکی هێندە گەورە نیە بتوانێت لمووزی ئەم ترسە تێك بشکێنێت بەتایبەتی ئەگەر سەیر بکەین دەبینین زل هێزێکی وەکو ئەمریکا هەر کاتێك ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی بگۆڕێت، دەتکاتە دیاری ئەم قۆناغەو بەجێت دەهێڵێت، بۆ وەلامی ترسی تورکەکان دەربارەی هەنگاوەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل کە دەکرێ بڵێین رای جەنەراڵێك کەم بایەخ نیەو تورکەکان گرنگی پێ دەدەن. ئێمەش بەقەدەر گەورەیی ترسی تورك لە ئێمە، لە ئەمریکاو ئیسرائیلو بەریتانیاو ئەوانی تر دەترسین، واتە ئێمەش ترسێکی گەورەمان دەربارەی ئەمریکا هەیەو هەمیشەش لەناو گوتارو تەنگەژەو گرفتەکانماندا ئەم ترسە رەنگی داوەتەوە. بۆیە لەهاوکێشەی ئاڵۆزی سیاسی ناو رۆژهەلاتی ناوەراست لەچەندین جەمسەرەوە هێزو دەوڵەتو لایەنەکان ترسی گەورەیان لەیەکتر هەیەو ریشەی ئەم ترسەش لەمێژوودایەو تازە نیە. ئەمڕۆ یان سبەی جۆری ئەم ترسەو شێوەکانی دەگۆڕێن. بەڵام ناوەڕۆکی ترسەکە وەکو خۆی هەر دەمێنێتەوە. بۆیەش پلانەکانی تر دەربارەی کورد بەشێوەی تر دادەڕێژرێنەوە. ئەمەش وامان لێ دەکات کە لەناو خۆماندا هێندە بێ پرۆژەی ستراتیژی نەبینو بزانین چۆن روبەرووی ئەم واقیعە تاڵە دەبینەوە کە سنورو چوارچێوەی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆی دروست کردووین، راستە ئێمە وەکو کورد بەتەنیا ناتوانین نەخشەی ئەم رۆژهەلاتە بگۆڕین، بەلام بەهیچ شێوەیەك نابێت هەر ترسێك؟ لەخەونەکانمان تەنازولمان پێ بکات.

## ترسی شیعە، ترس لە شیعە

ساڵی (٢٠٠٣) کۆتایی دەسەڵاتی حزبی بەعس بوو لەعێراق، بۆ یەکەم جار شیعەی زۆرینە تامی کورسی دەسەڵاتیان کرد، هەژمونی سەر حکومەتو پەرلەمانو دامودەزگاکانی ئەم وڵاتە، شیعەیە. ئێستاش حکومەت ئەوان سەرۆکایەتی دەکەن. لەو کاتەوە لەمەیدانی سیاسەتو مومارەسەی دەسەڵات لە عێراقدا، کەوتووینەتە بەرداشی نێوان دوو ترس، کە لە شیعەکانەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەمیان ترسی شیعەکانە، واتە شیعەکان ترسێکی زۆریان هەیەو هەڵسوکەوتی سیاسیان بە ئاشکرا ئەم راستی یە دەردەخات، ترسی شیعەکان هەم لەناوخۆی عێراقە، هەمیش لەدەرەوەی عێراق، چونکە لەناوخۆی عێراق مەسئولیەتێکی گەورەی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەو ئەزموونێکی گەورەیان لەسەر شانە، ئەگەر لەبەصرە ئاو نەبێ هاولاتیان بیخۆنەوە، لەموصڵ ئەمنو ئاسایش نەبێ، لەبەغدا تەقینەوە گیانی خەڵك بدورێتەوە، لەکوردستان متمانە بە حکومەتی بەغدا نەبێ، گەندەڵیو بێ یاساییو تیرۆر قورگی ئەم کۆمەڵگایە بگرنو......هتد، ئەوا حکومەتی عێراقو دامودەزگاکانی تۆمەتبار دەکرێن. بێگومانیش سەرۆکایەتی ئەم حکومەتە زۆرینەی شیعەیەو پەرلەمانەکەشی زۆرینەی لە لیستی ئەوانە. ترسێکی تر بەرەی قاعیدەو گروپە یاخیو چەکدارەکانە، ئەم جەنگە

ئەوان دەخاتە بەردەم روبەڕوبونەوە، لەبەر هەردوو هۆکاری: دەسەڵاتداریەتیو وە خودی شیعە بوون. ئێمە دەزانین ئەم رێکخراوو گروپانە خۆشیان لە شیعەگەرایی نایەت. حکومەتی عێراق کە زۆرینەی بەدەست شیعەکانەوەیە، ئەرکی گەورەی لەسەر شانە لەناوخۆدا لەوانە: چۆنیەتی دروستکردنی متمانەی نێوان کوردو بەغداو ئەوانی تر، کێشەی کەرکوک، میلیشیاو سامانی سروشتیو زۆر زۆری تر...راستە لە حکومەتو دامودەزگاکاندا کوردو سوننە هەن، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر زۆرینەی ناو ئەم عێراقەیە، کە زۆرینەی دەوڵەتو حکومەتو پەرلەمانەکەی پێك دەهێنن، ئەمە ترسێکی گەورەیە بۆ شیعەکانو هەوڵی جددی دەدەن بۆ دنیا بیسەلمێنن کە ئەوان دەتوانن عێراق بەرێوەبەرن.

لەئاستی دەرەوەش گوشاری هێجگار زۆریان لەسەرە گرنگترین گوشار دەوڵەتی سعودیەو سوریاومیصرو ئوردن و ئەمریکاو ئێرانە، تورکیاش لەولاوە بوەستێ کە گرنگی بە سوننەکانو تورکمانەکان دەدات. شیعەکانی عێراق رۆژ نیە روبەڕوی تۆمەتی ئێرانی بوون نەبنەوە، روبەروی مەترسی نەبنەوە کە لەسعودیەو سوریا(سوریا لەگەڵ ئەوەی عەلەوی شیعەن بەڵام بەم تەدارەکی حوکمی ئێستای عێراق زۆر خوشحاڵ نین)و دنیای سوننەکانەوە ئاراستەیان دەکرێ. لەلایەك دەیانەوێت متمانەی ئێران لەدەست نەدەن، لەلایەکی تر دەیانەوێت پێچەوانەی هێزی ئەمریکاو سیاسەتەکانی لە عێراق نەجولێنەوە. بێگومان لە ئێستادا پاڵەپەستۆیەکی گەورە لەسەر شیعەکان هەیە. ئەوان ترسیان لەگۆڕانی هاوکێشەی عێراق هەیە، هەموو هەنگاوێکی سوننەو دراوسێکانو ئەمریکاو ئەوانی تر، دۆخێکی هەستیاریان لا دروست دەکات، ترسێکی ناوخۆی گەورەتریش لای شیعەکان پەرت بونیانە، وەکو چۆن ئێستا دەبینین بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق خاوەن یەك لیست نین، ناکۆکیان هەیە. ئەمە گوشارێکی گەورەیە کە گورز لەتایەفەگەریو ئایدۆلۆژیاو هەژمونی یەك رەهەندی دەسەڵاتیان دەدات لەجەستەی سیاسیو سەربازیو ئیداریو حکومەتی عێراق.

وەك چۆن شیعەکان ترسیان هەیە، رێك پێچەوانەی ئەوەش ترسێکی گەورە لەبەرامبەر شیعەکاندا هەیە، واتە رکابەری سەختو دژواریان هەیەو بەتەواوی مانا لەشیعەکان دەترسن. هێزی زۆر هەن لە عێراقدا بۆچونیان وایە کە ئێستا عێراق لەژێر داگیرکاری ئێران دایە دەستی تۆمەتیش بۆ

شیعەکان درێژ دەکەن، ئێستای عێراق وەکو دەوڵەتێکی مۆدێل ئێرانی سەیر دەکەنو دەڵێن بەهۆی شیعەکانەوەیە کە نفوزی ئێران لە عێراقدا زاڵە بەتایبەتی لەروی ئاینیو سەربازیو سیاسیەوە، سەرکردەیەکی ناسراوی عێراقی لەکەناڵی العربیە گوتی:» لەناو خودی سوپای عێراقدا دەستی ئێران هەیە.» وە لەروی ئابوریشیەوە دەبینین چۆن سەرجەم سنورەکانی لەگەڵ عێراق ئاوەڵایەو رەوتی بازرگانی خۆی گەشە پێ دەدات.. عێراقیەکانی دەرەوەی شیعەگەرایی هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە رۆژ بەرۆژ نفوزی ئێران لە عێراقو ناوچەکە بەرز دەبێتەوەو ئایندەی ئەوان دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە بۆ روبەروبونەوەی ئەم نفوزە یەکەم جار دەبێ لە شیعەکانی عێراق بترسن. رۆژنامەنوسێکی عەرەبی سوننە لەیەکێك لە وتارەکانیدا دەنوسێ:» عێراق پڕە لە شانەی نوستوی شیعەگەرایی» عەرەبە سوننەکان ترسیان لە شیعەکان نەشاردۆتەوە، تێریش کوشتار روویدا، پرۆسەی سیاسیش پڕ بووە لە جەمسەری ئاڵۆزی تایەفەگەری، هەوڵی دەوڵەتەکانی دەوروبەریش ئاشکرایە، بۆ نمونە دەوڵەتی سعودیە، راشکاوانە قسەی خۆیان لەسەر شیعەکانی عێراق کردو ئەم قسەکردنەش ئەوانی زۆر تووڕە کرد، تەنانەت رۆژنامەکانی سعودیە وێنەی گەورەترین کەسایەتی شیعەی عێراقیان کردە کاریکاتێری ناو لاپەڕەکانیانو وەکو جۆرێك لە ئیستفزازی بۆ هەژمونی شیعەکان گاڵتەکردنیان بەعەلی سیستانی دەست پێکرد. لەلایەکی تریشەوە گەورەترین هەوڵ لە ئارادایە بۆ ئەوەی عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی دینی بە بەرگی شیعەوە. وەکو ئەوەی کە لە ئێران هەیە. ترسی گەورە بەرامبەر شیعەکان فەلسەفەی ئاینیو سیاسیو بەرێوەبردنیانە کە دەیانەوێت عێراقی پێ بەڕێوەبەرنو پێشی کۆنترۆڵ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دەنگێکی زیندوو هەیە لەسەر ئەوەی کە داوا لە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکات بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە بەرامبەر بە عێراق، وە بەرامبەر بە کوردو کەمە ئاینیو نەتەوەییەکانی تر. بۆ نمونە داوا دەکەن کە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکەو عەرەبیەکان پشتگیری دروست کردنی سیستەمێکی عەلمانی بکەن لە عێراقدا، پشتگیری دیموکراسیو هێزە چەپو نەتەوەییەکان بکەن، چونکە ئەگەر عێراق عەلمانی، نەتەوەیی، یان دیموکراسیەکی کراوە بێ، ئەوا رێگای مۆدێلی دەوڵەتی دینی شیعەیی دەگیرێتو گورز لە فەلسەفەی سیاسیودینیو تایەفەگەری شیعەکان دەدرێت، بۆیە ئاسایی

یە ئەگەر ببینین دەوڵەتانی وەکو سعودیەو کوێتو ئوردونو سوریا تەواو پشتیوانی عەلمانیەت بکەن بۆ عێراق. لەبەر هیچ نا. تەنها بۆ لێدان لە نفوزی شیعەگەرایی. ترس لە شیعەکان لە زۆر لایەنی ترەوە هەیە بەتایبەتی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو هەمیشە دەگوترێ: دەبێ تەوافوقی سیاسیو تەوافوقی دیموکراسیو پێکهاتەکانی عێراق بپارێزرێت. لەم بارەیەوە کوردیش ناکۆك نیە، چونکە نابێت لەیادمان بچێ شیعەکان هەر بەرامبەر بە سوننە زۆرینە نین، بەڵکو بەرامبەر کوردیش زۆرینەن.

## عێراقی نوێ وەهمە

ئەو ئێوارەیەی ژەنەڕاڵ دیڤید بترایۆس، بەرپرسیاریەتی هێزەکانی ئەمریکای لە ژەنەڕاڵ جۆرج کیسی لەعێراق وەرگرت، راشکاوانە باسی لەئەرکی قورسی خۆی کرد لەعێراق و باری ئەمنی وتوندوتیژی تایەفی بە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی دانا. رایگەیاند توندوتیژی لەعێراق بەردەوام دەبێت و بەپلانە ئەمنیەکان دەبێ هەوڵ بدەین توندوتیژی تایەفەگەری چارەسەر بکەین. بەڵام جۆرج کیسی زۆر بەگەشبینی قسەی ماڵئاوایی خۆی کردو لێکدا لێکدا جەختی لەوە دەکردەوە عێراقیەکان دەتوانن بەسەر باری توندوتیژی دا سەرکەوتووبن. بەڵام دەرکەوت پێشبینیەکانی دیڤید بترایۆس راست دەرچوون. ئەم توندوتیژیانە هێندە بەردەوامن رۆژانە بەدەیان جۆر لەعێراقدا لەگەڵ بەیانیان هەواڵەکانیان دەبیستین. لەساڵی ٢٠٠٣ەوە عێراق نوقمی دەیانجۆر لەتوندوتیژی ترسناکە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت روی راستەقینەی ئەم کۆمەڵگایەی ناوی کۆمەڵگای عێراقە سەیر بکەین و بەراوردی بکەین بەقسەو لێدوان و رێککەوتنامەو مژدەو بەڵێنەکانی سیاسی وسەرکردەو بەرپرسەکانی عێراق، ئەوا هیچ زەحمەتی ناوێت ورێك

و رەوان بۆمان دەسەلمێ ئەوانەی باسمانکردن جگەلە خۆ هەڵخەڵەتاندن شتێکی دیکەیان نەکردووە. ئیدی بۆچی کۆمەڵگای عێراقی چەواشە دەکەن وبەقسەو پینەو پەڕۆو رێککەوتنامەی پڕ بێ متمانەیی بەیەکتر، یەکپارچەیی عێراق وپێکەوەژیان وسەقامگیری دەپارێزن. کەلەراستیدا عێراق جگەلە هەبوونی فەشەلی و بێ متمانەیی و توندوتیژی بەئاقارێکی دیکەی بێوەیدا ناڕوات. تا دوێنێ بوو هەواڵمان لەسەر ئەوە دەبیست سوریا چەك بە گروپە بەعسی وسونیەکان و مقاوەمەی عێراقی دەدات وکۆمەکیان دەکات. ئێرانیش بەگروپە شیعەکان. کوردیش پێویستی بەکەس نیە چونکە شوکر بۆ خوا! ماڵ نیە چەکێکی تێدا نەبێت؟؟ ئەگەر بەم شێوەیە سەیری حەقیقەتی پێکهاتەی عێراق بکەین ئەوا گومانی تێدا نیە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین ئەگەر باسی ئارامی و ناتوندوتیژی و سەرقامگیری بکەین. بێ بەختیەکی دیکەی ئەم عێراقە ئەوەیە چەندە جۆرو شێوەو رەمزی توندوتیژی زۆرو زەوەندی هەیە، بەدەیەها زیاتریش لەوە حەکیم وئەجێنداو تەگبیرکەر هەن بۆ مشورخۆری لەچارەسەرکردنی حاڵی ئەم دەوڵەتە. هەر کەسەو بەدیدی بەرژەوەندیەکانی خۆی دێت ودەیەوێت عێراق لەسەر نەخشەی ماڵی خۆی رێکبخات.

ئەمریکاو سوپاو چەکوچۆڵەکانی خاکی عێراقیان جێهێشت، چاوەڕێ دەکرا باری ناوخۆی ئەم عێراقە، ئاڵوگۆڕی باش وهێوربونەوە بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام کەسمان چاوەڕێی ئەمە نەبوین کە بەم شێوەیە قەیران لەدوای قەیران بتەقێتەوەو شەقام و شۆستەکانی بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق خوێناوی ببنەوە. لەجیاتی تەقینەوەیەك لەرۆژێکدا بە زنجیرە تەقینەوە رووبدات! ئەوەتا ئێستا دنیا خەریکی ئەوەیە کە چۆن عێراق ئارام بکەنەوە. سونەو شیعەو پێکهاتە سیاسی یەکانی ناو دەوڵەت لەیەکتر نزیك بکەنەوە. راستە هەوڵەکان زۆرن لەوانە هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی وکۆکردنەوەی ناکۆکی وقەیرانەکان پێکەوەو خاڵی کردنەوەیان لەم کۆنگرەیەدا، بەڵام دەبینین هێشتا کۆنگرەکە نەبەستراوە هێزەکان لەملاوئەولا قسەی ئەوە فڕێدەدەن کە بەشداری

ناکەن، یان رایدەگەیەنن کۆنگرەی نیشتمانی چارەسەری کێشەکانی عێراق ناکات، ئەوە هەمووی ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات ئێمە لەم دەوڵەتە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ناتوانرێت هەرگیز عێراقێکی سەقامگیری یەکپارچەی ئارام دروست بکرێ و ناکۆکیە قوڵەکانی تێبپەڕێنرێت. توندوتیژی لەعێراق لەگەڵ بونیادی دایە، لەسۆمەریەکان وبابلیەکانەوە حکایەتی توندوتیژی لەسەر ئەم خاکە هەیە تاوەکو ئێستا. بۆیە بەم فۆرمە سادەو ساکارە نیە، کەهەندێ لایەنی عێراقی وبیانیش باسی لێوە دەکەن. بۆ چارەسەری ئەم توندوتیژیانەی ناو عێراق، پێویستمان بەچارەسەری بونیادی هەیە، نەك کۆنگرەو کۆنفرانس وکۆبوونەوەی رۆژانەی سەرکردە سیاسیەکان. کێشەکانی عێراق هەر بەچەند سەرکردەیەك و کۆمەڵێ سیاسی چارەسەر ناکرێن. دەبێت چین وتوێژە گرنگەکانی کۆمەڵگا راستەوخۆ لەکێشەی وڵاتەکەیان بەردەوام بن. راو سەرنج وئاوات وتێبینیەکانیان بە هەند وەربگیردرێت. هەر چەندە رووداوەکان هێندە سەخت ودژوارو پڕ گرێوگۆڵن، وایکردووە ئومێدەوار نەبین بەهیچ یەکێك لەم پێشنیارانەی دەیکەین و دەیخەینەڕوو. لەم ناوەدا ئەوەی قوربانیەو دەپلیشێتەوە دیموکراسی و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤی عێراقی وئارامی یە. توخوا دەوڵەتێکیش دیموکراسی وئازادی و متمانەو پێکەوەژیان وکەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراو نەبێت و خاوەنی نەبێت، جگەلە هەڵوەشانەوەی بۆچی تر باشە! ئەوەتا سەیر بکەن راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی چ مەرگەساتێك لەعێراق دەخاتە روو. هیومان رایتس ووچ عێراق بەیەکێك لە ترسناکترین دەوڵەتەکانی دنیا بۆ مافی مرۆڤو ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ لەقەڵەم دەدات. لەئاستی گەندەڵی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانیش حاڵی عێراق گەلێك خراپە. ئیدی ئەی کوردو سونەو شیعە بەسیەتی خۆ هەڵخەڵەتاندن و هەرکەسەو سنوروجوگرافیاو خاکی خۆی بدەنەوەو لەنوێوە وڵاتی نوێی راستەقینە دروست بکەین لەتەنیشت یەکترو دراوسێی یەکترو دۆستی یەکتر. چیتر وەهمی عێراقی نوێ بە هاوڵاتی عێراقی و دنیا مەفرۆشنەوە، ئەوە هەشت نۆ ساڵە بەعس نەماوە، کەچی کوشتنو رفاندنو بێ متمانەییوقەیران

وبێکاری وهەژاری و بێکارەبایی وخراپی تەندروستی وچی وچی وچی....
هتد، رۆژ بەرۆژ خراپترە، ئیدی وەهمی عێراقی نوێ بەسەو لەبری ئەوە با
وڵاتی نوێی دیکە دروست بکرێت.

## گرفتی خاوەنداریەتی عێراق

ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئەمنی نێوان عێراق_ئەمریکا، یەکێکە لەگرنگترینو لەپێشترین دۆسیەو بابەتی سیاسی. نەوەکو هەر لەناو عێراق، بەڵکو بۆتە دۆسیەیەکی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی. ئیمزاکردنی ئەم رێکەوتنامەیە بەنسبەت هەندێ لایەنی ناو عێراقو دەوڵەتانی دراوسێو جیهانیش، بەسەر دوو تێگەیشتندا دابەش بووە، یەکەم: وەکو زەرەرمەندیەکی سیاسیو داهاتووی ئەمنی خۆی دەیبینێت. راشکاوانە بە عێراقیەکان دەڵێت نابێت لەبەر ئەم هۆیانەی کە زەرەر لەمن دەدەن ئێوە ئیمزای بکەن. بێگومانیش دەبێت عێراقیەکان زۆر بەئاگایەوە لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە هەڵوەستە بکەن، چونکە هەر دەوڵەتێك(دراوسێ بەتایبەت) مافی خۆیەتی ئاگای لەوردەکاری رێککەوتنی لەم جۆرە بێت، بەلام لەو گۆشەیەی کە پەیوەندی عێراقو ئەمریکا سەبارەت بە دراوسێیەکانو نەخشەو پلانو مانەوەی ئەمریکا دەربارەی ئەم دەوڵەتانە بێت. ئەگەرنا لەو شتانەی کە بابەتی نێوان خودی عێراقن لەگەڵ ئەمریکا، ئەوا جگەلە عێراقیەکان، کەسی تر مافی ئەوەی نیە رێگاوشوێنی تایبەتو فەرمانی خۆی بەسەر عێراقیەکاندا بسەپێنێت. ئەگەر دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق لەیەکێك لە ماددەو بڕگەی ئەم رێککەوتنامەیە، مەترسی دەکەوێتە سەر داهاتووی یان بەرژەوەندیو

ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوا راستەوخۆ مافی هەیە قسە لەسەر رێککەوتنامەی لەم جۆرە بکات. تێگەیشتنی دووەم: بایەخی ئەم رێککەوتنامەیە بچوک دەکاتەوە، یان بە پێچەوانەوە گەورە سەیری دەکات، یان دەیەوێت وەکو هەڵێك بیدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەزۆر لایەنی مەبەستدارەوە قسە لەسەر ئەمریکا بکات. بێگومان ئەم تێگەیشتنە بەرژەوەندیەکانی تەحەکوم بەم جۆرە تێڕوانینەوە دەکات، ئەو کاتەی سەیری روداوەکانی ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکە دەکات، بڕیاری خۆی لە بارەوە وەردەگرێت، ئەگەر بەرژەوەندیەکانی مەیسەر بوو ئەوا بە بایەخو گەورەو گرنگ دەنگی بەرز دەکاتەوە، لەسەر ئەم رێککەوتنامەیە. بەلام هەر کاتێك بەرژەوەندیەکانی شتێکی تری خواست، ئەوا بەدەستی بێت رێککەوتنامەکە دەدڕێنێت، زۆر بچوکو لاوەکی دەیەوێت رەسمی ئەم رێککەوتنامەیە بکات. بەهەر حاڵ دواجار سودو زەرەری ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنامەیە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە عێراقیەکانەوە. بەڵام بەداخەوە لەبری راگرتنی هاوسەنگی سیاسیو خوێندنەوەی بارودۆخی ئێستای عێراقو چۆنیەتی رێکخستنەوەی ئەم دەوڵەتە، ناکۆکی زۆر کەوتۆتە ناو عێراقیەکان، تەنانەت هەندێ لایەنی عێراقی بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە لەبەر ئەجێندای دەرەوەو دەوڵەتانی دراوسێ ئامادە نیە کۆك بێت لەگەڵ لایەنەکانی تر لەسەر ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنامەیە. هەر بۆ نمونە لەدیداری نێوان مالکیو نیگرۆپۆنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مالکی بە ئەمریکیەکان دەڵێت: ئێمە پابەندین بە زۆربەی خاڵو بڕگەکانی رێککەوتنامەکە، بەڵام لایەنی ئێرانی هانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەدەن کە رێگربن لەسەرگرتنی ئەم رێککەوتنامەیەو ئیمزای نەکەن. سامی عەسکەری پەرلەمانتاری عێراقی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا جەختی لەسەر ئەم مەسەلەیە کردەوە. ناکۆکی لەناو سیستەمێکی دیموکراسی سروشتی یەو هەمیشە بۆچونی جیاواز لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، ناکۆکی لەنێوان هێزولایەنەکان دروست دەکات، تا ئەو کاتەی دەگەنە ئەنجامێك لەسەر بابەتەکە. بەڵام ئەم جۆرە ناکۆکیانەی نێوان لایەنە عێراقیەکان، ناسروشتین. چونکە هەموو بۆچونەکان لەسەر رەزامەندیو نا رەزامەندی لەسەر بابەتێك بۆچونی راستەقینەی لایەنێکی دیاری کراو نین کە تەنها خۆی خاوەنی بێتو لە تێگەیشتنو لێکدانەوەکانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو دەبینین

بەرنامەو بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خەڵکی تر دێنن لە عێراقدا تاقی دەکەنەوەو تەنانەت ناکۆکیشی لەسەر دروست دەکەن. کەواتە دەشێت گومانی گەورە لە ئیرادەو بونو سەربەخۆیی ئەم لایەنانە بکەین، گومان بکەین لەهەستی خۆ بەخاوەن زانینیان دەربارەی عێراق، هێزێك خۆی بەخاوەنی عێراق بزانێت، دەبێت لەژێر رۆشنایی بەرژەوەندیو مانەوەی پێگەی عێراقو خۆیو داهاتووی عێراق بڕیار لەسەر مەسەلەکان بداتو بۆچونی خۆی دابڕێژێتەوەو ناکۆکی هەبێت. بەلای عێراقیەکانەوە ئایندەی عێراق ئەولەویەتە، یاخود ئەجێندای خەڵکانی تر. پرسیار ئەوەیە کێ دەبێت جڵەوی رووداوەکانی عێراقی بەدەستەوە بێت، کەواتە گرفت لەخاوەنداریەتی عێراق هەیە، لە روبەروبونەوەی پێشهاتی لەم جۆرەی وەکو ئێستا هاتۆتە بەردەم عێراق.

بەلام ئایا سودمەندی عێراقو گرەنتی یەکپارچەیی ئەم دەوڵەتە بەم هەموو ناکۆکی ناوخۆییو بەم هەموو تەداخولەو گرفتە نەتەوەییو تایەفیانە، تا چ رێکەوتو مێژوویەکی دیکە دەمێنێتەوە، تۆ بڵێی سەرپێی خۆی بکەوێتەوە. یان عەقڵیەتی ئێستای بەغدا کە خەون بە مەرکەزیەتی توند دەبینێت. دەتوانێت ئیدارەی مەسەلە ئاڵۆزو گرفتەکان بدات، دەتوانێت مامەڵەیەکی زیرەکانە لەگەڵ ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی عێراق_ ئەمریکا بکات، یان دەتوانێت هێزی ئەوەی هەبێت دوای ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکە زەرەری گەورە لەجەستەی دەوڵەت نەدات. ئایا دەکرێت دەوڵەتانی دراوسێ رازی بکەین بە بێ ئەوەی دڵی ئەمریکاش گەرد بگرێت، چۆن عێراق دەتوانێت بالانسی ئەم هەموو ناکۆکیە ئیقلیمیو نێودەوڵەتیانە رابگرێت، بۆیە گرنگی ئەم مەسەلەیە لەوەدایە کە عێراق خەریکی ململانێی گەورەی لەم جۆرە نەبێت، بەڵکو بەدوای چارەسەرکردنی ناکۆکیو کێشەکانی ناوخۆیەوە بێت، عێراق دەتوانێت هێزی گەورە لەناوخۆوە وەربگرێت، ئینجا ئەم هێزە لەگەڵ ئەم ململانێیانە تاقی بکاتەوە. کوردیش وەکو پێکهاتەی سەرەکی مانەوەی یەکپارچەیی عێراق، رۆڵی گەورەی هەیە لەخاوەنداریەتی عێراقو داهاتووی ئەم دەوڵەتە، بەتایبەت کورد دەتوانێت دیاری کەری شوناسی داهاتووی عێراقەوە بێت، ئەو کاتەی ئەمریکا هێزەکانی کشاندەوە، چونکە هەرێمی فیدراڵی کوردی مانای گەورەی هەیە لەسەر ئەوەی کە لەدەرەوەو لەناوکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا عێراق وەك دەوڵەتێکی

فیدراڵ بناسێنێت. ئەگەر ناوەند بەهێز بێت، هەرێم پەراوێز بخرێت واتای ئەوەیە کە کورد وەك نەتەوە مێژووی رابردووی دووبارە دەبێتەوە، ئەو کاتەش قەیرانەکان یەخەی عێراق دەگرنەوە، ئەوەیە نیگەرانی هەستی خۆ بەعێراقی زان، نەبونی هەرێمی بەهێزی فیدراڵی گوێ نەگرتن لەوانەکانی مێژوی ئەم دەوڵەتە، ئەو هەستە لای کورد دروست دەکات کە خۆی گومانی هەبێت لەوەی خاوەنی عێراقەو هاولاتیەکی عێراقی یە. بەڵکو ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە پەلکێش دەکات کە هەمیشە ترسی گەورەی لە هەنگاوەکانی ناوەند هەبێت، هەر بۆنمونە پرسی ئێستای ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی نێوان عێراقو ئەمریکا، بەتایبەت هەندێ سیاسی کوردیش نیگەرانی خۆیان هەیە لەوەی کە باسی کورد نەکراوە لەم رێککەوتنامەیە، چونکە ئەو کاتە دەبێت بپرسین کە کێ خاوەنی راستەقینەی ئەم دەوڵەتەیەو ئەوە کێ مافی ئەوەی هەیە کە داهاتوو چارەنوسی عێراق دەست نیشان بکات. ئەگەر عێراقیەکان مانای خۆ بەعێراقی زان دەزانن، ئەوا بەم بێ ئیرادەییەو بەم ناکۆکیو پەرشو بلاویە، بەم جۆرە عەقڵیەتی نادیموکراتیو شۆڤێنی یە ناتوانن ئیدیعای خاوەن داریەتی راستەقینەی ئەم دەوڵەتە بکەن، وە رێگاش خۆش دەکەن هەمیشە پەشێوی لەسەر شەقامەکانی ئەم دەوڵەتە زیندوو بێت، ئیتر ئەگەر هەر بەم شێوەیە بێت تۆ بڵێی (جۆزیف بایدن)و پرۆژەکەی لەم وەزعە دڵەراوکێمان بەلایەکدا نەخات!.

ئێستا دوای ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکەش بارودۆخی سیاسی عێراقو سیاسەتی ئەمریکیەکان پەشێوە، بەتایبەت لەسەر پرسی مانەوەو نەمانەوەی ئەمریکیەکان لە عێراقدا، کاتێکیش سەرۆکی ئەمریکا هاتە عێراق بۆ ئەوەی دواهەمین سەردانی بۆ ئەم ولاتە بکاتو باسێك دەربارەی کشانەوەی سەربازەکانیان لەگەڵ عێراقیەکان تاوتوێ بکات، ئەوا بینیمان چۆن بە روداوی پێلاوەکە مەسەلەکان خرانە روو؟ چونکە بەلای ئەمریکیەکانو عێراقو جیهانەوە روداوی پێلاوەکەی ئاراستەی بوش کرا، مانای جیاوازو زەقیشی هەیە، ئیتر ئەوەیە عێراقو، بەم جۆرەش دەیانەوێت هەر بڵێن بەرەو دیموکراتیزەکردنو ئاشتیەوایی، کە ئێمە وا بیردەکەینەوە رۆژێك لەکۆڵ ئەم مارە برپە بەزۆرەی ئەم چوارچێوەیە ببینەوە، بەلام چۆنو کێ؟ کەی؟ وە ئایا خۆشمان دەتوانین راپیگرینو گەشەی پێ بدەین، یاخود نامانەوێت خاوەن ماڵی خۆمان بینو هەر بەناوی پێکەوەژیانەوە ئیدیعای خاوەنداریەتی

دەوڵەتێك بكەین، كە لە هەموو كات ئێستا بێ سەرەوبەرەترە. دەشێت بەم هەموو خراپیو بێ سەرەوبەرەیەوە هەستی خۆ بەخاوەن زانین بەهێز بێت، ئەمە قورسە بەنسبەت هەستێك كە ئیتر نایەوێت چیتر ئەم رەوشە درێژە بكێشێت.